# لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا یەکەم زەنگی ساڵی نوێی خوێندنی 2019- 2020 لێدرا


تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5832) یەک شەممە 22ی ئەیلوول 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار


دوێنێ شەممە 2019/9/21 لە سەرتاسەری شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستاندا یەکەم زەنگی ساڵی نوێی خوێندنی 2019-2020 لێدرا. هاوشێوەی ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، لە شاری خانەقینیش، بە هەڵکردنی ئالای کوردستان، زەنگی ساڵی نوێی خوێندن لێدرا. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

## کەرکووک بە ڕەوشێکی نادەستووری و فەوزادا تێدەپەڕێت

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، دانوستانەکانی هەرێم و بەغدا بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک بەردەوامن. دەشڵێ، ئەوەی لە کەرکووک ڕوو دەدات پێچەوانەی دەستوورە و پارێزگاری سەپێندراو ناسنامە بە عەرەبی هاورده دەدات. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



## سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات

ڕۆژی پێنجشەممە 19ی9ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە محەمەد ئەلحەلبووسی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و شاندێکی یاوەری کرد. لە دیدارەکەدا کە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئامادەی بوو، باروودۆخی سیاسیی عێراق و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا تاوتوێ کرا.

هەر لەو دیدارەدا جەخت لە سوودوەرگرتن لەو ئاراستە و کەشە ئیجابییە کرایەوە کە لە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا هاتووەتە ئاراوە. ئەویش لەپێناو چارەسەرکردنی بنەڕەتیی کێشە و گرفتەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و، لەژێر ڕۆشنایی دەستووری عێراقدا. بۆ ئەو مەبەستەیش تەئکید لە بەردەوامیی پەیوەندیی و ڕاوێژی هەردوولا کرایەوە.



## نێچیرڤان بارزانی: بەهێزترین و کاریگەرترین سەرچاوەی سروشتی خودی مرۆڤ و مێشک و بیرکردنەوەیەتی

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە 2019/9/19 بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەروەها بەڕێزان محەمەد حەلبووسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دکتۆر بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ماتیوو تیوولەر باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق، پەرلەمانتارانی کوردستان و عێراق و بەرپرسانی سیاسی و ئیداری و نوێنەر و کونسوڵی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان، ڕێوڕەسمی دەرچووانی یەکەم خولی قوتابیانی زانکۆی ئەمەریکی کوردستان لە پارێزگای دهۆک بەڕێوەچوو.

**(دەقی وتەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ل3 بخوێنەوە)**

## سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زەنگی ساڵی نوێی خوێندنی لێدا




بە چاودێری و ئامادەبوونی، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوێنێ شەممە لە یەکێک لە قوتابخانەکانی شاری دهۆک زەنگی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندنی 2019-2020 لێدرا. لە مەراسیمێکدا کە ئالان حەمە سەعیدی وەزیری پەروەردە ئاماژەی بوو، سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بە گرنگیی پەروەردە و فێرکردن دا و ڕاشیگەیاند کە گرنگیدانی زیاتر بە پەروەردە و فێرکردن لە کارە هەرە لە پێشینەکانی حکوومەتە بۆ بیناکردنی کۆمەڵگایەکی وشیار و خوێندەوار.

هەروەها گوتی "هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن لە قوتابخانەکانمان بەتایبەت لە قوتابخانە حکوومییەکان، کە لەگەڵ پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژییەکانی سەردەم بگونجێت". **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

### مەحموود محەمەد:

## دەبێت ڕاگەیاندن پێشەنگیی خۆی بسەلمێنێت لە هۆشیارکردنەوەی تاکی کورد لەسەرجەم کایە و بوارەکاندا

مەحموود محەمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە یەکەمین فێستیڤاڵی خانی، کە دوێنێ شەممە لە شاری دهۆک بەڕێوەچوو، لە وتارێکدا ڕایگەیاند، داوا دەکەین سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکاران جەخت لە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە بەها نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بکەنەوە. **(دەقی وتارەکە لە ل5 بخوێنەوە)**

## هەولێر.. دەزگای خێرخوازیی بارزانی کۆنفرانسی پێکەوەژیان لە دوای داعش سازدەکات

دوێنێ لە شاری هەولێر دەزگای خێرخوازیی بارزانی کۆنفرانسێکی بە ناوی پێکەوەژیان لە دوای داعش لە عێراقدا ساز کرد. کۆنفرانسەکە لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵڵا دەستی بەکارەکانی خۆی کرد و تێیدا گفتوگۆ لەبارەی مەترسییەکانی داعش دەکرێت. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



## دۆنالد ترەمپ

## سەپاندنی سزای بەسەر بانکی نیشتمانیی ئێران ڕاگەیاند

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ ڕایگەیاند کە سزای بەسەر بانکی نیشتمانیی ئێراندا سەپاندووە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

## دهۆک.. لە فیستیڤاڵی ترێ 60 جۆر ترێی نایاب نمایشکرا

بە بەشداریی 33جووتیاری سنووری پارێزگای دهۆک و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حکوومیی و حزبی سێزدەمین فێستیڤاڵی ترێ بە نماییشکردنی زیاتر لە 60جۆر ترێ بەڕێوەچوو. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**





### قەڵای هەولێر و پەرستگای لالشیش تێدایە


## ئەمەریکا 4 میلۆن دۆلاری بۆ ژمارەیەک ناوچەی شوێنەواری لە عێراق تەرخان کردووە

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا ڕایگەیاند کە چوار ملیۆن دۆلاری بە ئامانجی نۆژەنکردنەوەی ژمارەیەک ناوچەی شوێنەواری لە عێراق تەرخان کردووە لەوانە، دەروازەکانی عەشتار و بادینان لەگەڵ کلێسای مار گۆرگیس هەروەها پەرستگای لالش، گۆڕی پێغەمبەر ناحوم و قەڵای هەولێر. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



# سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق دەکات

دوێنێ شەمە 21ی9ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە نەسیر ئەلعانی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق کرد. لە دیدارەکەدا بیروڕا لەبارەی بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە و پرۆسەی سیاسیی عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ئالۆگۆڕ کرا.



# نێچیرڤان بارزانی و حەلبووسی دۆخی عێراق تاوتوێ دەکەن

بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و محەمەد ئەلحەلبووسی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراقیان تاوتوێ کرد و جەختیان لە پاراستنی ئارامیی سیاسی و سەقامگیریی ئەمنیی عێراق و گرنگیی بەردەوامیی دیالۆگی هەولێر و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا کردەوە.

لە کۆبوونەوەیەکدا نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەمە 2019/9/19 لە هەولێر، هەردوولا کاری پەرلەمانی و یاسادانان و بابەتی بودجەی گشتیی ساڵی داهاتووی عێراق و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی شوێنە زیانبەرکەوتووەکانی شەڕی تیرۆریان خستە باس و تیشکیان خستە سەر دۆخی ئاوارە عێراقییەکان لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان و داهاتوویان و چۆنیەتیی گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانیان.

پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان و پێشهاتە سیاسی و ئەمنییەکان و دۆخی ناوچەکە بەگشتی، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بوو.

# سەرۆک بارزانی چل و نۆیەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان پیرۆز دەکات

بە بۆنەی چل و نۆیەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان، سەرۆک بارزانی لە پەیامێکدا پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان و مامۆستایان و هەموو گەورە زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان دەکات. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

**بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان**

بەبۆنەی چل و نۆیەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان، پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان و مامۆستایان و هەموو گەورە زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان دەکەم.

دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان لەسەر دەستی جەنابی بارزانیی نەمر هەنگاوێکی کاریگەر بوو بۆ یەکخستن و پەرەپێدانی ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی لە شۆڕش و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵک و پتەوکردنی بنەماکانی پێکەوەژیان و خواناسی لە کوردستان. مامۆستایانی ئایینی لە هەموو قۆناغەکاندا ئەو ڕۆڵەیان زۆر بە شاییستەیی گێڕاوە و ئەرک و ماندووبوونیان جێگەی ڕێزی هەموو لایەکە.

پێزانینم هەیە بۆ هەڵوێست و ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینیی بەڕێزی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی هزری تووندڕۆیی و گومڕایی و ، هەروەها پاڵپشتیکردنی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان و دەستخۆشییان لێ دەکەم.

لەو بۆنەیەدا هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو مامۆستا و گەورە زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان دەخوازم و خودای مەزن پشت و پەنای هەموومان بێت.

**مسعود بارزانی**
**21ی 9ی2019**

# سەرۆک بارزانی: لە ئەرکە بەراییەکانی کابینەی نۆیەم گرنگیدانە بە کەرتی خوێندن و پەروەردە



مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی بۆردی ئەمینداریی زانکۆی ئەمەریکی کوردستان لە دهۆک، لە یەکەم ئاهەنگی دەرچوونی خولی یەکەمی زانکۆکە وتارێکی پێشکەشکرد. لە وتارەکەیدا مەسرور بارزانی، گوتی: خۆشحاڵم وەکو دەرچوویەکی زانکۆی ئەمەریکی لێرەدا بەشدار دەبم، لە ماوەی 5 ساڵی ڕابردوو زانکۆکە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە و بووەتە هیوای نەوەکانمان".

هاوکات، سوپاسی سەرۆکی زانکۆکەی کرد و ڕایگەیاند، لە بارودۆخێکی سەخت توانی گرنگی بە پێشخستنی زانکۆ و پرۆسەی خوێندن و پێگەیاندنی نەوەکانی ئێمە بدات.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاسی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشی کرد و گوتی: سوپاسی برای بەڕێزم، نێچیرڤان بارزانی دەکەم، کاتێک سەرۆک وەزیران بوو پشتگیری خوێندنی باڵا کراوە. مەسرور بارزانی، سوپاسی سەرۆک بارزانیشی کرد، کە لە کاتێکی سەختدا سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانی کرد و لە سایەی خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانی ئەودا، نەوەکانی ئێمە پێگەیشتوون.

سەرۆک وەزیران ئاماژەی بەوەش کرد، زانکۆکە لە ماوەیەکی کەمدا پێشکەوتنی زۆری بە خۆیەوە بینیوە و ئێستا 645 قوتابی هەیە.

دووپاتیشیکردەوە یەکێک لە ئەرکەکانی حکوومەت لە کارنامەی کابینەی نۆیەم، گرنگیدانە بە کەرتی خوێندنی باڵا و بەرزکردنەوەی ئاستی تۆێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان و گرنگی تایبەت بە پێشخستنی ئەو کەرتە دەدەن.

بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانەش، پەیوەستە بە باشبوونی ڕەوشی ئابووری و هیوای خواست کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی عێراق لەسەر بنەمای دەستوور چارەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی حکوومەتی هەرێم بتوانێت خزمەتێکی باشتر پێشکەش بە هاوواڵتیان بکات.

**ئەمەش دەقی وتەکانی بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە:**

بڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێما کوردستانێ بڕێز محەمەد حەلبوسی سەرۆکێ جڤاتا نوێنەرێن عێراقێ

بڕێز ماتیۆ تولە بالیۆزێ ئەمەریکا ل عێراقێ

بەرپرسێن سیاسی و سەربازی وئیداری و جڤاکی

ودیپلوماتکارێن هێژا

ئامادەبوویێن هێژا

قوتابی و مامۆستایێن خۆشتڤی

درچوویێن هێژا، بێن زانکۆیا ئەمەریکی و کەس وکارێن وان بێن بڕێز

ب خێر بهێن و گەلەک سوپاس ژ بۆ بەرهڤبوونا وە.

ئەز گەلەک یێ بەختەوەرم کو ئەزیش وەکی دەرچوویەکی زانکۆیا ئەمەریکی لڤێرە ئامادەبووم و ل گەل وە دڤێ هەلکەفتیدا یێ بەشدارم.

ئەز گەلەک شانازیێ دکەم کو زانکۆیا ئەمەریکی ل دهۆکێ ل دەمێ پێنج ساڵێن بۆری، پێشکەفتنەکا باش بخوڤە دیتی یە و جهێ ئومێدێ یە بۆ نەڤیێن مە.

لڤێرە، ب پێدڤی دزانم سوپاسەکا تایبەتا رابەرێ مە جەنابێ سەرۆک مەسعود بارزانی بکەم ژبۆ پاراستن و سەرکردایەتیکرنا کوردستانێ ب تایبەتی ل ڕۆژێن دژواردا کو ل سایا تێکۆشان و قوربانیدانا وی، نقشێن مە پاشەڕۆژەکا سەقامگیر یا هەی. سوپاس ژ بۆ برایێ منێ بڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکێ هەرێمێ کو ل دەمێ سەرۆکایەتیکرنا حکومەتێ، بایەخەکێ باش ب پرۆسەیا خواندنێ دا.

سوپاس بۆ پێشمەرگە و دەزگەهێن ئاسایشێ کو کوردستان پاراستی یە.

سوپاس بۆ سەرۆک و ڕاگر و مامۆستا و تەڤایا ستافێ زانکۆیا ئەمەریکی یا کوردستانێ ل دهۆکێ.

سوپاس بۆ مالبات و کەسوکارێن قوتابیان.

سوپاس بۆ هەموو وان لایەنان یێن هەڤکاری و هاریکاریا بەرەڤ پێشڤەچوون و گەشەکرنا ڤێ زانکۆیێ داین کو ئەڤڕۆ نزیکی شەش سەد قوتابی و 135ستاف و کارمەند هەنە.

ئامادەبوویێن بڕێز:

ل کابینەیا نەهێ یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ، ئێک ژ کارێن بەراهیێ یێن کارنامەیا حکومەتێ گرنگیدانە ب خوەندن و پەروەردەیێ. بایەخدان ب خوەندنا بلند و ڤەکۆلینێن زانستی و پێشڤەبرنا ئاستێ زانستی یێ زانکۆ یێن مەیە. بێگومان، بجهئینانا ئەڤان ئەرکانژی یا هەڤبەندە ب باشبوونا ڕەوشا ئابووری کو هیڤیدارم کێشەیێن مە لگەل حکوومەتا فیدراڵ ل سەر بنەمایێ جێبەجێکرنا دستووری چارەسەر بێن داکو حکومەتا هەرێما کوردستانێ بشێت ب ڕەنگەکێ باشتر خزمەتگوزاریان پێشکێشی هەڤوڵاتیێن هەرێما کوردستانێ بکەت.

ل دوومایین، من دڤێت پەیڤا خۆ ئاراستەی قوتابیێن دەرچوویێن ئەڤڕۆ بکەم: مە ئەڤ زانکۆیە بۆ هەوە یا دامەزراندی داکو ببنە سەرکردەیێن پاشەڕۆژا کوردستانێ ل بوارێن جوداجودا یێن ژیانێ.

هیڤیدارم ئەم هەموو بەشدار ب بین ل ئاڤاکرنا کوردستانەکا بهێز.

# پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

## بۆ یادی دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان

بە بۆنەی چل و نۆهەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستانەوە، بە گەرمی پیرۆزبایی لە بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و ئەنجومەنی ناوەندیی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان و سەرجەم مامۆستایان و زانایانی بەڕێزی ئایینی ئیسلامیی کوردستان دەکەین کە ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لە پتەوکردنی بنەماکانی پێکەوەژیان و کولتووری لێبوردەیی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ڕێگریکردن لە گەشەکردنی بیری تووندڕەوی لە کوردستان. بە چاوی ڕێز و پێزانینەوە لە ڕۆڵ و ئەرکی پر بەهایان دەڕوانین.

هەر بەم بۆنەیەوە دووبارە جەخت لەسەر کولتووری ڕەسەنی مرۆڤدۆستی و ئاشتیخوازی و یەکترقبوڵکردن لە کوردستان بە سەرجەم پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانییەوە دەکەینەوە، بۆ ئەم ئامانجە پیرۆزەش سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان پشتیوانیی بەردەوام لە کاری دڵسۆزانەی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان دەکات بۆ نیشتمان و گەلەکەمان.

هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**2019/9/21**

# پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان

**بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان،**

بەبۆنەی 49یەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەکەم.

یەکێتی زانایان کە لە 21ی ئەیلولی 1970 بە ڕێنوێنی جەنابی بارزانیی نەمر دامەزرا، ڕۆڵێکی دیاری لە خزمەتکردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا گێڕاوە و لە بەرەنگاربوونەوەی هزری تووندڕەوی و تیرۆر و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و بلاوکردنەوەی پەیامی میانڕەوی، جێدەستیان دیارە. هیوادارم ئەم ساڵیادەتان ببێتە هاندەرێکی تر لە پێناوی پشتگیریکردنی زیاتر لە پرسە نیشتمانییەکان.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان**
**2019/9/21**

# دۆنالد ترەمپ سەپاندنی سزای بەسەر بانکی نیشتمانیی ئێران ڕاگەیاند

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ ڕایگەیاند کە سزای بەسەر بانکی نیشتمانیی ئێراندا سەپاندووە. ترەمپ بەر لە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ئوستڕالیا، سکۆت مۆریسۆن لە ئۆڤاڵ ئۆفیس لە کۆشکی سپی لێدوانی بۆ ڕۆژنامەنووسان دا. لە دوای هێرشکردنە سەر کۆمپانیای نەوتی ئارامکۆی سعوودی، ترەمپ ڕایگەیاند کە سزایان بەسەر بانکی نیشتمانی ئێراندا سەپاندووە و گوتیشی: ئەم سزایانە، گەورەترین سزایە کە تا ئێستا بەسەر وڵاتێکدا سەپێنراوە. ئەم سزایانە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرپرسە باڵاکان دەکاتە ئامانج. لەبارەی ئەگەری هێرشکردن یان هێرش نەکردن بۆ سەر ئێران، ترەمپ گوتی: ئەمەریکا، هەمیشە ئامادەیە.

## باشترین ڕێگری لە تیرۆر دروستکردنی تەبایی و ڕێککەوتنی ناوخۆییە لە عێراقدا

# نێچیرڤان بارزانی: جگە لە دیالۆگ و لێکگەیشتن و ڕێککەوتن، هیچ ڕێگەیەکی دیکە لە بەرژەوەندیی عێراق و گەلانی عێراقدا نەبووە و نابێت

## پێشکەوتنی ڕاستەقینە بە پلەی یەکەم بنیاتنانی مرۆڤ و بیرکردنەوەیەکی باش و پێشخستنی سەرمایە و توانای مرۆییە لە هەر وڵاتێک

## دەبێ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ناوەندی لێکۆڵینەوەی زانستیی زۆر باشیان هەبێت و بایەخێکی زۆر جددی بە لێکۆڵینەوە بدەن




ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە 2019/9/19 بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەروەها بەڕێزان محەممەد حەلبوسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دکتۆر بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ماتیوو تیوولەر باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق، پەرلەمانتارانی کوردستان و عێراق و بەرپرسانی سیاسی و ئیداری و نوێنەر و کونسوڵی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان، ڕێوڕەسمی دەرچوونی یەکەم خولی قوتابیانی زانکۆی ئەمەریکی کوردستان لە پارێزگای دهۆک بەڕێوەچوو. لە ڕێوڕەسمەکەدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**ئامادەبوانی بەڕێز، قوتابیانی خۆشەویست.. کەسوکاری قوتابیان و مامۆستایانی بەڕێز.. ئێوارەتان باش..**

خۆشحاڵم کە ئەم ئێوارەیە لە شاری دهۆکی خۆشەویست، بەشداری لە خۆشی و شادیی ئێوەدا دەکەم بەبۆنەی تەواوکردنی خوێندن و دەرچوونتان لە زانکۆ و دەستپێکردنی قۆناغێکی تازەی ژیان .پیرۆزبایی و دەستخۆشیتان لێ دەکەم، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە دایک و باوکی خوێندکارانی دەرچووی خولی یەکەمی زانکۆی ئەمەریکی لە کوردستان دەکەم. هاوکاریی ئەوان وایکردووە ئەمڕۆ ئەم کۆمەڵە قوتابییە بە سەرکەوتوویی لێرە ببینین. سوپاس و دەستخۆشی بۆ مامۆستایان و سەرۆکایەتی و ستافی زانکۆ کە ئەم گەنجە خۆشەویستانەی بەو شێواز و سیستەمە پێشکەوتووە پێگەیاندووە و بە ئاستێکی زانستیی بەرز لە زانکۆیەکی هاوچەرخ دەرچوون و دەکەونە گۆڕەپانی کارکردن بۆ خزمەتکردنی کوردستان.

دەمەوێ سوپاسێکی تایبەتی ئەو ڤیژنە بکەم کە برای خۆشەویستم کاک مەسرور بارزانی هەیبوو بۆ دامەزراندنی ئەم زانکۆیە.

**خوێندکارانی خۆشەویست..**

ئێوە شانسێکی زۆر باشتان هەبوو کە توانیتان لە زانکۆیەکی وا بخوێنن. ئەو شانسە بەداخەوە بەر دایک و باوک و باپیرانتان نەکەوت، ئەوان خەباتیان کرد بۆ ئەوەی ئێوە و نەوەکانی داهاتوو شانسی باشیان هەبێت. لەبەرئەوەش لەم ڕۆژەدا پێویستە ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی هەموو پێشمەرگە و تێکۆشەرانی وڵاتەکەمان بگرین، چونکە بە خەباتی ئەوان و بە خوێنی شەهیدانمان کوردستان گەیشتە ئەم ڕۆژە.

ئێوە قۆناغێکی گرنگی ژیانتان بەڕێکرد، ئێستا قۆناغێکی گرنگتر چاوەڕێتانە، کە قۆناغی خزمەت و بەشداریکردنە لە بەرەوپێشبردن و پێشخستنی وڵاتدا. قۆناغی سەلماندنی خۆتان و کەسایەتیتانە. قۆناغێکە بۆ نیشاندانی لێهاتوویی و تواناکانتان لە خزمەتکردنی وڵات و بەشداریکردنی کارا لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و بیرکرنەوەی باشتر، بۆ داهاتوویەکی ڕووناکتر بۆ وڵاتەکەمان.

هیوادارم دەرفەتی کارکردنتان دەسکەوێت. پێویستە یەکەمجار بیر لە کاری جددی و بەرهەمدار بکەنەوە، نەک لە پۆست و پێگە. لەناو کاردا پۆست و پێگەی گەورە چاوەڕێتان دەکات. داوا لە هەموو کۆمپانیاکانیش دەکەم بەپێی پێداویستی و توانایان، دەرگای کار بۆ نەوەی نوێی کوردستان بکەنەوە.

**قوتابیانی خۆشەویست..**

دوو ئامانجی سەرەکیی ئێمە، پێشخستنی پەروەردە و تەندروستی بووە. بەڵای ئێمەوە ئەو دوو بواردە پرۆسەیە لەمەودوا دەبێتە ئەرکی ئێوەی خۆشەویست. ئێوە دەتوانن سیستەمی بیرکردنەوە لە هەرێمی کوردستان ببەنە ئاستێکی بەرزتر. دەتوانن بە تواناکانی خۆتان گۆڕانکاری لە گوفتار و ڕەفتار و کاری کۆمەڵگەی کوردستاندا دروست بکەن. گەشەپێدانی سامانی سروشتیی وڵات و بەکارهێنان و سوود لێوەرگرتن لێی بۆ ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی وڵات و کۆمەڵگە، زۆر پێویستە .بەڵام دەبێ هەمیشە چاومان لە سوودوەرگرتنی بەردەوام بێت لە توانای بیرکردنەوەی مرۆڤ، نابێ سەرچاوەی سروشتیی ناو میشکی مرۆڤ خۆی، فەرامۆش بکرێت! بەهێزترین و کاریگەرترین سەرچاوەی سروشتی، خودی مرۆڤ و میشک و بیرکردنەوەیەتی.

با نموونەیەک باس بکەم. لە سەرەتای پەیوەندییان لەگەڵ هەندێک وڵات، بەر لە چەند ساڵێک، بە سەردانێکی فەرمی چووینە کۆریای باشوور. ئەو وڵاتە پێش و پاش دابەشبوونی، تووشی شەڕ و وێرانکاری و دۆخێکی ئابووری و تەنانەت برسییەتییەکی زۆر گەورە بوو. زۆر هێزی ناوخۆ و دەرەکی، بەشداربیان لە وێرانکردنی هەردوو بەشی کۆریای باکوور و باشووردا کرد. پاش وەستانی شەڕ و هەندێ گۆڕانکاری و بڕیاری سیاسی و ئابووری، دوو وڵاتی زۆر لێک جیاواز لە باکوور و باشووری کۆریا گەشەیان کرد.

ئەوەی لە ئەزموونی ئەو وڵاتەدا زۆر بەرچاو بوو، ئەوە بوو: هەر وڵات و گەلێک بایەخ بە خوێندن بدات و بزانێت گرنگترین سەرچاوەی سروشتی، بیرکردنەوەی باش و بەکارهێنانی میشکی هەر تاکێکی گەلەکەیەتی، دەتوانێ بەسەر هەموو ناخۆشییەکاندا زاڵ بێت و پێشکەوێت و پێشبڕکێی پێشکەوتن لەگەڵ گەورەترین و پێشکەوتووترین وڵاتانی جیهاندا بکات. لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێت: ئایا هۆکاری سەرەکیی سەرکەوتنی ئەم گەلە چییە ؟ کە هەندێ لە کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتەمان بینی، لە شێوەی بیرکردنەوە و کارکردنیاندا بۆمان دەرکەوت کە سیستەمی پەروەردە و خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی و خوێندنی باڵا، کلیلی گەشەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژییانە. ئێستا بۆ هەر گۆشەیەکی دنیا دەچیت، لەوانەیە هیچ مالێک یا ئۆفیسێک نەدۆزیتەوە، بەرهەمی ئەو وڵاتەی تێدا نەبێت. ئێستا ئابووریی کۆریای باشوور لە ڕیزی پێشەوەی ئابووریە باشەکانی جیهاندایە.

**خۆشەویستان،**

ئێوە و هاوقۆناغ و هاوتەمەنەکانتان کە زانکۆ تەواو دەکەن، سبەی هەر یەکێکتان لە بواریکی ژیاندا دەبێ وەک پێشەنگێک کار بکات، ئیتر ئەرکی ئێوەیە پشت بە زانست و سەرمایەی میشک و بیرکردنەوەی خۆتان ببەستن. بیر بکەنەوە و داهێنان بکەن. بیر بکەنەوە و ژیان و دەوروبەر و کۆمەڵگە باشتر بکەن.

ئامانج و پەیامی خوێندنی باڵا، ئامادەکردنی نەوەیەکی تازەیە بە شارەزایی و وشیارییەکی هاوچەرخ و ئاستێکی زانستیانەی بەرز بۆ کارکردن. پێداویستییەکانی پێشکەوتنی وڵات و گەیشتن بە کاروانی جیهانی پێشکەوتوو، کار و ئەرکی ئێوەیە. دروستکردنی زەمینەی لەباریش بۆ ئێوە، ئەرکی ئێمەیە کە ئەم زانکۆیەی ئەمڕۆ تیایدا وەستاوین یەکێکە لەو هەنگاوە پیرۆزانەی کە دەستپێکراوە و پەنا بەخوا بەردەوامیش دەبێت.

**بەڕێزان..**

خۆشحاڵم کە زانکۆی ئەمەریکی لە کوردستان کاری جددی لەسەر پێشخستنی توانا مرۆییەکان دەکات. زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەبێ ناوەندی لێکۆڵینەوەی زانستیی زۆر باشیان هەبێت و بایەخێکی زۆر جددی بە لێکۆڵینەوە بدەن. لە داڕشتنی بەرنامە و پلانی بەڕێوەبردنی وڵات و هەنگاونانی دروست بەرەو ئایندە، بەشداریی کارایان هەبێت و یارمەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بدەن. دەبێ ڕۆڵی گەورەیان لە جێگیرکردنی بەها مرۆییەکانی دنیای پێشکەوتوو و فراوانکردنی زانست و زانیندا هەبێت.

هیوادارم و دڵنیام زانکۆی ئەمەریکی لە کوردستان و هەموو زانکۆکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، لە بەرنامە و پرۆگرامی خوێندنیاندا گرنگی بە کولتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی و یەکترقبوولکردن و ئازادی و دیموکراسی و ژینگەپارێزی بدەن و هاوکار بن لەوەی کوردستان بۆ هەمیشە وەک لانەیەکی ئارام و سەقامگیر بۆ هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە بمێنێتەوە.

**بەڕێزان..**

بۆ ئەوەی نەوەی ئێستا بتوانێت وڵات پێشبخات، دەبێ ئارامیی سیاسی و بەڕێوەبردنێکی هاوبەش و نەرم هەبێت. دەبێ هاوبەشی لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا بەهێز بکەین. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە هەوڵ دەدەین تەبایی ناوخۆیی لە کوردستان بپارێزین، ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵیی عێراق دروست بکەین. بۆ ئەو مەبەستەش داوا لە هەموو لایەن و حیزبە کوردستانی و عێراقییەکان دەکەین هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بن لەو کارەی کە دەستیپێکردووە.

ئێمە لە هەرێمی کوردستان ویستوومانە و هەمیشە دەمانەوێت ژیان و ئاوەدانی و پێشکەوتن و ئاسوودەیی بۆ هەموو لایەک هەبێت، بەردەوام هەوڵمان داوە لەگەڵ حکوومەتەکانی عێراق لە ڕێگەی دیالۆگەوە بگەینە چارەسەری کێشەکان. لێرە هەر بەم بۆنەیەوە جارێکی دیکە خواستی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراق لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا دووپات دەکەینەوە و پێشوازی لە هەموو ئەو هەوڵ و هەنگاوانەش دەکەین لەو بوارەدا لەئارادان.

ئەزموون و سەربردەی گەلی کوردستان لەگەڵ حکوومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق هەر لە سەردەمی پاشایەتییەوە تائێستا، ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، کە جگە لە دیالۆگ و لێکگەیشتن و ڕێککەوتن، هیچ ڕێگەیەکی دیکە لە بەرژەوەندیی عێراق و گەلانی عێراقدا نەبووە و نابێت. هەموومان دەبێ وانە لە ڕابردوو وەربگرین و پێکەوە بەرەو چارەسەر هەنگاو بنێین.

هەموو پێکهاتەکانی عێراق دەبێ بە کردەیی لە دەسەڵات و بەڕێوەبردن و بڕیاردا هاوبەش بن و هیچ نەتەوە و پێکهاتەیەکی عێراق نابێت پشتگوێ بخرێت. هێشتا تیرۆر و توندڕەوی و سەرهەڵدانەوەیان، مەترسی و هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەن لە ناوچەکە، بۆیە هەوڵ و کۆششی هاوبەش و کاری پێکەوەیی لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا پێویستە. باشترین ڕێگریش لە تیرۆر، دروستکردنی تەبایی و ڕێککەوتنی ناوخۆییە لە عێراقدا.

هەروەها ئەرکی حکوومەتی فیدراڵیی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە پشتیوانی لە پێشکەوتن و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بکەن و ئەو پێشکەوتن و ئارامییە فراوان بکرێت بۆ هەموو شوێنێکی عێراق، بە لێکگەیشتنی هەمەلایەنە و جێبەجێکردنی دەستووریش دۆخی نائاسایی لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کۆتایی پێ بهێنرێت.

لە کۆتاییدا دەمەوێ دووبارە پیرۆزبایی لە دەرچووانی خولی یەکەمی زانکۆی ئەمەریکی لە کوردستان بکەم. دەستخۆشی لە دامەزرێنەران و مامۆستایان و ستافی زانکۆ دەکەم، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم. دەستخۆشی لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە یارمەتییە ئەو زانکۆیەیان داوە و هەر لە پێشکەوتن بەردەوامە، هیوادارم ئەو پشتگیرییە هەر بەردەوام بێت لە هەموو لایەکەوە.

**ئێوارەتان باش**
**هەموولایەکتان زۆر بەخێربێن**
**سوپاس.**

### سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زەنگی سالّی نوێی خوێندنی لێدا

# مەسرور بارزانی: هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ باشترکردنی ژیانی مامۆستایان

### پێویستە شوێنی شیاو بۆ خوێندنی قوتابیان فەراهەم بکرێت





بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانتار و سەرکردە لە میلیشیای بەدر بە میدیاکانی وڵاتەکەی ڕاگەیاندووە، خەڵکی عێراق پەیوەندیی باوەڕ و عەقیدەیی لەگەڵ ئێراندا هەیە. کەریم علیێوی هەروەها ڕایگەیاندووە، ئەگەر شەڕی ئێران-ئەمەریکا هەڵبگیرسێت، ئەوان وەک حەشدی شەعبی چاوەڕێی ڕەزامەندیدان یان نەدانی حکوومەتی عێراق ناکەن و دەچنە پاڵ بەرەی ئێران. بەگوێرەی باسنیوز ئەو سەرکردەیەی حەشدی شەعبی ئاماژەی بەوەشکردووە، کە لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕەکەدا، حەشدی شەعبی هەموو هێز و بارەگا دیپلۆماتییەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەکاتە ئامانج.

## سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

### سەرکۆنەی تەقینەوەکەی کەربەلا دەکات

دوێنێ شەممە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا هێرشە تیرۆرستییەکەی ڕۆژی هەینیی شاری کەربەلای سەرکۆنە کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە تووندی ئەو هێرشە تیرۆرستییە سەرکۆنە دەکەین کو دوێنێ هەینی لە بازگەیەکی شاری کەربەلا لە ڕێگەی بۆمبێکی چێنراوی ناو ئۆتۆمبیلێکەوە ئەنجام درا و تیایدا زیاتر لە دە هاوڵاتی گیانیان لە دەست دا و ژمارەیەکی دیکەش بریندار بوون.

پرسە و سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانییان دەکەین و هاوسۆز و هاوخەمیانین. خوای گەورە بە بەهەشتی خۆیان شاد بکات و دڵنەوایی و سەبوریی کەسوکاریان بداتەوە، هیوای زووچاکبوونەوەش بۆ بریندارانی دەخوازین.

**سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان**
**2019/9/21**

## سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

### ئیدانەی تەقینەوەکەی شاری کەربەلا دەکات

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا بە تووندی ئیدانەی ئەو تەقینەوەیەی کرد کە ئێوارەی ڕۆژی هەینی 20 ئەیلوولی 2019 بە هۆی بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبێلێکی گواستنەوەی گشتی لە دەروازەی شاری کەربەلا ئەنجامدرا و بووە هۆی گیان لەدەستدانی دوازدە هاوڵاتی و برینداربوونی پێنجی دیکەش .

لە پەیامەکەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە:«بە تووندی ئیدانەی ئەو تاوانە دەکەین و هاوخەمیش لەگەڵ کەسوکاری قوربانییەکان ڕادەگەیەنین. هیوای زوو چاکبوونەوەش بۆ بریندارانی دەخوازین» .

**20ی ئەیلوولی 2019**

## ڕاگەیەندراوێک

### لە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە

ڕۆژی پێنجشەممە 2019/9/19 لە کاتی هاتنی بەڕێز مەحمود سەنگاوی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کورستان بۆ پاریزگای هەولێر، لە زاڵگەیەکی دۆڵی سماقۆلی ڕووداوێکی نەخوازراو ڕوویداوە کە هیچ بڕیار و ڕاسپاردەی لە پشتەوە نەبووە. بۆیە بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ڕێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە ڕووداوانە لێکۆڵینەوەیەکی ورد ئەنجام دەدەین و خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە هەموو هەوڵەکانمان لە ڕێگا و بانەکان بۆ دابینکردنی ئەمنیەتی سەر و سامانی هاوڵاتیانە.

**وەزارەتی ناوخۆ**
**حکوومەتی هەرێمی کوردستان**
**2019/9/19**

### سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبوونەوە

# مەسرور بارزانی: سەرکەوتنی کوردستان سەرکەوتنی هەموو عێراقە و پێویستە وەکو هەرێمێک مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکرێت نەک وەکو پارێزگاکان

## سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران: بە هیچ شێوەیەک ڕازی نین زیان بە هەرێمی کوردستان بگات و لێدوانی نەرێنییش گوزارشت لە هەڵوێستی فەرمیی ئێمە ناکات



مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی پێنجشەممە، 19ی ئەیلوولی 2019 لە پەراوێزی ئاهەنگی یەکەم خولی دەرچوانی زانکۆی ئەمەریکی کوردستان لە دهۆک، لەگەڵ محەمەد حەلبوسی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبوونەوەکەدا، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، خۆشحاڵی خۆی بە بانگهێشتی فەرمی بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگەکە دەربڕی و گوتی: بینینی دۆستانمان لە هەرێمی کوردستان بە دەرفەتێکی باش دەزانین، هەست بە خۆشحاڵی دەکەم کاتێک دەبینم هەرێمی کوردستان لە زۆربەی بوارەکان پێشدەکەوێت. حەلبوسی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغداشی بە باش وەسف کرد و گوتی: خوازیارین بگەینە زەمینەیەکی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بە هیچ شێوەیەکیش ڕازی نین زیان بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بگات، ئەوەش بنەمایەکە و پێیەوە پابەندین.

حەلبوسی ئاماژەی بە هەندێک لێدوانی جیاواز کرد کە لە بارەی هەرێمی کوردستانەوە دراون و ڕایگەیاند، ئەو لێدوانانە گوزارشت لە هەڵوێستی فەرمیی بەغدا ناکەن و دووپاتیشی کردەوە، هیچ هەڵوێستێکی سیاسی نەرێنی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان نییە.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتی هیوادارین بگەینە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ تەواوی پرسە ناکۆکەکان و ئامادەین تەواوی کێشەکان بە گوێرەی دەستوور چارەسەر بکەین، و «سەرکەوتنی کوردستان، سەرکەوتنی هەموو عێراقە بەکلاکردنەوەی پرسە ناکۆکەکانیش لە بەرژەوەندی هەمووانداید».

سەرۆک وەزیران جەختیشی لەوە کردەوە، کە پێویستە مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان، وەکو هەرێمێکی چەسپاوی دەستووری بێت، دووپاتیشی لە گرنگی هاوکاری ئەمنی نێوان هەردوولا کردەوە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی شانەکانی داعش، کە تا ئێستاش هەڕەشەن لە هەندێک ناوچەی وڵات.

لە کۆتایی دیدارەکەشدا، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە هەماهەنگی باشی نێوان هێزە عێراقییەکان و هێزی پێشمەرگە کردەوە، بۆ لەناوبردنی پێگەکانی داعش کە لە هەندێک ناوچەدا ماون.

## سەرکردەیەکی میلیشیای بەدر هەڕەشەی بە ئامانجگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەکات

کەریم علیێوی، پەرلەمانتار و سەرکردە لە میلیشیای بەدر بە میدیاکانی وڵاتەکەی ڕاگەیاندووە، خەڵکی عێراق پەیوەندیی باوەڕ و عەقیدەیی لەگەڵ ئێراندا هەیە. کەریم علیێوی هەروەها ڕایگەیاندووە، ئەگەر شەڕی ئێران-ئەمەریکا هەڵبگیرسێت، ئەوان وەک حەشدی شەعبی چاوەڕێی ڕەزامەندیدان یان نەدانی حکوومەتی عێراق ناکەن و دەچنە پاڵ بەرەی ئێران. بەگوێرەی باسنیوز ئەو سەرکردەیەی حەشدی شەعبی ئاماژەی بەوەشکردووە، کە لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕەکەدا، حەشدی شەعبی هەموو هێز و بارەگا دیپلۆماتییەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەکاتە ئامانج.

# مەحموود محەممەد: دەبێت ڕاگەیاندن پێشەنگیی خۆی بسەلمێنێت لە هۆشیارکردنەوەی تاکی کورد لە سەرجەم کایە و بوارەکاندا

## داوا دەکەین ڕاگەیاندنکاران جەخت لە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان بکەنەوە

## ڕاگەیاندن هۆکارێکی بەهێزە بۆ گەیاندنی خەون و ئومێد و تێڕوانین و مەزڵومیەتیی کورد بە سەرتاسەری جیهان



مەحموود محەممەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە یەکەمین فێستیڤاڵی خانی، کە دوێنێ شەممە لە شاری دهۆک بەڕێوەچوو، لە وتارێکدا ڕایگەیاند، داوا دەکەین سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکاران جەخت لە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە بەها نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بکەنەوە. ئەمەش دەقی وتارەکەیە:

**ئامادەبووانی بەڕێز..**
**ڕاگەیاندنکار و نووسەر و ڕۆشنبیر و میوانانی ئازیز..**
**هەڤاڵانی هێژا..**
**ئەم کاتەتان باش..**

جیهانی ئەمڕۆ، جیهانێکی ئاڵۆزە و بە گۆڕانکاریی خێراو گەورەدا تێپەڕدەبێت، ئەمەش لەکاتێک دایە کە مللمانێکان تادێت ئاڵۆزتردەبن و تەواوی ڕەهەندەکانی ژیانیان گرتۆتەوە. ڕەوتی پێشکەوتنی جیهان و میللەتان بەڕاددەیەک خێرایە، ڕێکردن لەگەڵ سەردەمدا ئامادەگی و لێهاتوویی زۆری پێویستە. پێشکەوتنە زانستییەکان و تەکنەلۆژیا، سنوورەکانی دەوڵەتانیان کاڵکردۆتەوە و میللەتانی زیندوو سەرقاڵی قوولکردنەوەی کەلتووری پێکەوەژیان و یەکتر قبوولکردن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی نەتەوەییمان. نەهێشتنی ڕەفتار و گوتاری تووندوتیژی و دەمارگیریی ناوچەیی و هەزری ئایدۆلۆژی. هەروەها پتەوکردنی بنەماکانی دیموکراسی و بەهاکانی ئازادیی تاک و مافەکانی مرۆڤ و بابەتەکانی یەکسانیی جێندەری و پیشاندانی ڕۆڵی بەهاداری ئافرەتان لە پێشخستنی کۆمەڵگا و بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست. هاندانی ڕۆڵەکانمان بۆ پەیوەست بوون بە خۆشویستنی خاک و خەڵک و چاندنی ئارەزوو و ویستی ڕەسەن بۆ فێربوون و زانست و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بونیاتنەرانە هەموو ئەمەش پشتئەستوور بە بنەما ئەخلاقییەکانی کاری ڕاگەیاندن. هەربۆیەش داوادەکەین کە سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکاران جەختبکەنەوە لەسەر پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە بەها نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، لەم چوارچێوەیەشدا هەموومان سەرقاڵی بونیاتنانی تاکی کوردستانی بین.

لەسەرئاستی جیهانییش. ڕاگەیاندن دەبێت کاربکات بۆ وەرگێڕانی فەرهەنگی جیهان و کولتوور و پێشکەوتنەکانی میللەتان و گەیاندنیان بە تاکی کوردستانی، بۆ ئەوەی تاکی کورد دابڕاونەبێت لە مەعریفەی سەردەم و ئاشنابێت و نزیک بێت لە نەتەوەکانی دیکەی سەر ڕووی زەوی.

ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، پێمانوایە لەگەڵ سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، ئەرکی سەرشانمانە هەست بە بەرپرسیارێتی بکەین بەرامبەر بە ڕاگەیاندن و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەم قۆناغەی ئێستادا و تەواوی توانامان بخەینە گەڕ بۆ تەوژمدان بەو هەوڵانەی کە بۆ یەکدەستی و یەکگرتوویی هەڵوێستە سیاسیی و نەتەوەییەکانمان و ئیدارەدانێکی سەردەمی و گونجاوی کوردستان دەدرێن لەپێناو ئاوەدانکردنەوە و ئەنجامدانی چاکسازی و هەنگاوان بەرەو پێشەوە.

هەر بۆیەش دەستخۆشی لە ناوەندی (خانی) بۆ ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دەکەین کە لەژێر ناونیشانی (بەرەو گەشەپێدانی بزاوتی ڕاگەیاندن) هەستاون بە ئەنجامدانی ئەم فێستڤاڵە و دەخوازین سەرجەم پانێلستە بەڕێزەکان و ڕۆشنبیران و ڕاگەیاندنکاران بەوپەڕی بەرپرسیاریێتی و خەمخۆرییەوە تاوتوێی بابەتەکان بکەن. ئێمەش ئەوەی پێمانبکرێت دەیخەینە خزمەتی کۆمەڵگا و کوردستانەوە.

هەر لێرەشەوە دروود بۆ گیانی پاکی ئەو پێشمەرگە قەڵەمبەدەستانە دەنێرین کە لەپێناو کورد و کوردستاندا گیانیان بەخشی. دروود بۆ ڕۆحی پاکی ئەوانەی لە سەردەمە سەختەکاندا چۆکیان نەدا و بە پێنووسەکانیان پشکۆی ئازادییان دەگەشاندەوە. دروود بۆ سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان.

هەر سەرکەوتووبن

# کاکەمین نەجارِ سەردانی ئۆفیسی هەولێری نەوەی نوێ دەکات



ڕۆژی پێنجشەممە 2019/9/19 کاکەمین نەجارِ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر بە یاوەری خەسرۆ گۆران بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردن و سامان سەفەر سەردانی ئۆفیسی هەولێری نەوەی نوێتی کرد و تەکەیدا ڕایگەیاند سەرۆک و سەرکردایەتی پارتی یەکگرتوویی و یەکڕیزی گەلی کوردستان بە زەرووەتی قۆناغەکە دەزانن هەر بۆیە سەردانی نەوەی نوێمان کردووە هیوادارین ئەوانیش بەشێک بن لە یەکڕیزی گەلی ڕایگەیاند لە باردۆخی ئەمڕۆدا یەکگرتوویی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکان گرنگە و دەبێ هەموومان پێکەوە خۆمان ئامادە بکەین بۆ هەر ئەگەر و پێشهاتێک کە چاوەڕێ دەکرێ لە ئایندە ڕووبدات.

کاکەمین نەجارِ لە دریژەی وتەکەیدا ڕایگەیاند سەرۆک و سەرکردایەتی پارتی یەکگرتوویی و یەکڕیزی گەلی کوردستان بە زەرووەتی قۆناغەکە دەزانن هەر بۆیە سەردانی نەوەی نوێمان کردووە هیوادارین ئەوانیش بەشێک بن لە یەکڕیزی گەلی کوردستان بۆ ئەوەی پێکەوە بتوانین دەسکەوتی گەورە بۆ گەلەکەمان بەدیبێنین.

بەرپرسی ئۆفیسی نەوەی نوێ لە هەولێر خۆشحاڵی خۆشی بە سەردانی شاندی پارتی دەربڕی و ڕایگەیاند ئەوان بەشدار دەبن لە کۆبوونەوەی چاوەڕوانکراوی لایەنە سیاسییەکان و هیوایان خواست کەشی سیاسی کوردستان ئارام بێتەوە . دواتر ئەم جۆرە دیدار و سەردانانە لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و نەوەی نوێ بە گرنگ زانرا ..

# ڕێبوار تاڵەبانی: کەرکووک بە ڕەوشێکی نادەستووری و فەوزادا تێدەپەڕێت

## بە پیلان کار بۆ گۆڕینی دیموگرافیای کەرکووک دەکرێت



**ئا/ ئائید میرۆ:** سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، دانوستانەکانی هەرێم و بەغدا بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووکەوە بەردەوامن، بەڵام بە کردار هێشتا هیچ هەنگاوێک بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک نەنراوە، چونکە پرسی ئاساییکردنەوەی کەرکووک دەبێ لە چەند لایەنی سیاسی و ئەمنی و ئیدارییەوە جێبەجێ بکرێت.

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک دەشڵێت: پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک ڕاگەیاند: دانوستانەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لەبارەی ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووکەوە بەردەوامن، بەڵام بە کردار هێشتا هیچ هەنگاوێک بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک نەنراوە، چونکە پرسی ئاساییکردنەوەی کەرکووک دەبێ لە چەند لایەنی سیاسی و ئەمنی و ئیدارییەوە جێبەجێ بکرێت.

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک دەشڵێت: پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی

بەردەوامە لەسەر عەرەبانەی کەرکووک و بە پیلان کار بۆ گۆڕینی دیموگرافیای کەرکووک دەکرێت، لە زۆربەی ناوچەکانی عێراقەوە عەرەب هاوردەی کەرکووک دەکرێت و ناسنامەشیان پێ دەدرێت.

ڕێبوار تاڵەبانی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لە کەرکووک دەکرێن پێچەوانەی دەستوور و ماددەی 140ی دەستووری عێراقن. بۆ نموونە، ئێستا ئیدارەی سەپێندراوی کەرکووک زەوی بەسەر جووتیارانی عەرەبدا دابەش دەکات، لە کاتێکدا ئەو زەوییانە گرێبەستەکانیان بەپێی یاسا هەڵوەشاوەتەوە، کەچی بەردەوام گرێبەست بۆ عەرەبی هاوردە نوێ دەکرێنەوە، کەرکووک بە ڕەوشێکی نادەستووری و فەوزادا تێدەپەڕێت و هەرچی ڕووددەدات لە دەرەوەی یاساوەیە، بۆ ئەوەی خەڵکی ڕەسەنی کەرکووک نەگەڕێنەوە.

# هەولێر.. دەزگای خێرخوازیی بارزانی کۆنفرانسی پێکەوەژیان لە دوای داعش سازدەکات



دوێنێ شەممە 2019/9/21 لە شاری هەولێر دەزگای خێرخوازیی بارزانی کۆنفرانسێکی بە ناوی پێکەوە ژیان لە دوای داعش لە عێراقدا ساز کرد. کۆنفرانسەکە لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵڵا دەستی بەکارەکانی خۆی کرد و تێیدا گفتوگۆ لەبارەی مەترسییەکانی داعش دەکرێت.

ئەو کۆنفرانسە لەکاتێکدایە لە ئێستادا چەکدارانی داعش دووبارە دەستیان بە چالاکی کردووەتەوە، بە جۆرێک بوونەتە مەترسی لەو ناوچانەی لەلایەن حەشدی شەعبی و سوپای عێراقەوە دەپارێزرێن، بەڵام لە بەرانبەر چالاکی داعشدا، سوپا و حەشد زۆربەی کات دەستەوەستانن و ناتوانن پارێزگاری لە مالوحاڵ و ژیانی خەڵک بکەن، کە بەهۆیەوە ئاوارە و پەنابەر هێشتا بۆ هەرێمی کوردستان دێن یان ئامادە نین بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان. بە گوێرەی بەرنامەی کۆنفرانسەکە، ئامانجی ئەو کۆنفرانسە لە بنەڕەتدا نیشاندانی دوو تۆێژینەوەی مەیدانی تایبەتە لە دوو پانێلدا بەناوی ئایینەدەی پێکەوەژیان، ڕۆڵی ئایینەکان لە پێکەوەژیان، دوای جەنگی خۆیناوی داعش.

لە دەستپێکی کۆنفرانسەکەشدا موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی، هەروەها پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی، وتاریان پێشکەشکرد و باسیان لە گرنگی ئەو جۆرە کۆنفرانسانە کرد. هەروەها کورتە ڤیدیۆی چەترێک بۆ هەمووان نیشان درا، تۆێژینەوەی 44 ژنە ڕزگاربووی دەستی داعش و چەندین بابەتی دیکەش پێشکەش دەکرێت.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە دوای هاتنی داعش ڕۆڵێگی یەکجار گەورەی بینیوە لە هاوکاریکردنی ئەو کەس و خێزانانەی بەهۆی شەڕ و ئاڵۆزی و هەڵاتن لە چنگ داعشدا ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، هەروەها دەزگای خێرخوازیی بارزانی زۆرجار هاوکاری گەیاندووەتە دەرەوەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستانیش لە نموونەی بەسرە و هەندێ ناوچەی سووریاش کە بەهۆی شەڕەوە خەڵکی لێقەوماو پێویستیان بە هاوکاری هەبووە. لەسەر ئاستی گشتیش، دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەردەوام هاوکاری پێشکەش بە خەڵک هەژار و کەمدەرامەت دەکات بە جلوبەرگ و خۆراک و هاوکاری ماددی.

### قەڵای هەولێر و پەرستگای لالشیشی تێدایە

# ئەمەریکا چوار میلۆن دۆلاری بۆ ژمارەیەک ناوچەی شوێنەواری لە عێراق تەرخان کردووە

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا ڕایگەیاند کە چوار ملیۆن دۆلاری بە ئامانجی نۆژەنکردنەوەی ژمارەیەک ناوچەی شوێنەواری لە عێراق تەرخان کردووە لەوانە، دەروازەکانی عەشتار و بادینان لەگەڵ کلێسای مار گۆرگیس هەروەها پەرستگای لالش، گۆڕی پێغەمبەر ناحوم و قەڵای هەولێر. لە ڕاگەیەندراوێکدا باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا بڵاویکردەوە کە بەڕێوەبەری نووسینگەی پەیوەندییە گشتییەکان، جۆن کینکانۆن و بەرپرسی پاشکۆی ڕۆشنبیر لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا، ئارۆن سایب سەردانی موزەخانەی نیشتمانی عێراقیان کردووە کە لە میانیدا لەگەڵ وەزیری ڕۆژشنبیری، گەشتوگوزار و شوێنەوارەکانی عێراق، عەبدولئەمیر حەمدانی کۆبوونەوەتەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە کۆبوونەوەکەدا، جەختکراوەتەوە لەسەر ئەوەی ئەمەریکا بەردەوام پاڵپشتی لە هەولەکانی حکوومەتی عێراق دەکات سەبارەت پاراستنی شوێنەوارە مێژوویییەکان. لە ڕاگەیەندراوەکەدا تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە لە میانی ئەمساڵدا، باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا، چوار میلۆن دۆلاری بە ئامانجی نۆژەنکردنەوەی ژمارەیەک ناوچەی شوێنەواری لە عێراق تەرخانکردووە، لەوانە دەروازەکانی عەشتار و بادینان لەگەڵ کلێسای مار گۆرگیس هەروەها پەرستگای لالش، گۆڕی پێغەمبەر ناحوم و قەڵای هەولێر.

## ساڵانە 70 پرۆژە بەهۆی سەرپێچیکردن لە یاسای کار دەدرێنە دادگا

دکتۆر عارف حیتو، بەڕێوەبەری گشتیی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە مالپەڕی فەرمیی پارتی کوردستانی ڕاگەیاند: بەپێی یاسا هەر کرێکارێکی بیانی بەپێی گرێبەستی کار دەتوانێت لە عێراق و هەرێمی کوردستان کار بکات. لە کۆتاییی ساڵی 2007حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێنماییی ژمارە دووی دەرکردووە بۆ هێنانی کرێکاری بیانی. بەگوێرەی ڕێنماییەکان دوو جۆر کرێکار دێنە هەرێمی کوردستان، ئەوانیش کرێکاری ناوماڵ و کرێکاری پرۆژە، بەڵام ئەوەش بەپێی پێویستیی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەو کاتە مۆڵەت بە هێنانی کرێکار دەدرێت ئەگەر کرێکاری ناوخۆ نەبێت، یانیش ئەو شارەزاییەیە دەست نەکەوێت. بەڕێوەبەری گشتیی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەڵێت: دوای دەستپێکردنی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی، هاتنی کرێکارانی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوانەی لە پرۆژەکاندا کاریان دەکرد، کەمی کردووە، تەنیا کرێکاری ناوماڵ زیاتر دێنە هەرێمی کوردستان و، بەهۆی وەستانی پرۆژەکانەوە ڕێژەی کرێکاری بیانی کەمی کردووە. دکتۆر عارف حیتو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: ساڵانە لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 70 پرۆژە دەدرێنە دادگا بەهۆی سەرپێچیکردنیان لە یاساى کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، هەروەها لە ساڵی 2008 بەدواوە تا ئێستا مۆڵەت بە 167 کۆمپانیا دراوە بۆ هێنانی کرێکاری بیانی، بەڵام ئێستا ژمارەی کۆمپانیاکانی هێنانی کرێکاری بیانی کەم بوونەتەوە و نزیکەی 40 هەتا 50 کۆمپانیا ماون، ئەوانی دیکە، یان کارەکانیان ڕاگیراوە، یانیش بەهۆی سەرپێچکردن لە یاسا خراونەتە نێو لیستی ڕەشەوە.

# بەرپرسی لقی دوو: هەرچی بۆ خانەوادەی شەهیدان بکرێت ناکاتە دڵۆپێک خوێنی شەهیدەکانیان



دوێنێ، ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دێموکراتی کوردستان بە یاوەری ئاری نانەکەلی کارگێڕی لق و محەمەد تەها بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ئازادی و هەڤاڵانی لیژنەی ناوچە، سەردانی خانەوادەی شەهید دیدار یابەی کرد و لەلایەن باوک و دایک و کچی شەهیدەوە پێشوازییان لێکرا. لەو بەسەر کردنەوەیەدا، بەرپرسی لقی دوو لە ڕەوشی ژیانیانی پرسیییەوە لەگەڵ خوێندنی منداڵەکانی شەهید، دووپاتی کردەوە هەموو هەوڵێک دەدەن لەپێناو ئەوەی منداڵانی شەهید لە خوێندن سەرکەوتوو بن و بتوانن ببنە بونیاتنەری نەوە ولاتەی باوکیان خوێنی خۆی بۆ بەخشی، جەختیشی کردەوە هەرچی بکرێت بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان، ناکا دڵۆپێک خوێنی شەهیدەکانیان کە ئەوان بەخشیویانە بە کوردستان. لە بەرامبەردا، مام یابەی باوکی شەهید دیدار دووپاتی کردەوە شانازی دەکەن ڕۆڵەکەیان لەپێناو کوردستان گیانی خۆی بەخشیوە، گوتیشی: شەهید بوونی ڕۆڵەکەمان سەروەریەکە بۆ کوردستان و خانەوادەکەشمان بۆ هەمیشە.

## پرسەو سەرەخۆشی

**بەناوی خودای گەورە و میهرەبان**

**بەڕێز هاوژین ڕەسوڵ**

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان خاتوو فائیزە شکاک- مان پێگەیشت.

سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و دایکی خوالێخۆشبووتان بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

**انا لله و انا الیه راجعون**

**بارەگای بارزانی**

***

**هەڤاڵی بەڕێز مەحمود عیسا جاف**

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاکە کۆچەر. ی کوڕتان و یەکێک لە چالاکوان و کارمەندەکانی دەزگای خێرخوازی بارزانی- مان بیست.

بەم بۆنە خەمناکەوە، پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەتان و کەسوکار و دۆست و هاوکارانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین.

لە خودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبوویش بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

**انا لله و انا الیه راجعون**

**مەکتەبی سیاسی**

# لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا یەکەم زەنگی ساڵی نوێی خوێندنی 2019-2020 لێدرا

دوێنێ شەممە 21-9-2019 لە سەرتاسەری شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستاندا یەکەم زەنگی ساڵی نوێی خوێندنی 2019-2020 لێدرا.

لەشاری هەولێر کاتژمێر 8ی بەیانی بە ئامادەبوونی تاهیر عەبدوڵلا جێگری پارێزگای هەولێرو مامۆستا بەشدار عەبدولخالق خۆشناو بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێرو مامۆستا دلێر عەبدوڵلا بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندی هەولێرو ژمارەیەکی بەرچاو لەبەرپرسانی حکومی و میوانان زەنگی ساڵی نوێی خوێندن لەشاری هەولێر لەقوتابخانەی حەمدی لەگەڕەکی کرێکاران لەسەنتەری شاری هەولێر لێدرا. دوای وەستانی خولەکێک بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان لەگەڵ مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب مەراسیمی یەکەم زەنگی ساڵی نوێی خوێندن لێدرا. بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێی خوێندن بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر وێڕای پیرۆزبایی لە سەرجەم مامۆستایان و قوتابیان، گوتیشی بەو هیوایەن ساڵی نوێی خوێندن ببێتە بەهاری خۆشی و بەختەوەری بۆ هەموو قوتابیان و مامۆستایان و ئاسوودەیی بۆ دایک و باوکان.



دەستپێکی ساڵێکی پڕ لە چالاکی و دەستکەوت، هەروەها ئومێد دەکەین مامۆستایان و قوتابیان بەگروتینێکی زۆرەوە ئەمسالی نوێی خوێندن بەرێبکەن و ئیمەش ئەوەی لەتوانامان بێت بۆ سەرکەوتنی پڕۆسەی خوێندن دریخی نەکەین. هەروەها بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندی هەولێر لە وتارێکیدا بەنوێنەرایەتی وەزارەتی پەروەردە ئاماژەی بەوەکرد کە ئەمڕۆ لەپێشوازی ساڵێکی نوێی خوێندن داین، هیوادارین ساڵێکی پڕ لە بەخشش و سەرکەوتن بێت، لەژێر سێبەری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

لە گەرمیانیش، بە هەمان بۆنەوە، سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان پیرۆزبایی لە مامۆستایان و قوتابیان و قوتابیانکرد، بەڕێوەبەری پەروەردەی کەلاریش ئاشکرایکرد، ئەمسال لەتەواوی قوتابخانەکان بە لیژنە پێشوازی لە قوتابیان کراوە. سەلاح کوێخا، سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، لەوتەیەکدا کە لە قوتابخانەی سەفینی بنەڕەتی پێشکەشی کرد، هیوای سەرکەوتنی بۆ مامۆستایان و قوتابیان خواست.

گوتیشی: هەرێمی کوردستان سالانێکی پڕ لە قەیران و نەهامەتییان بەسەربرد بە هۆکاری بڕینی موچەو بودجەی خەڵکی کوردستان، بۆ ئەوەش مامۆستایان باجی قورسی ئەو قەیرانەیان دا، لەگەڵ ئەوەشدا خەمی پەروەردەکردنی منداڵە چاوگەشەکانیان لە کۆڵنادا ڕێگەیان نەدا دەرگای قوتابخانەکان دابخرێت. لای خۆشیەوەن عەدالەت لەتیف، بەڕێوەبەری پەروەردەی کەلار، بە خەباتی ڕاگەیاند، ئەمسال جیاوازلە ساڵانی پێشتر لەتەواوی قوتابخانەکانی سنوری پەروەردەی کەلار بەلیژنە پێشوازی لەقوتابیانکراو سەرپەرشتیارانی پەروەردەیش دابەشکران بەسەر قوتابخانەکاندا. گوتیشی، تاوەکوو 15ی مانگی داهاتوو لەنانووسینی قوتابیان بەردەوام دەبین بۆ زانینی ڕێژەی ئەو قوتابیانەی کە ئەمسال لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی وەرگیراون.

لە سۆرانیش بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری گشتی دیوان لە وەزارەتی پەروەردە و بەرپرسانی حزبی و پەروەردەیی و مامۆستا و قوتابیان، لە قوتابخانەی دواناوەندیی چەپکی کچان مەراسمی لێدانی زەنگی ساڵی نوێی خوێندنی 2019-2020 بەڕێوە چوو. گوتیشی: لە ساڵی خوێندنی پەروەردەی سۆران، بە باسنیوزی ڕاگەیاند، بە ئامادەبوونی م.مەریوان بەڕێوەبەری گشتیی دیوان لە وەزارەتی پەروەردە و کرمانج عزەت قایمقامی قەزای سۆران، عەلی عەونی بەرپرسی لقی10ی پارتی دیموکراتی کوردستان و م.عزیز سەعید بەڕێوەبەری پەروەردەی سۆران و سەرپەرشتیاران و مامۆستا و قوتابیان لە قوتابخانەی دواناوەندیی چەپکی کچان مەراسمی لێدانی زەنگی ساڵی نوێی خوێندنی 2019-2020 بەڕێوە چوو. گوتیشی: لە ساڵی خوێندنی 2018-2019 بەڕێوەبەرایەتییەکەمان، ئامادەکاریی تەواو کراوە بۆ خوێندنی ئەمساڵ و سەرجەم قوتابخانەکان بەڕووی قوتابیاندا کراونەتەوە.

هاوشێوەی ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، لە شاری خانەقینیش، بە هەڵکردنی ئالای کوردستان، زەنگی ساڵی نوێی خوێندن لێدرا. حەبیب فەرەج ، بەرپرسی ڕاگەیاندنی پەروەردەی خانەقین- هەرێمی کوردستان، بە باسنیوزی ڕاگەیاند: بە ئامادەبوونی مامۆستا حەسەن تاڵەبانی بەڕێوبەری پەروەردەی خانەقین- هەرێمی کوردستان و بە یاوەریی یەکەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و بەڕێوبەران و مامۆستایان و قوتابیان و خوێندکاران، لە قوتابخانەکانی هێڤی بنەڕەتیی کوڕان و تەرزی بنەڕەتی کچان، یەکەمین زەنگی ساڵی نوێی خوێندن لەلایەن بەڕێوبەری پەروەردەی خانەقین لێدرا. گوتیشی: بەڕێوبەری پەروەردەی خانەقین، پیرۆزبای ڕۆژی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندنی لە مامۆستان و قوتابیان کرد و هیوایشی خواست ئەمسالی خوێندن ببێتە مایەی وەرچەرخانی گەشەپێدانی زیاتری بواری پەروەردەیی لە دەڤەرەکەدا. لە مەراسیمی دەستپێکی وەرزی نوێی خوێندندا لە خانەقین ئالای کوردستان بەرز کرایەوە.

لە چەمچەماڵیش، لە قوتابخانەی ئەردەڵانی بنەڕەتی بە هەڵکردنی ئالای کوردستان و ئامادەبوونی قایمقام و بەڕێوبەرانی پەروەردە و مامۆستا و قوتابیان لە ڕێوڕەسمێکیدا زەنگی ساڵی نوێی خوێندن لێدراو قایمقامی شارۆچکەکە ڕەمەک ڕەمەزان پیرۆزبایی لە مامۆستایان و قوتابیان کرد.

# هەولێر... مەراسیمی دەرچوونی یەکەمەکانی پێشبڕکێی قورئانی پیرۆز بەڕێوەچوو



بەئامادەبوونی د . پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی هەریەک لە د. عەبدوڵلا گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و د.دیارجباری بەڕێوبەری گشتی دیوان و مامۆستایانی ئایینی و قوتابیان و کەسوکاری قوتابیان لەسەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، مەراسیمێک بۆ دەرچوانی خولی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز لەهۆڵی میدیا بەڕێوەچوو. بەشداربووان لەسەر تاسەری هەرێم ژمارەیان 700 کەس بوون لەهەردوو ڕەگەز پێکهاتبوون. لەوتەیەکدا وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی سەرجەم بەشداربووان و سەرکەوتوان کرد دەستخۆشی لەبەڕێوەبەرو مامۆستایان کارمەندانی سەرجەم بنکەکانی قورئانی پیرۆز کرد کە بەشێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە کارەکانیان جێبەجێکردووە. دواتر وەزیری ئەوقاف دیاری وخەڵاتی تایبەت و ڕێزلێنانی بەخشیە سەرجەم بەشدار بووان و سەرکەوتووان کە ژمارەیان 44 قوتابی بوو لەسەر ئاستی هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

# وەزیری تەندروستی ڕەوشی تەندروستیی دەربەندیخان بەسەردەکاتەوە

**خەبات-سەید فاتیح بەرزنجی:**

بەمەبەستی بە دواداچوون، د. سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی بەیاوەری بەڕێوبەری گشتی تەندروستی سلێمانی و قایمقام و تیمی وەزارەت سەردانی نەخۆشخانەی شەهید توفیق لە قەزای دەربەندیخان کرد. لە سەردانێکی مەیدانیدا تەواوی بەشەکانی نەخۆشخانە و سەرجەم پزیشکان و کارمەندان بەسەرکردەوە، دواتر سەردانی کارەکانی پرۆژەی نۆژەنکردنەوە و بینایەی خانووی پزیشکانی کرد، هەروەها زەرەر و زیانی بومەلەرزەی پێشوو لەسەر نەخۆشخانە تاوتوێکرد لەگەڵ نۆژەنکردنەوە و پێداویستی بۆ تەواوبوونی پرۆژەکە و پەلەکردن لە دەستبەکاربوونی نەخۆشخانە.



# سلێمانی... لە ڕوداوێکی هاتووچۆدا چوار کەس گیانیان لەدەستدا

**خەبات- سەبریە یوسف:** نیوەڕۆی دوێنێ، لە ئاکامی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبیل لەڕێگەی نێوان شارۆچکەی دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی چوارکەس گیانیان لەدەستداو کەسێکیش بریندارببوو. لەوبارەوە، ڕێژەن بورهان، بەڕێوبەری پۆلیسی هاتوچۆی شارۆچکەی دەربەندیخان، بە خەباتی ڕاگەیاند: لەنێوان دەربەندیخان و سلێمانی دوو ئۆتۆمبیل لەجۆرەکانی نیسان ستریک ومارسیدیس پێکیاندادا. گوتیشی: بەو هۆیەوە چوار سەرنشینی نیسان ستریکەکە گیانیان لەدەستداو شۆفێری مارسیدسەکەش بریندارببوو. ئەوەشی خستەروو، قوربانیەکانی پۆلیسی گومرکین سەر بەحکومەتی ناوەند. لای خۆشیەوە، کەمال ئەحمەد ، بەرپرسی ڕاگەیاندنی نەخۆشخانەی شەهید گشتی شەهید ڕەوف بەگ لە شارەزوور هەواڵەکەی پشت ڕاستکردەوەو ڕایگەیاند، تەرمی قوربانیەکانگواستراونەتەوە بۆ سلێمانی.



## بە بەشداری زیاتر لە 150 کۆمپانیا و پڕۆژەی جۆراوجۆر پیشانگاکە بەڕێوەچوو

# هەولێر.. یەکەمین پێشانگای نێودەوڵەتی بۆ وەبەرهێنان و خانووبەرە

**خەبات: هەولێر**

بە بەشداری زیاتر لە 150کۆمپانیا و پڕۆژەی جۆراوجۆر، بۆ یەکەمجار پێشانگای نێودەوڵەتی لە هەولێر کرایەوە و بڕیارە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوام بێت و چەندین دیداری بازرگانی تیایدا ئەنجام بدرێت. ڕێکخەری پێشانگاکە، هەردی سەلام گوتی: "دەمانەوێت لە ڕێگای ئەم پێشانگایەوە چەندین دیدار و گفتوگۆی بازرگانی ئەنجام بدەین و نوێترین تەکنەلۆژیای تایبەت بەم بوارەوە نیشان بدرێت، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر کەرتی وەبەرهێنان دەبێت". لەبارەی ژمارەی کۆمپانیاکانی بەشداربوو لەو پێشانگایە، هەردی سەلام گوتی: "زیاتر لە 150 کۆمپانیا و پڕۆژەی جۆراوجۆر لە 10وڵات بەشدارن کە زۆرترینییان کۆمپانیا تورکییەکانن و بریتین لە 25کۆمپانیا".



## سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان: هەرێمی کوردستان توانای بەرهەمهێنانی 7هەزار و 200مێگاوات کارەبای هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی کەرەستەی پێویست تەنها 3هەزار و 500مێگاوات کارەبا بەرهەم دێنێت

**خەبات: هەولێر**

بە بەشداری زیاتر لە 150 کۆمپانیا و پڕۆژەی جۆراوجۆر پیشانگاکە بەڕێوەچوو

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان، د. محەمەد شوکری گوتارێکی پێشکەشکرد و تیایدا ڕایگەیاند کە لە ساڵی 2006ـەوە نزیکەی 300هەزار تۆن چیمەنتۆ لە هەرێمی کوردستان بەرهەم دەهات و خۆشبەختانە ئێستا 12ملیۆن تۆن بەرهەم دێت".

د. محەمەد شوکری گوتیشی: "کارەبا کە سێکتەرێکی گرنگە و لە هەرێمی کوردستان توانای نزیکەی 7هەزار و 200مێگاوات هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی کەرەستەوە 3هەزار و 500 مێگاوات کارەبا بەرهەم دێنێت و ئەگەر سووتەمەنی پێویست هەبێت ئەوا بێگومان ئەو ڕێژەیە زیاد دەکات".

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان د. محەمەد شوکری ڕاشیگەیاند: "ئێمە وەکو دەستەی وەبەرهێنان گلەییمان لە کۆمەڵێک پڕۆژە هەیە و لە داهاتوودا ڕێکارێ پێویست بەرانبەریان دەگرێتەبەر بە تایبەت یەکەکانی نیشتەجێبوون، لە ئێستاشدا بە هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان دووبارە سەرقاڵی یاسای وەبەرهێنانین کە ڕۆڵێکی زیاتری هەبێت لە فراوانبوونی وەبەرهێنان، دانانی سندوقی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن لە کەرتە تایبەتەکان کار بکەن، ئێستا خەریکی بەشداری لە ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ گەرەنتی لە وەبەرهێنان بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتوودا زەمانتی وەبەرهێنان بکەین".

دەکرێت، ئەوەی کە تەخمینی بۆ کراوە نزیکەی 50ملیۆن دۆلارە و لەماوەی سێ ساڵ تەواو دەبێت و بەرزی تاوەرەکە بڕیتییە لە 180 مەتر".

ئومێد نەقشبەندی گوتیشی: "دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی کەرتی وەبەرهێنان بەرەو لاوازی چوو بەڵام ئەمساڵ هەست دەکرێت کە کەرتی وەبەرهێنان و ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان بە گشتی بووژانەوەی بەخۆیەوە بینیووە و دەستکراوە بە ئەنجامدانی پڕۆژەیەکی زۆر لە شار و شارۆچکەکان".

لە ڕێورەسمی کردنەوەی پێشانگایەکەدا، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان، د. محەمەد شوکری پێشکەشکرد و تیایدا ڕایگەیاند کە لە ساڵی 2006ـەوە نزیکەی 300هەزار تۆن چیمەنتۆ لە هەرێمی کوردستان بەرهەم دەهات و خۆشبەختانە ئێستا 12ملیۆن تۆن بەرهەم دێت".

د. محەمەد شوکری گوتیشی: "کارەبا کە سێکتەرێکی گرنگە و لە هەرێمی کوردستان توانای نزیکەی 7هەزار و 200مێگاوات هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی کەرەستەوە 3هەزار و 500 مێگاوات کارەبا بەرهەم دێنێت و ئەگەر سووتەمەنی پێویست هەبێت ئەوا بێگومان ئەو ڕێژەیە زیاد دەکات".

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان د. محەمەد شوکری ڕاشیگەیاند: "ئێمە وەکو دەستەی وەبەرهێنان گلەییمان لە کۆمەڵێک پڕۆژە هەیە و لە داهاتوودا ڕێکارێ پێویست بەرانبەریان دەگرێتەبەر بە تایبەت یەکەکانی نیشتەجێبوون، لە ئێستاشدا بە هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان دووبارە سەرقاڵی یاسای وەبەرهێنانین کە ڕۆڵێکی زیاتری هەبێت لە فراوانبوونی وەبەرهێنان، دانانی سندوقی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن لە کەرتە تایبەتەکان کار بکەن، ئێستا خەریکی بەشداری لە ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ گەرەنتی لە وەبەرهێنان بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتوودا زەمانتی وەبەرهێنان بکەین".

# دهۆک.. لە فیستیڤاڵی ترێ 60 جۆر ترێی نایاب نمایشکرا
# لەسەر ئاستی جیهاندا تەنها 13٪ی ترێ بە تازەیی دەخورێت و 7٪ی دەکرێتە شەربەت





**خەبات: دهۆک**

بە بەشداریی 33جووتیاری سنووری پارێزگای دهۆک و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حکوومیی و حزبی سێزدەمین فێستیڤاڵی ترێ بە نمایشکردنی زیاتر لە 60جۆر ترێ بەڕێوەچوو.

بە بەشداریی 33جووتیاری سنووری پارێزگای دهۆک و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حکوومیی و حزبی سێزدەمین فیستیڤاڵی ترێ بە نمایشکردنی زیاتر لە 60جۆر ترێ بەڕێوەچوو.

سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵەکەش ڕایگەیاند "ئامانجمان لە فێستیڤاڵی ترێیی دهۆک، کۆکردنەوەی جووتیارانی سنووری پارێزگاکەیە لەپێناو ئەوەی زانیاریەکانیان ئاڵوگۆڕبکەن".

سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵی ترێ لە پارێزگای دهۆک، سەعدوڵلا ئەحمەد لە لێدوانێکدا، ڕایگەیاند " بە بەشداریی 33جووتیاری سنووری پارێزگای دهۆک و بە نمایشکردنی 60جۆر ترێ، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حکوومیی و حیزبیی، فێستیڤاڵی ترێ بەڕێوەچوو".

سەعدوڵلا ئەحمەد گوتیشی: "لە فێستیڤاڵەکەدا سەرجەم جۆرەکانی ترێیی سنووری پارێزگای دهۆک نمایشکرا، هەموو ئامانجێکمان کۆکردنەوەی جووتیاران و ناساندنی بەرهەمی ترێ بوو بە خەڵک، لەگەڵ ئەوەشدا دەمانەوێت جووتیاران ئەزموون و زانیاریەکانیان لەگەڵ یەکتر ئاڵوگۆڕبکەن".

سەعدوڵلا ئەحمەد ناوی بەناوبانگترین ترێکانی ئاشکراکرد و ڕایگەیاند "ترێ زەرک، ڕەش مێو، تائیفی، کمانی، ڕەشمیری، حیجازی، زەیتوونی، جنوبی، میرانی، ریدگلوب، کشمش، موسا بەگ، سلێمانی ڕەش، سلیمانی زەرد، چاوگا، کرکرانی، بلاک بێری، گەڤرە ڕەش، تەبرێزیی و دەیان جۆری دیکە کە لە ئەڵمانیا، فەرەنسا، تورکیا و ئێران هاوردەکراون و بە موتربەکردن چەندین جۆر ترێیی نوێ بەرهەمهێنراوە".

ڕاشیگەیاند: "بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کشتوکاڵی پارێزگای دهۆک بە هەموو شێوەیەک پاڵپشت و هاوکارن لە بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی ترێ".

هاوواڵاتیی دیار مەجید کە بەمەبەستی بینینی جۆرەکانی ترێ سەردانی فێستیڤاڵەکەی کردووە، گوتی: "من کەسێکم هاوشێوەی زۆرینەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆک حەز بە خواردنی ترێ دەکەم، بۆیە بەشداریم لە فێستیڤاڵەکە کرد مەبەستم بوو بزانم چەند جۆر ترێی ڕەش هەیە و تامیان بکەم و شێوەکانیان ببینم".

هەرچەند لە سنووری پارێزگای دهۆک ترێ تەنها بۆ خواردن و دروستکردنی شەربەت بەکاردێت، بەڵام لەسەر ئاستی جیهان 80%ی بەرهەمی ترێ بۆ دروستکردنی شەراب، 13%ی بە تازەیی دەخورێت و ئەو 7%ەشی کە دەمێنێتەوە چەندین جۆر شەربەتی لێ دروست دەکرێت.

# هەنجیری دەڤەری ئاکرێ بەناوبانگترین جۆری هەنجیر لەسەر ئاستی کوردستان و عیراق
## زیاتر لە 24 هەزار دار هەنجیر لە سنووری قەزای ئاکرێ هەیە





**خەبات: ئاکرێ**

لە سنووری قەزای ئاکرێ ساڵانە نزیکەی 3هەزار تۆن هەنجیر بەرهەم دەهێندرێت لە 10جۆری جیاواز کە هەر جۆرێکیان تایبەتمەندی خۆی هەیەو تامەکەی بەجۆرێکە کە لە سەرتاسەری هەرێم و عێراق و چەند وڵاتێکی ئەوروپا خواستی لەسەرە.

زیاتر لە 720دۆنم زەوی لە سنووری قەزای ئاکرێ بە داری هەنجیر داچێنراوە و بەگوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ زیاتر لە 24هەزار دار هەنجیر لە سنووری قەزای ئاکرێ هەیە.

هەنجیری ئاکرێ تام، بۆن و شێوەی لەگەڵ هەنجیری شوێنەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و عێراق جیاوازە و هەر ئەمەیش وایکردووە دانیشتووانی عێراق و گەشتیارانی بیانی هەنجیری ئاکرێ لەگەڵ خۆیاندا بۆ وڵاتەکەیان ببەنەوە.

خاوەن باخی هەنجیر، سوهەیب ئاکرەیی گوتی: "هەنجیری باخەکەمان لە جۆری ئەحیا بەگە کە یەکێکە لە جۆرەکانی هەنجیری ئاکرێ، هەموو جۆرە هەنجیرەکانی ئاکرێ تام و بۆنێکی خۆش و شێوەیەکی جیاوازییان هەیە، ئەمەیش بۆ گونجاوی کەشوهەوا و شارەزایی جووتیارەکانمان دەگەڕێتەوە".

ئەو خاوەن باخە سەبەتەیەکی لە دار دروستکراو و گۆچانێکی دار بۆ لێکردنەوەی هەنجیر بەکاردەهێنێت لە هەر داریک چەند هەنجیرێک دەخاتە نێو سەبەتەکەوە و ئاماژەی بەوەشدا کە لە هەفتەیەکدا سێ ڕۆژ بەیانی زوو بەرهەمی هەنجیرەکانیان دەڕنن.

سوهەیب ئاکرەیی دەڵێت: تام و شێوە تایبەتەکەی هەنجیری ئاکرێ وایکردووە خواستی زۆری لەسەر بێت لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و عێراق و تەنانەت چەند وڵاتێکی ئەورووپاش".

باخەوانانی ئاکرێ سالانە دەیان تۆن هەنجیر وشک دەکەنەوە و تاوەکو هاوواڵاتیان لە شەوچەرە وەرزی زستانداندا سفرەکانیان پێ ڕازێننەوە، هەروەها مرەباش لە هەنجیر دروست دەکەن.

خالد وەلید فرۆشیارێکی قەزای ئاکرێ-یە و دەیان سندوق هەنجیری بۆ کڕیاران خستووەتەڕوو بانگ دەکات هەنجیری ئاکرێ خۆشترین هەنجیری ناوچەکە، لەبارەی بازاڕی هەنجیر ئەو گوتی: "هەنجیری ئاکرێ تایبەتترین و بەتامترین جۆری هەنجیرە، هاوواڵاتیان لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان و لە پارێزگاکانی بەغدا و مووسڵ هاتوون هەنجیری ئاکرێ-یان کڕیوە".

دەشڵێت "مانگە نزیکەی 40 تۆن هەنجیر لە ئاکرێ دەفرۆشرێت و بەشێک لە کڕیاران لە وڵاتی فەڕەنسا و ئەڵمانیاوە دێن، بە بەتامترین جۆری هەنجیر هەژماری دەکەن".

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/9/22 ژمارە (5832)
خەبات



عەتا مەلا تاهیر

## قوتابخانە وەک مەزڵومترین فەرمانگە

کە باس لە پرۆسەی پەروەردە دەکرێت هەمیشە دەگوترێت پەروەردە لەسەر سێ بنەما دادەمەزرێت، کە ئەوانیش (قوتابی و مامۆستا و (پرۆگرام)ە و تا ئەوەی پەروەردە کاران ناویان ناوە سێکوچکەی پەروەردە

بەدڵنیاییەوە ئەمانە هەرسێکیان بنەما و گرنگن لە بواری پەروەردە، بەڵام نابێ ڕۆڵی قوتابخانە (وەک فەرمانگەیەکی حکومی ) و کارگێڕی قوتابخانە بەکەم لەچاو بگیرێت، چونکە گرنگیان بنەماکانی سەرەوە هەمووی باش بوو، بەڵام کارگێڕی قوتابخانە لە ئاست پێویست نەبوو، ئەوا نا یەکسانی و نەبوونی ئینتیما و ئیلتزام نەکردن دەبنە سیمای ئەو قوتابخانەیە و دواجاریش دەبێتە هۆی دابەزاندنی بنەماکانی تریش.

ئەوەی مەبەستمە لێرە ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە:

قوتابخانەکان فەرمانگەن و سەر بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەن، بەڵام هیچ کات وەکو فەرمانگە مامەڵەیان لەگەڵ نەکراوە و وەکو پێویست گرنگییان پێ نەدراوە ئەمەش لەچەند ڕوویەکەوە کە بەخاڵ دیاری دەکەم

1- بەڕێوەبەری قوتابخانە دەسەلاتی زۆر سنووردارە و دەتوانم بڵێم دەسەلاتێکی ئەوتۆی کارگێڕی نییە

2- هەموو فەرمانگەیەک دەتوانێت نووسراو بۆ فەرمانبەری خۆی بکات بۆ هەر شوێنێک و فەرمانگەیەک بێت ( بەمەرجێک لە ڕووی کارگێڕییەوە لەو بەرزتر نەبێت ) ، کەچی بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەو دەسەلاتەی نییە ، بەڵکو دەبێ بۆ ساده ترین نووسراو کە پشتگیرییە ، بەڕێوەبەری داماو دەبێ نووسراو ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکەی بکات و لەوێش دوای چەندین ڕۆژێن و ماندووبوون ماموستای بەڕێز کە پشتگیرییەکەی داواکردووە شادمان دەبێ بەشەرەفی وەرگرتنی پشتگیرییەکەی.

3- بەڕێوەبەری هەر فەرمانگەیەک فرۆشگای فەرمانگەکەی خۆی بەکرێ دەدات و ئەو دەسەلاتەی هەیە بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرووی خۆی، کەچی فرۆشگای قوتابخانەکان لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەوە بەکرێ دەدرێن و بەشێکیش لەو پارەیە دەگەڕێندرێتەوە پەروەردەکان بەمەبەستی دابەشکردنی بەسەر ئەو قوتابخانانەی کە فرۆشگایان نییە.

4- هەر فەرمانگەیەک لایەنی کەم ئوتومبیلێکی هەیە، هەڵبەتە لەو فەرمانگانەی کە میلاکییان زۆرە زۆر کات فەرمانبەری وا هەیە ئەتۆمبیلی حکومەتی لایە کە هیچ کارێکی بەو ئۆتۆمبیلە نییە جگە لە هاتوچۆی خۆی، کەچی بەڕێوەبەری قوتابخانە زۆر پێویستترە و هەمیشە دەبێت سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بکات بۆ ڕایی کردنی کاروباری قوتابخانە.

5- بەڕێوەبەری هەر فەرمانگەیەک دەسەلاتی ئەوەی هەیە فەرمانبەرانی خۆی بەگوێرەی شایستەبوونییان ڕێز و سوپاس یان سزایان ئاراستە بکات، بەڵام بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەو دەسەلاتەی نییە.

ئەمانە و چەندین دەسەلاتی تر، ئێستا ئەگەر بپرسین قوتابخانە ( کە بە بڕوای من لە هەرهەموو فەرمانگەکانی حکومەت گرنگترە ) دەسەلاتی چییە؟ بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانە دەبێ هەر بەش مەبەنەت و داماو و بێ دەسەلات بێ (بە بەراورد بە بەڕێوەبەری هەر فەرمانگەیەک ) ، بۆ هەر دەبێ ڕووی گلەییەکان لەوبێ.

لێرەولەوێ گوێبیستی ( گەڕانەوەی شکۆی مامۆستا ) دەبین، من دەڵێم ناتوانین شکۆ بۆ مامۆستا یگەڕێنینەوە لەکاتێکدا مامۆستا لە قوتابخانە دەوام بکات کە شکۆی( لە ڕووی کارگێڕییەوە) لە نزمترین فەرمانگە نزمتر بێت، بۆیە دەبێ کار لەسەر شکۆدارکردنی قوتابخانە بکەین ( لە ڕووی کارگێڕییەوە ) ، دەبێ قوتابخانە هەم لە ڕووی کارگێڕییەوە و هەمیش لە ڕووی داراییەوە لە ئاستێک بەرز مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

ئەو کات مامۆستا هەست بە گرنگی خۆی دەکات و زیاتریش خۆی ماندوو دەکات و قوتابییەکانیش بەچاوێکی بەرزتر سەیری مامۆستا دەکەن و ئاستیشان بەرزتر دەبێ و بواری چالاکی جۆراو جۆریش زیاتر دەبێ لە قوتابخانەکان.

# بە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان
# یەکەم زەنگی ساڵی نوێی خوێندنی 2019 - 2020 لێدرا

### بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر:
## پرۆسەی بە ئینگلیزیکردن هەڵپەسێراوە تا ئەو کاتەی پێداویستی پرۆسەکە دابینەکرێت





### بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندی هەولێر:
## ئەمساڵ گروتینێکی زیاتر بۆ پرۆسەی خوێندن هەیە

**خەبات / ڕۆشنا عەلی**

دوێنێ لەشاری هەولێر یەکەم زەنگی دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن بەبەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و سرودی ئەی ڕەقیب لێدرا ، لە مەراسیمێکی تایبەت ولە قوتابخانەی حەمدی بنەڕەتی هاوڕێی منداڵ سەر بە پەروەردەی ناوەندی هەولێر.

بە ئامادەبوونی تاهیر عەبدوڵا جێگری پارێزگاری هەولێر و بەشدار عبدالخالق بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێرو دلێر عەبدوڵا بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندی هەولێر ئامادەبوون لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر دەربارەی دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن وتی : ئەمساڵ لە قوتابخانەی حەمدی لەشاری هەولێر یەکەم زەنگی خوێندنمان لێدا کە ئامانج لێی گەیاندنی پەیامێکی پەروەردەییە ، دەربارەی جیاوازی خوێندنی ئەمساڵ لە گەڵ ساڵانی ڕابردووگۆڕانکارییەکان لە پرۆسەو پڕۆگرامی خوێندن بە تایبەتی سیستەمی بەکوردیکردنەوەی بابەتی زانستییەکان مامۆستا بەشدار وتی : ئەم سیستەمە سیستەمێکی ئەزموونی بوو کەلە هەندێک قوتابخانە جێبەجێکرا و هەموو قوتابخانەکانی نەگرتبۆوە بۆئەمسالّی خوێندن پرۆسەکە هەڵپەسێردرا نەک هەڵوەشێتەوە تا سەرجەم ئەو پێداویستییانەی ئەم سیستەمە پێویستێتی دابینەدەکرێت ، دەربارەی میکانیزمی جێبەجێکردنی بڕیارەکەش وتی : سیستەمەکە تا پۆلی سێ ڕۆشتبوو بۆیە هیچ کێشەیەک بۆ قوتابی دروستناکات.

مامۆستا دلێر عەبدوڵا بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندی هەولێر بۆخەبات دەربارەی ئەوەی کە ئەمساڵ وەزارەتی پەروەردەوە کۆمەڵێک بڕیاری دەرکردووە ئایا تاچەند ئاسانە بۆ پەروەردەکان کە بەدواداچوونی بۆ بکەن و قوتابخانەکانیش کە جێبەجێی بکەن وتی: دیارە ئەو بڕیارانەی لە وەزارەت دەرچووە بە دڵنیاییەوە لە ڕێگای نوسراو یان داواکاری پەروەردەکانە وەریگرتووە بۆیە بۆچوونی تاکەکەس نییە کە بابەتی وەک سیستەمی ئینگلیزی وتنەوەی وانە لەلایەن مامۆستایانی میلاکی وەزارەت لە قوتابخانە ناحکومییەکان ، بۆچارەسەرێشی هەرچارەسەرێک و بەدواداچوونێک گرفتی دەبێت، بەڵام هەوڵ دەدرێت بە ئاسانترین شێوە ئەو گرفتان چارەسەر بکرێن ،هەروەها مامۆستا دلێر وتی : ئەمساڵ گروتینێکی تەواو هەیە بۆ پرۆسەی خوێندن بە گشتی کۆمەڵێک دەستکەوت بەڕێوەبە لە ئێستادا خەریکی پلانی چوار ساڵەین خۆشبەختانە ئەوەی پەیوەندی هەیە بە بژێوی مامۆستایان تارادەیەک چارەسەر کراوە پێویستە ئەو پلانانە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەو حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کاری جدی لەسەر بکرێت و جێبەجێکرێت .

بەڕێوەبەری قوتابخانەی حەمدی مامۆستا خالس حوسێن دەربارەی سیستەمی نوێی ئەمساڵ و پرۆژەی هاوڕێی ڕەخنەگرکە بابەتێکی نوێیی بۆ ئەمساڵی خوێندن جێبەجێدەکرێت وتی ئێمە لە هاوینەوە خۆمان بۆ ئامادە کردووە ڕاستە ئەرکی زۆر لەسەر بەڕێوەبەرە ، بەڵام مامۆستایانیش هاوکارن دەربارەی ئەوەشی کە قوتابخانەکەی لە ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردی بۆ ئەمساڵی خوێندن وتی : کێشە مان بۆدروست دەبێت بێگومان کارێکی قورسە، بەڵام دەبێت بەپێی کات چارەسەر بکرێت و قوتابی و مامۆستا لەسەری ڕابهێنرێتەوە.



قوتابیان لە چاوەروانی زەنگی خوێندندا



# لێدانی زەنگی خوێندن بەسەدایەکی تر



**ڕۆشنا عەلی**

لێدانی زەنگی یەکەم دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن بۆ قوتابییان و مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی پرۆسەی خوێندن سەدایەکی تری هەیە، هەڵبەت مەبەستمە بڵێم بە سەدایەکی جیاوازتر، ئەوەی تێبینی دەکرێت وەک ئامادەکاری لەم دەسپێکە نوێیەی ساڵی خوێندن گرووتینێکی زیاتر دەبینرێت چ لەلایەن مامۆستایانەوە چ لەلایەن پەروەردەکارانەوە.

پێم وایە زۆرێکییان لە خەمی پرۆسەکەدان و بەردەوام لەهەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری کێشە پەروەردەییەکاندا بوون بە تایبەت لە ئەمساڵی خوێندن ، کەپێم وایە زۆرترین پێشنیار بۆ وەزارەتی پەروەردە و وەزیرەکەی لەلایەن مامۆستایان و پەروەردەکارانەوە کراوە هۆکاری سەرەکی ئەوەش گۆڕانی کابینەی نوێی حکومەت بوو بەوەزارەتی پەروەردەشەوە کەبەر ئەو گۆڕانکارییە کەوت ، هەڵبەت هیوایەک بۆمامۆستایان بە گشتی و پەروەردەکاران بە تایبەتی دروستبووە کە گۆڕانکاری لە پرۆسەی پەروەردە دێتە کایەوە بەو ئاڕاستەیەی کە پەروەردەکاران خوازیارین ، مەبەستمە بڵێم مامۆستایان و پەروەردەکاران لەسەروبەندی دروستبوونی کابینەی نوێوە بۆچوونێکیان لا دروست بووە کە وەزارەتی پەروەردە مەبەستییەتی گوێ بۆ مامۆستایان بگرێت و پێشنیارکاران بەدوای چارەسەر و جێبەجێکردنی پێشنیازەکانییانەوەن و کە هەر خەمساردییەک لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارو ڕێنماییانە ی دەرکراون لەلایەن خودی وەزارەتەوە خەمساردی لای مامۆستایان و قوتابییان دروستدەکات و ساردیان دەکاتەوە لەو گرووتینەی کە پێش کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان هەیانبوو.

سەدایەکی تری زەنگی ئەمساڵ و هۆکاری ئەم خۆ لێ هەڵکردنە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک بڕیارو ڕێنمایی وەزارەتی پەروەردە کە زۆریک لە پەروەردەکاران پاڵپشتی بوون بە تایبەتی سنووردارکردنی وانە وتنەوەی مامۆستایانی میلاکی وەزارەتی پەروەردە لە قوتابخانە ناحکومییەکاندا و هەڵوەشاندنەوەی وانەکانی زانست و بیرکاری لە ئینگلیزییەوە بۆکوردی و و پێدانی یەک ئاڕاستەیی بە خوێندن لە سەرجەم قوتابخانەکاندا

بۆیە پاریزگاریکردن لەم گرووتینە ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە کە زیاتر کار لەسەر جێبەجێکردنی پێشنیارەکانی مامۆستایان و پەروەردەکاران بکات و هاوکات بەدواداچوونی وردیشی بۆ بکرێت کە تاچ ڕادەیەک جێبەجێکراوە ، ئەو ئاستەنگانەی بۆ ئەمساڵی خوێندن دروست دەبێت پێم وایە یەکەمیان پرۆسەی پەرەپێدانی قوتابخانەکانە کە ئەرکی گەورە دەکەوێتە سەر بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیارانیش بەشێکی زۆری جێبەجێکردنی پرۆسەکەو ڕۆڵییان بەردەکەوێت، کە ئاستەنگە زەقەکانی وردە وردە سەرهەڵدەدات ، چونکە وەک دەزانرێت هیچ پرۆسەیەکی نوێ بێ کێشە تێناپەڕێت وپرۆسەی بە ئەلیکترۆنیکردنی قوتابخانەکانیش بابەتێکی تر کە پێم وانییە جێبەجێبێت و کێشە گەلێک بە دوای خۆیدا دەهێنێت ئەمانەش بەشێک دەبن لە سەدا جیاوازەکانی زەنگی ئەمساڵی خوێندن.



# کورد و عەرەب و بەغدا

**سەربەست بامەرنی**

زیندەباری میژووی هاوبەشی نێوان گەلانی ناوچەکە، پەیوەندی کوردستان لە گەڵ پایتەخت و گەلی عەرەب، بەراستی باش بوو، زۆرێک لەو پایتەختانەش هەڵوێستی جوامێرانەیان بەرامبەر خەباتی نیشتمانی کوردستان هەبوو، هەر لە هەڵوێستی سەرۆکی کۆچکردووی میسر، جەمال عەبدولناسڕەوە کە یەکەم ئێزگەی بەزمانی کوردی لە قاهیرە کردەوە و پێشوازیشی لە رابەری میژوویی کوردستان، مەستەفا بارزانی کرد لەکاتی گەڕانەوەی لە یەکێتیی سۆڤیەتدا.

میسڕ تاکو ئێستاش، بە حکوومەت و گەلەوە، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ گەلی کوردستاندا هەیە، بە ڕەتبوون بە پەیوەندییەکان لەگەڵ شانشینی عەرەبی سعودی، تێگەیشتوو و پاڵپشتکەری داواکاریی و مافەکانی گەلی کوردستان، کە من خۆم شایەدی هەندێکیان بووم، ئەو دەمەی ئۆپۆزسیۆن بووین، هەرچەندە ئەوە مەتەرسی بۆ سەر پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و عێراق هەبوو، هەروەها پێشان و ئێستاش، پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ شانشینی ئوردنی هاشمی هەیە، هەر لە هەڵوێستە تایبەتییەکانی ڕەحمەتی، شا حوسێن، جارێکیان لە دیدارێکی لەگەڵ سەرکردەیەکی ناسراوی کورددا رایگەیاند، لەنێو خێزانەکەی خۆیدا خزمی کوردی هەیە لە ڕێگەی ژنخوازییەوە، تاکو ئێستا پەیوەندییەکانی شانشینی ئوردنی هاشمی، بە گەل و حکوومەتەوە، لەگەڵ گەلی کوردستان لە سەرووی نایابەوەیە، هەروەها پەیوەندییەکان لەگەڵ کۆێتی دراوسێش، بە گەل و حکوومەتەوە، زۆر زۆر باشە.

ئەوانەی باسمان کرد، تەنیا چەند نموونەیەکن لە سەر ئەوەی پەیوەندییەکانی کوردستانی-عەرەبی باشن، هەرچەندە بارودۆخی ناوچەکە و پێداویستیی پەیوەندییەکانی عەرەبی-عەرەبی، بەردەوام بۆ دەرخستنی ئەو پەیوەندیانە و پشتیوانیکردنی ئاشکرا بۆ مەسەلەی نیشتمانی کوردستانی لەبار نەبوون، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، پایتەختە سەرەکی و گرنگەکانی عەرەبی، ڕێزیان لە ویستی گەلی کوردستان، مافە ڕەواکانی و خەباتە نیشتمانییەکەی گرتووە، تەنیا بەغدای پایتەختی ئەنفالەکان نەبێت، کە پێشان و ئێستاش، سەرچاوەی دۆزمنایەتیکردنی گەلی کورد، بەرەنگاربوونەوە و نکۆلیکردن لە مافە نەتەوەیی و دیموکراسییە ڕەواکانیەتی، هەرچەندە گۆڕانکاری زۆر لە عێراق ڕووی داوە، سیستمی فیدراڵی دامەزراوە و دەستوور نووسراوەتەوە، بەڵام کاری پێ ناکرێت.

ئەو ڕاستییەی سەرەوە ناکرێت پشتگوێ بخرێت تەنیا لەبەر ئەوەی کەسایەتییەکی دۆستی گەلی کوردستان، وەکو بەرێز عادل عەبدولمەهدی، لەسەرووی دەسەلاتەوەیە، چونکە ناوبراو لەلایەن زۆربەی ناوەندەکانی هێز لە بەغداوە، کۆت کراوە و دەورە دراوە. باشترین بەڵگەش لەسەر دژایەتیکردنی بەردەوام و هەڵوێستە نەرێنییەکانی بەرامبەر گەلی کوردستان، ئەوەیە کە لە ژێر گومبەتی پەرلەمانی عێراق دەگوزەرێت، کە بووەتە سەکۆیەک بۆ دژایەتیکردنی گەلی کوردستان و مافە نەتەوەییە ڕەواکانی، زۆرێک لە پەرلەمانتاران، کێبڕکێ لەسەر دەرخستنی دژایەتییان بۆ هەموو شتێکی کوردستانی دەکەن و هەوڵ دەدەن مافەکانی لە دەستوور ڕەت بکەنەوە و بەربەست بخەنە بەردەم جێبەجێکردنی ئەو شتانەی پەیوەستن بە کوردستانەوە، بە خستنەڕووی پرۆژەی ڕەگەزبەرستی، بۆ ئابلۆقەدانی لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە.

لە سۆنگەی بیرۆکەکانی ڕەگەزبەرستی بۆ داگیرکاری نیشتەجێکردن، گیانی دۆزمنایەتی بۆ بەگەورە زانینی نەتەوەیی و ڕەوتی ڕەتکردنەوەی ئەوەی لەخۆی جیاوازە، ئەوەش لەسەر شەقامی کوردستانیدا، بەردەوام ئەو پرسیارە دەخاتە ڕوو، چ سوودێک لە مانەوە لە چوارچێوەی شکستهێنانی گشتیی، گەندەڵی بەربڵاو ونکۆلیکردنی ئاشکرا لە مافە نەتەوەییەکانی و هاوبەشی ڕاستەقینەدا هەیە. دەوڵەتی داگیرکاری نیشتەجێکردن، کە هیچ شێوازێکی تاوانکاری نەماوە لەدژی گەلی کوردستان تاقی نەکردبێتەوە، لە سەرکوتکردن، دەرکردن، کۆچ پێکردن، ئەنفالەکان، هەڵمەتەکانی قڕکردنی بە کۆمەڵ، کاولکردنی چوار هەزار گوند تاکو دەگاتە داگیرکردنی زیاتر لە نیوەی کوردستان، بە ناوەندی پارێزگای کەرکووکیشەوە. دەبێت گەلی کوردستان، تاکەی نرخی گەوجیەتی دۆن کیشۆتەکانی بەغدا بدات، ئەوانەی تەنیا لە دەرخستنی دۆزمنایەتییان بۆ گەلی کوردستان، پێشبڕکێ ناکەن، بەڵکو ئەو دەرخستنە بووەتە ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت، پۆست و پلەی بەرز لە وڵاتدا.

ڕاستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵی بێتوچانی سەرڕاست و بەردەوام، بۆ چارەکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان لەگەڵ بەغدا دەدات، وەکو ڕێزلێنان و پێزانینی پەیوەندییە میژوویییەکان لەگەڵ گەلی عەرەبی، هەروەها بۆ لەبەرچاو گرتنی هەڵوێستە ئەرێنییەکانی (تا ڕادەیەک)ی حکومەتەکەی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی، بەڵام میژوو پێمان دەڵێت، ئەو هەوڵ و کۆششانەی دەدرێن، هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێت و سەرکەوتووش نابێت، بەهۆی بەردەوامی سەرەوری میشکی داگیرکاری نیشتەجێکردن و گەمەی گەرمووگوڕ لە دژایەتیکردنی گەلی کوردستان و مافە ڕەواکانی لەسەر هەموو ئاستەکاندا، بە ئاستی ڕاگەیاندنیشەوە، کە پێویستە پابەندی بێ لایەنی، ڕاست بێژی و پەرۆشی یەکگرتنی نیشتمانی بێت، ئەوەی شەو و ڕۆژ بە شان و باڵی هەڵدەدەن.

لەوەی وتمان دووپات دەبێتەوە، تاکە ڕێگەی ڕاست و دروست لەبەردەم گەلی کوردستان، خۆی لە کاراکردنی ئەنجامی ڕیفراندۆمی میللی و میژوویی ڕێکەوتی 25ی ئەیلولی 2017 دەبینێتەوە، کە هاوولاتیانی کوردستان بە ڕێژەی ?93% دەنگیان بۆ جیابوونەوە لە عێراق دا، دەبێت داوا لە دەستەکانی نێودەوڵەتی، نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتیی ئەوروپا و پایتەختە کاریگەرەکانی جیهانیش بکرێت، دان بە مافی گەلی کوردستان، لە ئازادی و سەربەخۆیی بنێن و ڕێز لە ویستی بگرن، گومانم وایە ئەو پایتەختە عەرەبیانەی کە پێشان و ئێستاش، پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ گەلی کوردستاندا هەیە، پشتیوانی لێ دەکەن و پەیوەندییەکانی کوردستانی-عەرەبیش، هەر بە باشی و جیاوکی دەمێننەوە، بە چاوپۆشین لە هەڵوێستە ڕەگەزپەرستییەکانی دۆن کیشۆتەکانی بەغدا.

**و: ڕەمزی میرەکانی**





# هەڵەبجە باجی حیزبی حکومڕانی شار دەدات

**ڕێبین ڕەحیم**

هەڵەبجە وەک شارێکی مەزڵوم و ژەهرخواردکراو هێما و سیمبولی دۆزی ئێمەیە لەسەر ئاستی جیهان و تا ئێستاش وەک قوربانییەکی جیهانی دەناسرێتەوە و مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. ئەم شارە کە لانکەیەکی گەورەی کایەی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی باشووری کوردستانە، کێبڕکێیی لەگەڵ هەموشارەکانی کوردستان لەڕووی مەعریفە و ئەدەب و قوتابخانەی دینی و زانستییەوە کردووە و میژووەکەی لەئێستای پرشنگدارتر و ڕازاوەترە.

تا ساڵی 2003و کەوتنی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ و ڕاوەدونانی تیرۆرستان لەناوچەکە هەڵەبجە جێگەی یەکلایی کردنەوەی حساباتی سیاسی و کۆنەڕق بوو ,کە ئەمەش وێرانەیەکی دیکەی بەشار بەخشی و ئازارەکانی بەسوێتەرکرد و ژێرخانی شاری کاولتر کرد.

لەدوای ئەو بەرواڕەوە و بۆ ماوەی 18حکوومەتی خۆجێیی شارەکە تەواوی جومگەکانی دەسەلات بەڕێوە دەبات، بەڵام لەم ماوە زۆرەدا، کەمترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە هەڵەبجە کراوە و ئێستاش هەڵەبجە لەقەزایەکی پۆشتە و پەرداخ ناچێت، چی بگات بە پارێزگایەکی جوان و سەرنجڕاکێش!. سیما سەرەکییەکانی هەر شارێک لەدونیا چەند شتێکی دیارن کە خۆیان لەمانەی خوارەوەدا دەبینەوە:

1- شەقام و جادەی قیرتاوڕێژی پان و بەرین و جزرەوسەتی پرلەدار و درەخت و نەمام.

2- هەبوونی (over bus) و (under bus).

3- هەبوونی ترافیک لایت و فولکەی مۆدێرن و جوان.

4- باڵەخانەی بەرز و ڕاقی

5- نەخۆشخانەی چەندسەد قەرەوێلە و پزیشکی زۆر و تایبەتمەند.

6- قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگای ئەهلی و حکوومی پێشکەوتوو.

7- هەبوونی پارک و شوێنی حەوانەی گشتی فراوان کە ڕێژەی سەوزایی ستانداربێت کە تێکڕا سوودی لێ ببینین.

کە بێگومان هەموو هەڵەبجەییەکی بەئینساف شاهێدی ئەوە دەدات کە شار ئەمشتانە و زۆرشتی دیکەی تێدا نیە و هەڵەبجە هەتا ئێستاش جێگەی فرمێسک بۆڕشتنە، حیزبی حکومڕانی شار لەو ماوە زۆرەی ئیدارەدانی شاردا هەڵەبجەی وەک هەر قەزایەکی دیکەی کوردستان حیسابی بۆدەکرد ساڵی 1974و ساڵی 1987و کیمیاباران و جینۆسایدی ساڵی1988 قۆناغەکانی وێرانکاری و خاپورکردن بەسەر شاری هەڵەبجەدا هاتن و سیمای ژیان و شارستانی لەم شارە شێواو و شار بوو بە کەلاوە، کەچی هیچ حسابیان بۆ نەکرد.

ئەگەر تۆزێ زیاتر بچینە نێو وردەکاری ئیداری، ئەوا بۆت ڕوون دەبێتەوە کە شار نەک هەر بەمەبەست خزمەت ناکرێت بگرە سزاش دەدرێت و بەڵگەشم بۆ ئەم قسەیەم هەیە.

ساڵی 2017چەند یارێدەدەرێکی پزیشک داوایانکرد کە لەڕێگەی لقی12ی پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵبدرێت سەرۆک وەزیرانی ئەوکات کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕ واتا تایبەتمەند بۆ شار دابمەزرێت کە دامەزراندن لەکوردستان نەبوو، ئەوەبوو سەرۆکی حکوومەت( 10پزیشک)ی لەبواری جیاوازەکان بۆ هەڵەبجە دامەزراند بەمەرجێک دەبێت پزیشکەکان زیاد لە پێنج ساڵ لەناو شاردا خزمەت بکەن، ئەوجا داوای گواستنەوە بکەن، کەچی هەردوای موباشەرەکردنیان لەڕێگەی مەڵبەندەوە واستەیان لای وەزیری تەندروستی ئەوکات کە یەکێتی بوو کرد و خۆیان نەقڵ کردەوە بۆ سلێمانی و هەڵەبجەیان جێهێشت!.

زۆرینەی سێکتەرەکانی ژیان لەم شارە وێرانەن و لایەنێکی دەسەلاتی شارەکە 83%ی پۆستەکانی شاری بەدەستە لەکاتێکدا22%ی دەنگەکانی خەڵکی شارەکەیان بەدەستهێناوە، کەچی دوای چەند ساڵێک لەبینە و بەردە و ڕێککەوتنی ئەم دوایینانەی هەموهێزە سیاسییەکان، لایەنی دەسەلاتی شارەکە لەڕێککەوتنەکەی پەشیمان بوویەوە و پارێزگارەکەی کتابێکی بۆ سەرووی خۆی کردووە کە ئیش بەکتابی پێشووتریان، ئەمەش هیچ پاڵپشتیکی یاسایی نیە، ئەمانە و زۆر بابەتی دیکە دەمانگەیەنن ئەو ڕاستییەی کە هەڵەبجە باجی حزبی حکومڕانی شار دەدات نەک شتێکی دیکە.



سوورە مەرکەیی

## کێشەی کەرکوک و چارەسەرەکەی

بە درێژایی میژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق ناسنامەی کوردستانییەتی کەرکوک کێشەی نێوان کورد و ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بووە، لە هەموو ویستگەکانی گفتوگۆی نێوان شۆڕش و حکومەتی بەغدا تا ئەو کاتەی باس هاتۆتە سەر یەکلا کردنەوەی ناسنامەی کوردستانی بوونی کەرکوک گفتوگۆکان زۆر ئاسایی چوونەتە پێش، بەڵام کاتێ باس دێتە سەر کەرکوک گفتوگۆکان بە بنبەست گەیشتوون. لە دوای ڕووداوەکەی 16ی ئۆکتۆبەر کێشەی کەرکوک ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی بەرداو کێشەکە لە نێوان کورد و حکومەتی بەغدا کرا بە کێشەی نێوان پارتی و یەکێتی و ناسنامەی کوردستانی بوونی کەرکوکیش گۆڕا بۆ کێشەی پارێزگارێک.

پارتی بوو پێی وابوو کێشەی کەرکوک لەگەڵ بەغدایە و بە دانانی پارێزگارێکی دیاریکراوی لایەنێک، کێشەکە چارەسەر ناکرێ و لە خەم و ئازاری کەرکوکیەکانیش کەم ناکرێتەوە، چونکە بەڵای پارتییەوە لە پۆست گرنگتر دیاری کردنی چارەسەرێکی بنەڕەتییە بۆ کێشەی کەرکوک، لە پۆستی پارێزگارێکی کوردی بێدەسەڵات گرنگترە.

ئاسایی کردنەوەی دۆخی کەرکوک و نەهێشتنی ئەو دۆخە سەربازییەیە کە بە زۆر و لە 16ی ئۆکتۆبەرەوە بەسەر کەرکوک و کەرکوکیەکاندا سەپێنراوە، لە پۆستی پارێزگارێکی بە کۆیلەکراو گرنگترە، جێبەجێ کردنی مادەی 140ی دەستوور و یەکلا کردنەوەی ناسنامەی کەرکوک کلیلی چەرەسەر کردنی کێشەی کەرکووکە.

کەچی لایەنێکی کوردستانی؟! بە پێچەوانەی پارتی، حزبیانە بەگۆشەنیگای بەرتەسکی بەرژەوەندی حزبی لە کێشەکەی دەڕوانێت و کێشەی کەرکوکی لە کێشەی نێوان کورد و حکومەتی عێراق بچووک کردەوە و کردیە کێشەی نێوان پارتی و خۆی، ئاسایی کردنەوەی دۆخی شڵەژاوی شارەکە و کێشەی یەکلا کردنەوەی ناسنامەی کوردستانی بوونی کەرکوکیشی لە دانانی پارێزگارێکدا چڕکراوەتەوە.

گرێمان پۆستی پارێزگاری کەرکووک بە خواست و ویست و هەوەسی ئەوان دانرا، ئایا کێشەی کەرکوک چارەسەر دەبێت؟، ئایا بەغدا ڕێوشوێنە یاساییەکان بۆ ئەو پارێزگارە جێبەجێ دەکات؟. گرێمان ڕێوشوێنە یاساییەکانیش جیبەجێ کران! ئەوکات پرسیارە گرنگرگە ئەوەیە، ئایا ئەو پارێزگارە لەو دۆخە سەربازییەی بەسەر کەرکوکدا سەپێنراوە و لەژێر هەژموونی سەربازی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق چی دەکات و چی پێدەکرێ؟.



رێبوار حەمەلاو شوانی

## هەرێمی کوردستان و جێگەی متمانەی هەرێمی و نێودەوڵەتی

گشت پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان چ لە ڕووی سەردان، بانگهێشتی فەرمی یا لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بە هەرێمی کوردستان نیشاندەری ئەو ڕاستییە کە هەرێمی کوردستان خاوەنی پێگەیەکی بەهێزە و وڵاتانی جیهان لە ئاستی باڵادا سەردانی دەکەن و پەیوەندییان لەگەڵ هەرێمدا هەیە، پێگەی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکە، کە نەک بۆ عێراق بە تەنیا، بەڵکو بۆ ناوچەکەیش گرنگیی خۆی هەیە، سەرهەڵدانەوەی جموجۆڵە دیبلۆماسییەکان لەسەر ئاستی باڵای وڵاتانی دیکە و سەردانی گەورە بەرپرسان بۆ هەرێم، دەرخەری گرینگیی ستراتیژ و پێگەی هەرێمی کوردستانە. سەردانی سەرکردە و وەزیرانی دەرەوەی وڵاتان بۆ هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردایەتی کوردستان، دەرخەری ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان پێگەیەکی بەهێزی هەیە و جێگای متمانەی نێودەوڵەتی و هەرێمییە. لە ناوبردنی گەورەترین ڕێکخراو لەناوچەکەدا، ئەویش کە داعش بوو، دەورو ڕۆڵ و کاریگەری پێشمەرگە زۆر گەورە بوو، بۆیە پێشمەرگە و کوردستان لە هەموو جیهان ناسراون، بێجگە لەوە لە بواری ئابووری ئەو نەوت و غازەی کە لە کوردستاندا هەیە لە هەر شوێنێک بیری لێ بدەیی، دەگاتە نەوت و غاز، واتە پێگەی هەرێمی کوردستان لەبواری ئابووری لە داهاتوودا جێگەی سەرنجی وڵاتانی زڵهێز و پیشەسازی جیهانە، چونکە گەورەترین خەزێنەی غاز لە کوردستان هەیە، بۆیە ئەگەر کورد بتوانێت و توانیویەتی لەو کۆنگرە ئابووریانەی کە دروست بووە کەسایەتی مەسعود بارزانی بەتایبەتی کە بەشدار دەبێت گرنگی پێگەی هەرێمی کوردستانی زیاتر بەدەرخستووە، هەروەها سەردانی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتان ئەوە دەردەخات کە گۆڕانکاریەکی گەورە لە ناوچەکە ڕووەدات، ئامادەکاری بۆ ئەو گۆڕانکارییانە دەکرێن، هەر گۆڕانکارییەک ڕووبدات دەبینێن دەوری هەوڵێر و سەرۆک بارزانی تێدا دەوڕێکی ستراتیژیی ،بۆیە وڵاتانی جیهان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایە کە دەبێت ڕێگە چارەیەکی ئاشتیانە بۆ کێشەکورد بۆ کورد بدۆزنەوە، بۆیە پێمواییە لە نیوەی یەکەمی سەدەی ?21سەردەمی بە دەستهێنانی مافی کورد دەبێت، لە هەر چوار پارچەی کوردستان، جا هەر پارچەیەک بە تایبەتمەندی خۆی، هەرێمی کوردستان دەستکەوتی زیاتر لە فیدڕالیزم بە دەست دەهێنێت، بەڵام ئەوەی لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە حکوومەتی هەرێم پاش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر زۆر بە سەرکەوتووانە توانی دەستکەوتی باش بەدەست بهێنێت و دەرگای دیبلۆماسیەت بەڕووی هەرێمدا بکاتەوە، هەتا ڕادەیەک ئەوە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە کە توانیویەتی ئەو دەرگا دیبلۆماسیە بکاتەوە و سەرۆک بارزانی وەکو مەرجعێک دەوڕێکی باڵای لەو ڕوویەوە بینیوە، وڵاتانی جیهان تا ئێستاش وەکو مەرجعێک، وەک سەرۆکێکی نەتەوەی کورد و کوردستان مامەڵە لەگەڵ سەرۆک بارزانی دەکەن، هەر گەلێک کە بەرەو سەربەخۆیی دەچێت بە بێ قوربانی دان ئەو دەستکەوتە بەدەست ناهێت، وڵاتان بە هەزاران شەهیدیان داوە تا گەیشتوونەتە سەربەخۆیی خۆیان.. پێگەی هەرێمی کوردستان زۆر بەهێزتر و گەورەیە لە ناوچەکەدا و بەتایبەت کە ئەمڕۆ هەڵێکی دیپلۆماسی ناوازە لە ئارادایە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی دەستوری عێراقی فیدڕاڵدا هەموو مافە شایستەکانی کوردستان فەراهەم بکرێت. ئەمڕۆ بەراورد بە خودی عێراق و وڵاتانی دەورەوبەر، ڕەوشی کوردستان زۆر بەرۆژ بەرەو پێشەوە دەچێت و ژیان و خۆشگوزەرانی تاکی کوردستانی زۆژ بەرۆژ باشتر بەرەوە باشتر دەچێت و ئارامترە و خزمەتگوزاری باشیش پێشکەش کراوە، بۆیە دەبێ هەموو خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە کە دەست لەناو دەست لەگەڵ حکوومەتی هەرێم هاوکار و هەماهەنگ بن لەپێناو بەرەودان بە کودرستانێکی بەهێز کە مایەی ماف و بەرژەوەندی هەموو کوردستانیانە.

وون بوون
مۆڵەتی شۆفێری/ گشتی/ بەناوی (هەردی عبدالله محمد امین) ون بووە، هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی لەکۆیە(٠٧٥٠٣٢٠١٦٩٢)
***
مدیریة تنفیذ زاخو
العدد/ ٦٩١/تنفیذ/٢٠١٩
التاریخ/ ٢٠١٩/٨/٢٧
اعلان
الی المدین (یاسمین وزابیل) بنات حیران جلبي /
العنوان السابق زاخو کیسته
نظرا لمجهولیة محل اقامتك حالیا حسب کتاب مرکز شرطة دلال المرقم (٣٥٣٢) في ٢٠١٩/٨/٨ واشعار مختار محلة کیسته علیه وبموجب المادة (٢٧) من قانون التنفیذ قررنا تبلیغك عن طریق صحیفتین محلیتین للحضور امام مدیریة تنفیذ زاخو او من ینوب عنك وذلك عن الدین المتعلق بذمتك في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ٦٩١/ تنفیذ/٢٠١٩ والبالغ قدره (١٦٨٣٠٠٠٠) ستة عشر ملیون وثمانمائة وثلاثون الف دینار عراقي مع رسم التحصیل والخاصة بالدائن (شامیران ارام حیران) وبعکسه سوف تتخذ هذه المدیریة الاجراءات القانونیة بحقك بعد مرور الفترة القانونیة البالغة (١٥) خمسة عشرة یوما من الیوم التالي لنشر هذا التبلیغ
منفذ عدل زاخو / خضر محمد حسن
***
مدیریة تنفیذ زاخو
العدد/ ٦٩٠/تنفیذ/٢٠١٩
التاریخ/ ٢٠١٩/٨/٢٧
اعلان
الی المدین (یاسمین وزابیل) بنات حیران جلبي /
العنوان السابق زاخو کیسته
نظرا لمجهولیة محل اقامتك حالیا حسب کتاب مرکز شرطة دلال المرقم (٣٥٣٢) في ٢٠١٩/٨/٨ واشعار مختار محلة کیسته علیه وبموجب المادة (٢٧) من قانون التنفیذ قررنا تبلیغك عن طریق صحیفتین محلیتین للحضور امام مدیریة تنفیذ زاخو او من ینوب عنك وذلك عن الدین المتعلق بذمتك في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ٦٩٠/ تنفیذ/٢٠١٩ والبالغ قدره (١٩٨٩٠٠٠) واحد ملیون وتسعمائة وثمانیه وتسعون الف دینار عراقي مع رسم التحصیل والخاصة بالدائنة المحامیة (رشیده خواستي فرمان) وبعکسه سوف تتخذ هذه المدیریة الاجراءات القانونیة بحقك بعد مرور الفترة القانونیة البالغة (١٥) خمسة عشرة یوما من الیوم التالي لنشر هذا التبلیغ
منفذ عدل زاخو / خضر محمد حسن
***
ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (١٩٣٢)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (١/٢) ك (١٠) سوێرێ ڕێگای هەولێر- خەبات بەمەبەستی دروست کردنی کۆگا و پێشانگا بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانوبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەمڵێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.
نزار حسین عبدالله
ی. بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری خانووبەرەی میری
***
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان
بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری ئابووری و گرێبەستەکان
بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە: ٦٣٨٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٨
بڵاوکردنەوەی ئاگاداری
کەمگری نهێنی ژمارە (٢٠١٩/٤)
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان (کەمگری نهێنی) بۆ مەبەستی گواستنەوەی بڕی دیاریکراوی گازئۆیل لە پاڵاوتگەی کەلەك بۆ وێستگەی کارەبای (٥٠٠) مێگاواتی/ دهۆك بەپێی یاسا ڕادەگەیێنێت جا هەر کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە لەم کەمگری یە با سەردانی دیوانی وەزارەت/ بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان بکات بۆ کرینی تەندەر، وە دواکات بۆ گەڕانەوەی تەندەرەکان ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٧) کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ بەڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:-
١- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو مۆڵەتی کۆمپانیای لە هەرێم پێشکەش بکات.
٢- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو پۆلینی بەڵێندەرایەتی پلە یەك بێت یاخوود مۆڵەتی گواستنەوەی بەرهەمە نەوتیەکان یان بازرگانی گشتی هەبێت.
٣- کۆمپانیا پێویستە بەڵگەی تایبەت بەکاری هاوشێوە لەبواری سووتەمەنی پێشکەش بکات.
٤- کۆمپانیا پێویستە پشتگیری باجی دەرامەت بۆ ساڵی ٢٠١٩ پێشکەش بکات.
٥- کردنەوەی تەندەر لە دیوانی وەزارەت دەبێت.
٦- نرخی تەندەر (٧٠٠,٠٠٠) حەفت سەد هەزار دیناری عیراقی یەکە گەرانەوەی بۆ نییە.
٧- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٨- خەرجییەکانی بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کەمگری یەکەی بۆ دەردەچێت.
ل. وەزیری سامانە سروشتییەکان
بەوەکالەت
***
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان
بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری ئابووری و گرێبەستەکان
بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە: ٦٣٨٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٨
بڵاوکردنەوەی ئاگاداری
کەمگری نهێنی ژمارە (٢٠١٩/٥)
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان (کەمگری نهێنی) بۆ مەبەستی گواستنەوەی بڕی دیاریکراوی نەوتی ڕەش لە پاڵاوتگەی نەوتی کەلەك/پاریزگای هەولێر بۆ وێستگەی کارەبای (٥١) مێگاواتی تاسلوجە/ پاریزگای سلێمانی بەپێی یاسا ڕادەگەیێنێت جا هەر کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە لەم کەمگری یە با سەردانی دیوانی وەزارەت/ بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان بکات بۆ کرینی تەندەر، وە دواکات بۆ گەڕانەوەی تەندەرەکان ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٨) کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ بەڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:-
١- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو مۆڵەتی کۆمپانیای لە هەرێم پێشکەش بکات.
٢- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو پۆلینی بەڵێندەرایەتی پلە یەك بێت یاخوود مۆڵەتی گواستنەوەی بەرهەمە نەوتیەکان یان بازرگانی گشتی هەبێت.
٣- کۆمپانیا پێویستە بەڵگەی تایبەت بەکاری هاوشێوە لەبواری سووتەمەنی پێشکەش بکات.
٤- کۆمپانیا پێویستە پشتگیری باجی دەرامەت بۆ ساڵی ٢٠١٩ پێشکەش بکات.
٥- کردنەوەی تەندەر لە دیوانی وەزارەت دەبێت.
٦- نرخی تەندەر (٦٠٠,٠٠٠) شەش سەد هەزار دیناری عیراقی یەکە گەرانەوەی بۆ نییە.
٧- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٨- خەرجییەکانی بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کەمگری یەکەی بۆ دەردەچێت.
ل. وەزیری سامانە سروشتییەکان
بەوەکالەت
***
دادگای باری کەسی خەبات
ژمارە:٤١١/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٨
جاردان
بۆ داوالێکراو (عمر محمد سلیم)
ئامـاژە بـەداواى ژمـارە (٤١١/ش/٢٠١٩) کـە تایبەتـە بـە داوالێکـراو (عمـر محمـد سـلیم) کـە جـۆرى داواکـەى بریتیـە لـە (حضانـة) لەبـەر ئـەوەى شـوێنى نیشـتەجێبوونت بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٦٨٠٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٨
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ماهور) بۆ (وەبەرهێنانی خانووبەرە/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیان دهۆك
بەشێ کۆمپانییێن نیشتیمانی
ژمارە / ٤٢٨١
ڕێکەوت / ٢٠١٩/٩/١٨
بڕیارا پاکتاوکرنا کومپانیا (سنوردار)
پاڵپشت ب ناڤەڕۆکا بڕیارا دەستەیا گشتی یا کومپانیا ( NUR PA ) بۆ ( بازرگانی گشتی - هێنان وبردن / سنوردار ) ل ڕێکەفتی ( ٢٠١٩/٩/١٥ ) ێ تایبەت بە دانانا کومپانیێ ل ژێر پاکتاوکرنێ دا و دانانا بەرێز (هڤال احمد علی) وەکو پاکتاوکەرێ کومپانیا ناڤبری .
ئەز وەکو ڕێڤەبەرێ کۆمپانییێن دهۆکێ بڕیارا سەری پەسەندکەم ب مەرجەکی بهێتە بەلاڤ کرن لدیڤ ئەحکامێن ماددەیا (١٦٠) ێ ژ یاسایا تومارکرنا کومپانیا یا ژمارە (٢١) ێ سالا ( ١٩٩٧ ) ێ یا هەموارکری وئەڤ بریارە هاتیە نڤێسین ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٩/١٨
مافپەروەر / شێروان حیتو عبدالرحمن
ڕێڤەبەرێ کومپانیان / دهۆك

مەزاختنێن ئاگەهدارکرنێ دێ کەڤیتە ستویێ وی کەسی کو سەر ئیك زێدەکرن بو دکەڤیتن پێدڤیە دەمێ (٧) ڕوژان دا ئامیر و کەل و پەلێن ژ کوگەهێ هەلگرتن و پارێ مسۆگەرکرنێ (تأمینات) ل سپێدەیا ڕۆژا سەرئیك زێدەکرنێ دێ هیتە وەرگرتن.
هەڤپێچ//
ئامیر
١- تانکەرێ ئافا ڤولڤو مودێل ٢٠٠٠
٢- حەفارە GC مۆدێل ٢٠٠٢
٣- هوندای پیك ئاپ تەك مۆدێل ٢٠٠٦
٤- تانکەرێ ئافێ انترناشنال مۆدێل ٢٠٠٦
کەل و پەل
١- ماتۆر ب قەبارێن جوراوجور ٤٤ دانە
٢- پەمپین جوراوجور ٢٣ دانە
٣- پەمپین غاش بێن جوراجور ٢١ دانە
٤- بنسترێن ماتورێن مەزن ٣ دانە
هاشم ابراهیم احمد/ ڕێبەرێ ئافا زاخۆ
***
ڕێڤەبەرییا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهۆکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ٢٧/٣٠٠/١/١
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٩/١٨
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فرۆتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا ساڵا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێزنا فرۆتن و کرێکرنا دوویێ ڕادگەهینیە کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (سەربرخانا بەردەڕەش) لسەر پارچا ئەردێ ژمارە (٥٦٤٩/١) کەرتێ (٦٣) بەردەڕەش گەورە و ب ڕووبەرێ (٣٠٠٠)م٢ بۆ ماوێ (٢) ساڵا هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا بەردەڕەش بکەت د ماوێ ١٥ پازدە ڕۆژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د ڕۆژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا بەردەڕەش دەم ژمێر دوازدەی نیڤڕۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ خالد سلیمان یاسین
ڕێڤەبەرێ گشتی ب وەکالەت
***
کۆمپانیای ئانی
بۆ چاپەمەنی فۆتۆ/ سنوردار
ناونیشان: سلێمانی- شەقامی تووی مەلیك تەلەفۆن: ٠٧٧٠١٥٢٧٠٤٦
سەرمایەی کۆمپانیا (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار عیراقی
ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتییە پەیوەندیدارەکان من هاوپشك و بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (عمر علی توفیق) کە بەپێی کۆنووسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی (کۆمپانیای ئانی بۆ چاپەمەنی فۆتۆ/ سنوردار) کە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٩/١٧ دا بڕیاردراوە بەدانانم وەك پاکتاوکاری بەڕێوەبەرایەتی دەستەی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٦٨٠٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٨
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ماهور) بۆ (وەبەرهێنانی خانووبەرە/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیان دهۆك
بەشێ کۆمپانییێن نیشتیمانی
ژمارە / ٤٢٨١
ڕێکەوت / ٢٠١٩/٩/١٨
بڕیارا پاکتاوکرنا کومپانیا (سنوردار)
پاڵپشت ب ناڤەڕۆکا بڕیارا دەستەیا گشتی یا کومپانیا ( NUR PA ) بۆ ( بازرگانی گشتی - هێنان وبردن / سنوردار ) ل ڕێکەفتی ( ٢٠١٩/٩/١٥ ) ێ تایبەت بە دانانا کومپانیێ ل ژێر پاکتاوکرنێ دا و دانانا بەرێز (هڤال احمد علی) وەکو پاکتاوکەرێ کومپانیا ناڤبری .
ئەز وەکو ڕێڤەبەرێ کۆمپانییێن دهۆکێ بڕیارا سەری پەسەندکەم ب مەرجەکی بهێتە بەلاڤ کرن لدیڤ ئەحکامێن ماددەیا (١٦٠) ێ ژ یاسایا تومارکرنا کومپانیا یا ژمارە (٢١) ێ سالا ( ١٩٩٧ ) ێ یا هەموارکری وئەڤ بریارە هاتیە نڤێسین ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٩/١٨
مافپەروەر / شێروان حیتو عبدالرحمن
ڕێڤەبەرێ کومپانیان / دهۆك

**هەلی کار**
**ئێمە وەکو کۆمپانیای (کۆنسێپت) پێویستیمان بە (١٧) کرێکار هەیە بە مەبەستی کارکردن هەر کەسێك ئارەزووی کارکردنی هەیە باراستەوخۆ سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کار بکات کە دەکەوێتە ڕێگای مخمور پشت مزگەوتی خدر سوارە یاخود پەیوەندی بکات بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٧٥٠٣٩١٢٩٤٩)**
**ناوی کار/ کرێکاری دیکۆر**
**ژ.هەلی کار/ ١٧**
**مووچە/ ٤٩٠٠٠٠**
**ڕەگەز/ نێر**

**ئاگەهداری**
**ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا ( NUR PA ) بۆ ( بازرگانی گشتی - هێنان وبردن / سنوردار ) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل ( باژێرێ دهۆکێ ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان**
**پاکتاوکەر / گوران رشید درویش**
**ناڤ ونیشان / زاخو - کومەلگەها بازرگانی**
**ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٣٩٧٥٠٥**

**ئاگەهداری**
**ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا ( ژێهات العالمیە ) بۆ ( بازرگانی گشتی وپێداویستی کشتوکالی - هاوردە وهەنارده / سنوردار ) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل ( باژێرێ دهۆکێ ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان**
**پاکتاوکەر / هڤال احمد علی**
**ناڤ ونیشان / دهۆك - گری باصی**
**ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥٧١٤٠٩**

# بەڵگە هێنانەوە سەبارەت بە رەگوڕیشەی ناوی شارەزوور

کەمال نوری مەعروف


**پێشەکی:**

دەشتی شارەزوور (1) لەزووەوە لە بواری شوێنەواردا لای ناوەندەکانی ئاسەوارناسی ناسراوە، هۆکاری ئەوەش بۆ بوونی پاشماوەی زۆری شوێنەواری لەگرد و تەپۆلکەو جۆرەکانی تری دەگەڕێتەوە. ئەو بوونەش بەوخاکە بەپیت و بەرەکەت و ئاوو هەوا باش و ئاوی زۆرەوە پەیوەستە. لەوتێڕوانینەوە بەهۆی ئەوەی شارەزای شوێنەوار بووم و ماوەیەکی زۆریش لەو بوارەدا کارم کردووە، زۆرجار بۆ کاری شوێنەواری سەردانی ناوچەکەم دەکرد، ئەوە زیاتر بۆ کۆکردنەوەی زانیاری شوێنەواری سەبارەت دەشتەکە و دەوروبەری هانیدام. لەم هەوڵانەمدا، دوو شت زۆر سەرنجی رادەکێشام:

1- دەوڵەمەندی دەشتەکەبوو بەوهەموو شوێنەوارانەوە، هەروەکوو باسم کرد.

2- ناوی دەشتەکە، کە بەشارەزوور ناسراوە، کەبەڵای منەوە دەربڕی میژووییەکی دێرینی شوێنەوارە دەشتەکەیە. لەوسۆنگەیەوە خاڵی دووەم زیاتر هانیدام زۆرتر بەدەشتەکەدا بگەڕێم، لەرووی میژووی کۆنی ناوچەکەشەوە زۆر بخوێنمەوە ئەوناوڵێنانەی دەشتەکەش گەیاندمیە ئەوباوەڕەی کەپەیوەندییەک لەنێوان ناوەکەو سەردەمی پاشماوە دێرینەکانیدا هەبێت، کە لای ئێمە هەتاکو ئێستا لەبەر نەبوونی کاری کنەو پشکنین، زانیارێمان سەبارەت بە شوێنەکەی نییە، جگە لەباسی کتێبی میژوویی. وەکو ئاشکراشە ئەو بۆچوونانەی کە لەبارەی گەیشتن بە بنەمای ناوەکە ئێستا وتراون، نەیانتوانیوە بگەنە ئەنجامێک کە ڕەگووریشەکەی لەچییەوە هاتووە، بەهۆی ئەوەی جیاوازی لەدەربڕینەکاندا هەیە، ئەوەش وایکردووە بۆچوونی هاوبەش لەناواندا بەرچاونەکەوێت.

ناوی دەشتەکەش لەئەمرۆدا، بەهۆی ئەوەی لەسەر زمان وتراوەتەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر زۆرتووە، گۆڕانی تێکەڵ بەئاوی بەنداوی دەربەندیخان دەبن و لە شاخەکانی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرن. ئەم دەشتە، ڕووبەرەکەی بە 656 کیلۆمەترە چوارگۆشە دانراوەو چەند ریزە شاخێک دەوری داوە بەرزییەکانیان لەنێوان



لای شارەزایانی شوێنەواریش پرسی شوێنەواری بەپێیی زانیاری نوێ لە کاری کنەو پشکنینی شوێنەواریدا لە نەبێت، لەدوایدا تەسک دەبێتەوەو هەزار مەتریک بەرزدەبێتەوە، لە خۆرهەڵاتەوە زنجیرە شاخەکانی هەورامان سنووریەتی، کە لوتکەکەی بۆ 3 هەزارمەتر بەرزدەبێتەوە. ئەوەی کە تێبینی دەکرێت هەندێک شارو گوند دەکەونە سەرسنورەکەی، گرنگەکانیان خورماڵ و هەڵەبجەن (3) بەدرێژبوونەوەی ئەم دەشتە بەرەو دەشتی ناسراو بە تانجەرۆ، پارێزگای سلێمانی دەکەوێتە سەرووبەوە. هەرچۆنێک بێت ئەم دەشتە بۆ کشتوکاڵ و ماڵات بەکارهێنەرێت، گرنگترین ئەوشتانەی تێدا دێتە بەرهەم گەنم، جۆ، مەرەزە، کەتان، لۆکە، تووتن، چەوەندەر. زەویەکەی مەیلەو قاوەیی و نەرمە، پرە لەکەرەستەی ئۆرگانی و کانزایی، ئەم جۆرە زەویەش لە شوێنێکدا درووست دەبێت هاوبەشی مامناوەندیی و باراناوی، ئەوبارانەی لێرە دەبارێ لەنێوان 40-80سم دەبێت (4) هەموو ئەوگردو تەپۆلکە شوێنەوارییانە کە لێرەدا هەن دەریدەخەن کە ئەم ناوچەیە لەکۆنەوە ئاوەدان بووە، ئەوەش نیشانەیە بۆ ئەوەی کە شارەزوور بایەخێکی تەواوی هەبووە لەلایەکەوە بەهۆی بەپیت و بەرەکەتی زەویەکەی و 1200ـ 1500 مەترەو لە هەموو لاکانیدا ئەم زنجیرە شاخانە بەردەوام دریژدەبنەوە جگە لای سەرووی خۆرئاوای زۆری ئاوو بەرهەمهێنان لەلایەکی تریشەوە شوێنی شارەزوور وا هەڵکەوتووە کە ناوەندی شارستانیەتی گەورەی لەخۆ گرتبێت، وەکو میزۆپۆتامیا و ئێرانی کۆن.

## بەنداوی دەربەندیخان و کاری کنەو پشکنین

بەهۆی ئەوەی ڕووبەری (60) کیلۆمەتری چوارگۆشە لەزەوی دەشتی شارەزوور دەکەوتە ژێرئاوی بەندی دەربەندیخان، کەلەگەڵیا هەندێک لەو گردانەش دەبوون بەژێر ئاوەکەوە، بۆیە بەرلەوەی بەندەکە تەواوبێت، بڕیتبوایە گشتی شوێنەوار لەبەغدا ساڵی 1960 دەستی کرد بە کنەو پشکنین لەوگردانەی دەکەوتنە ژێر دەریاچەکەوە، کە ژمارەیان (15) گردبوون لەگەڵ چەند گردێکی تر، کە لە دەرەوەی ئەونا‌وچەیەبوون، لەناویاندا پاشماوەی گردەکانی بەکراواو یاسین تەپەو گۆمە ڕەش دێن. بەهۆی ئەو کنەو پشکنینانەوە دەرکەوت شارەزوور لەزووەوە ئاوەدان بووە، بەڵگەش بۆ ئەمە بوونی هەموو ئەو پاشماوە شوێنەوارییانەیە. لەدراوسێکانی ئەم دەشتەشدا هەندێ بەردە ئەستێ دۆزرانەوە، کە بۆ چاخی بەردینی کۆن دەگەڕێنەوە، هەروەها پاشماوەی ئەوسەردەمەش دۆزرایەوە، کە مرۆڤ پێش هەزاران ساڵ تێیدا فێری کشتوکاڵ بووە جگە لەوەش بەهۆی کاری کنەو پشکنینەوە پاشماوەی دێرین دۆزرایەوە، وەکو پاشماوەکانی سەردەمی سۆمەری و بابلی و ئاشووری، یان نزیک بەوان (5) دانیشتوانی ئەم سەردەشتە پەیوەندی شارستانیەتی زۆریان بەردەوام بەشارەکانی تری میزۆپۆتامیاوە لەهەموو چاخە میژووییەکاندا هەبووە. گرینگی ئەوشتانەی بەهۆی کنە کردنەوە لەم دەشتە دۆزرانەوە، بەدەستهێنانی (2) شارستانیەتی نوێ بوو، یەکێکیان لەگردی (بەگم)دا دەرکەوت، کەبۆ هەزارەی شەشەمی پ.ز دەگەڕێتەوە، کەلە کۆمەڵێک گۆزەو گڵێنەدا دەرکەوت و بەچەند شێوەیەکی جیاواز دروست کرابوون، ڕەنگێک لەسەر نەخشێنرابوون کەناچنەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو ڕۆژگارەی کەتێیدا دروست کراون ڕۆژگارێکی ئاوەدانیء دەوڵەمەندی بووە، دانیشتوانەکەشی خاوەن چەڕی هونەری گەورەبوون و دەسەڵاتی سیاسیان بەسەرناوچەیەکی فراواندا هەبووە، کە ناوچەکانی تری دراوسێ بۆ مووسڵ و ناوچەی خابوور لەسووریا ڕۆشتبێت. لای لێکۆڵەران سەبارەت بەدەرکەوتنی بنەمای سوڵتەتەکە بۆچوونی تر هەیە، هەیانە بۆ ناوچەی خابووری دەباتەوە، هەیشە بەسوڵتێکی ناوخۆیی ناوی دەبات و دەرکەوتنی پەیوەست دەکات بەباکوری عێراقەوە بەتایبەتی ناوچەی نەینەوا بەو هۆیەی باکوری عێراقی کۆن کەلتوورێکی کۆنیان لەبەرهەمهێنانی سوڵتەی ڕەنگاوڕەنگدا هەبووە (7) بەهەرحاڵ لەبەرئەوەی سوڵتێکی باکوورییە، بنەمای دەرکەوتنی لە شارەزووردا بەپێی ئەو ڕایانەش گۆزانی بەسەردا نایەت، دەشتەکەش لەچەند شوێنێکدا بەوجۆرە سوڵتەتەش دەوڵەمەندە. بۆیە پێدەچێت لە شارەزووردە بەرەو ناوچەکانی تری دراوسێ ڕۆشتبێت. ئەوجۆرە سوڵتەتەش هەروەکو باسمانکرد تەنیا تایبەت نەبوو بەوگردە بەڵکو لە دروست کردنی جادەی قیرتاوی سلێمانی- هەڵەبجەشدا ژمارەیەک گردی تریش کەهەر بۆ ئەوسەردەمە دەگەڕانەوە لەناوچەی گوندی گرێزە کەوتنە بەر بڕین و وێرانکردن کەتێیاندا سوڵتەتی نەخشێنراوی ئەو سەردەمە هەبوون، ئێستا لەپارچەی ئەو سوڵتەتانەی لەگەنجینەی مۆزەخانەی سلێمانی پارێزراون. شارستانێتی نوێی دووەمێش بۆنەوەڕاستی هەزارەی دووەمی پ.ز دەگەڕێتەوە، کەبە(شاملۆ) (8) ناسراوە، واتە بەناوی گردی شاملۆ، کە دەکەوێتە خواروی پردەکۆنەکەی زەڵم (9) و بەدووری چەند کیلۆمەترێک لێوەی، لێرەدا کۆمەڵێک پاشماوەی دێرین دۆزرانەوە هەتاکو ئێستاش وێنەیان نەلەمیزۆ پۆتامیاو نەلەدەرەوەیدا، واتە لەوڵاتە دراوسێکانیدا بەرچاوناکەوێت، میژووی ڕۆژگارەکەش بۆ چاخی خووری ژ میتانی دەگەڕێتەوە. ئەم دووشارستانییەتەش بەڵگەی زیندوون بۆ ڕۆژگاری دێرینی شارەزوور، کەبەزێرین ناوەدبرێت. میتانییەکانیش (10) لەو گەلەکۆنانەی کوردستان بوون، کەخاوەنی چەڕی هونەری گەورەبوون و دەسەڵاتی سیاسیان بەسەرناوچەیەکی فراواندا سەپاندبوو، کە ئەوسەردەمەش مرۆڤ پێش هەزاران ساڵ تێیدا فێری کشتوکاڵ بووە جگە لەوەش بەهۆی کاری کنەو پشکنینەوە پاشماوەی دێرین دۆزرایەوە، وەکو پاشماوەکانی سەردەمی سۆمەری و بابلی و ئاشووری، یان نزیک بەوان (5) دانیشتوانی ئەم سەردەشتە پەیوەندی شارستانێتی زۆریان بەردەوام بەشارەکانی تری میزۆپۆتامیاوە لەهەموو چاخە میژووییەکاندا هەبووە. گرینگی ئەوشتانەی بەهۆی کنە کردنەوە لەم دەشتە دۆزرانەوە، بەدەستهێنانی (2) شارستانێتی نوێ بوو، یەکێکیان لەگردی (بەگم)دا دەرکەوت، کەبۆ هەزارەی شەشەمی پ.ز دەگەڕێتەوە، کەلە کۆمەڵێک گۆزەو گڵێنەدا دەرکەوت و بەچەند شێوەیەکی جیاواز دروست کرابوون، ڕەنگێک لەسەر نەخشێنرابوون کەناچنەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو ڕۆژگارەی کەتێیدا دروست کراون ڕۆژگارێکی ئاوەدانیء دەوڵەمەندی بووە، دانیشتوانەکەشی خاوەن چەڕی هونەری گەورەبوون و دەسەڵاتی سیاسیان بەسەرناوچەیەکی فراواندا سەپاندبوو

# گەورەترین پەرتووکی شەریعەتی ئیسلامیی، زانایەکی کورد نووسیویەتی
# یادێک لەژیان و بەرهەمەکانی زانای پایەبەرزی کورد،
# مەلا ئەبوبەکری موصەنیف



**عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد، ئەحمەدئاوایی***

زانایانی کورد ئەگەر لە زانایانی عەرەب و گەلانی تر زیاتر نەبووبن، کەمتر نەبوون، و لەم کورتە بیۆگرافیایەدا دەردەکەوێت کە (مەلا ئەبوبەکری موصەنیف) کە لەنمونەی زانایانی بەرجەستەی کوردە، چەندە کەسێکی زیرەک و بەتوانا و خاوەن زانست بووە، بەجۆرێ کە توانیویەتی ئەو ژمارە زۆرەی کتێب بنووسێت تا بە (مصنف : دانەر) ناو دەربکات، و لەچەندەها بواری جیاوازیشدا بنووسێت، وە هەروەها ئەوەیشمان بۆدەردەکەوێت کە گەشتە زانستیەکانی بۆ ناوچە جیاجیاکانی جیهانی ئیسلام و سەردانیکردنی زانایانی شوێنە پیرۆزەکان فاکتەری سەرەکی بوون بۆ پایەدارببوونی زیاتری زانست و خواناسییەکەی. ئەم کورتە بابەتە دەربارەی ژیان و بەرهەم و بیروڕاکانی مەلا ئەبوبەکری موصەنیفە، چونکە ئەم لایەنانەی ژیانی ئەم کەڵە پیاوە پێویستی بەچەندەها بەرگ کتێب هەیە، وە هەر قۆناغێکی ژیانی و هەر کتێبێک لەکتێبەکانی و هەر ڕایەک لە ڕایەکانی بۆ خۆیان بەسەربەخۆیی کتێبێکی تایبەتیان پێویستە، بۆیە لەسەر ڕۆشنبیرانی کوردە کە زیاتر بایەخ بدەن بە ژیانی زانا ئاینییەکان، ئەوانەی هەم خزمەتکاری ئاینەکەیان بوون و هەم خزمەتگوزاری گەل و نەتەوە و نیشتیمانەکەیان.

**ناو، و ڕەچەڵەک، و نازناوی (مەلا ئەبوبەکری موصەنیف):**

مەلا ئەبووبەکری موصەنیف، ناوی سەییید حەسەنی، کوڕی سەییید هیدایەتوڵلای کوڕی سەییید بیدایەتی، کوڕی سەییید یوسف جانی، کوڕی سەییید یەعقوب جانە، کە لە ناو خەڵکدا، بە (مەلا ئەبوبەکری موصەنیف) ناو دەبرێت، بە هۆی زۆری کتێب و نووسراوەکانییەوە لە زانستە جۆراو جۆرەکاندا، بۆیە بە "مصنف ـ دانەر" ناوی دەرکردووە و ناو دەبرێت، کە ئەمەش ڕای نووسەری بەناوبانگی تورک (موحەمەد تاهیری بروسەوی) یە، و مەلا ئەبوبەکری موصەنیف لە وەچە و بەردبابی سەییید بایەزیدی، کوڕی سەییید موحەمەد زاهیدی ناسراو بە "پیر خدری شاهۆ"یە.

لەدایکبوونی:

تا ئێستا بە تەواوەتی میژوو و جێگای لە دایکبوونی ئەم زانایەمان بۆ یەکلایی نەبووەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کە لە وەچەی "مەلا بیدایەت"ـە، و ئەمیش برای (مەلا ئیلیاسە)، کە خاوەنی گوندی (کەلاتێ) بووە، لە ناوچەی (کەلاتەرزان)ی، پارێزگای "سنە"ی، ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەمەدا وادیارە کە لەوێ لەدایکبووە، و لە میژووی ژیانئاوایی کردنییەوە دەردەکەوێت کە لە دوای سالی (نۆسەد و ئەوەندەی کۆچییەوە لەدایک بووبێت)، وە دەگوترێت کە "مەلا ئەبوبەکری موصەنیف"، لە سالێ(903) ی، کۆچیدا لەدایکبووە، و ئەم ڕایەش جیاوازی لە سەرە و گێڕانەوەی جۆراوجۆری لەسەر هەن.

**پێگەیشتن و گەشتەکانی مەلا ئەبووبەکری موصەنیف:**

ئەم زانایە لە منالی باوانیدا بە زانستخوازی و خواپەرستی و مەزنایەتی پەروەردە بووە، و داوتر خراوەتە بەر خوێندن، و تا گەیشتوەتە ئەو پلەیەی کە توانیویەتی زانستی باش بە دەست بهێنێت، وەک تێکڕای زانستخوازان بە حوجرە و زانستگاکاندا گەڕاوە، و دواتریش گەشتی کردووە بۆ وڵاتانی ئیسلامییە دوورە دەستەکان، بەو نیازەی کە زانستی زیاتر فەراهەم بکات، ئەو وڵاتانەش، بریتین لە: (میسر، و وڵاتانی حیجاز، و شاری مەدینەی پیرۆز)، هەروەک لەو ژیاننامەیەیدا ئاماژەی پێکراوە، کە وەک پێشەکی نووسراوە، بۆ کتێبی (گبقات الشافعیە)ی، مەلا ئەبوبەکر، کە ئەم کتێبەیش لە لایەن مامۆستا (عادل نوەیهێ)ەوە، لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە و پەڕاوێزی لە سەر نووسراوە، و لە چەندەها سەرچاوەی تریشدا ئاماژە بەوە دراوە کە مەلا ئەبوبەکری موصەنیف، گەشتی شاری (دیاربەکری) کردووە لەباکوری کوردستان، بە مەبەستی بە دەستخستنی زانستی شەرعی و تەمەسوککردن بە شێخ و خوانەسە مەزنەکانی ئەو سەردەمە.

**سەردەمی وانەگوتنەوەی مەلا ئەبووبەکری موصەنیف:**

دوای ئەم گەشت و گەڕانانە بە دوای بەدەستهێنانی زانستدا، گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و بووەتە وانە بێژی ئەو قوتابخانەیەی کە لکاوە بە مزگەوتی (سوور)ەوە، کە "ئەمیر حەمزەی بابانی" پێش هەزارەی دووهەمی کۆچی دروستی کردبوو، و مەلا ئەبوبەکر ماوەی (هەژدە ساڵ) لەو حوجرە و قوتابخانەیەدا، وەک "وانەبێژ"، ماوەتەوە.

مەلا ئەبووبەکر، لە سالی **937**ی، کۆچی، وانەبێژی زانستگەی مزگەوتی (سوور) بووە لە ناوچەی مەریوان، و ئەم میژووەیش نووسەری پەڕاوی (بیۆگرافیای مەلا ئەبوبەکری موصەنیف) کە بە (زمانی فارسی) نووسراوە، بە چەندەها بەڵگەی میژوویی بایەخدار پشت ڕاستی کردۆتەوە، و جەختی لەسەر کردۆتەوە.

سەردەمی ئەم وانە ووتنەوەیەی مەلا ئەبوبەکر لە مزگەوتی(سور)دا، هاوشان بووە، لە گەڵ سەردەمی دەسەڵاتی "هەڵۆخانی ئەردەڵانی"دا، و هەر ئەم هەڵۆخانە مزگەوتەکەی بۆ نوێ کردووەتەوە و کردوویەتی بە وانەبێژ تیایدا، و بە بۆنەی خواناسی و مەزنی (مەلا ئەبوبەکر)ەوە، "هەڵۆخان" زۆر خۆشی ویستووە، و دەگێڕنەوە کە شەوێکیان هەڵۆخان سەردانی مەلا ئەبوبەکری کردووە، دەبینێت بە بێ چرا شت دەنووسێت، و لە جیاتی چرا ئەو بەردەی کە چراکەی لە سەر داناوە ڕۆشنایی داوەتەوە و سودی لێ وەردەگرێت! ئیتر لێرەوە هەڵۆخان زیاتر بڕوای بە کەڕاماتی ئەم پیاوە دەبێت و ئەمەیش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە مەلا ئەبوبەکری موصەنیف زۆر دڵخۆش بووە بەو مزگەوتە و بەو حوجرەیە، و کتێبی زۆریشی لەو مزگەوتەدا نووسیوە.

سەییید عەبدولعەزیزی کوڕی سەییید سالح، لە کتێبە فارسییە دەستنووسەکەیدا بە ناوی (نور الانوار)، کە لە سالی (**1046**ک - **1636**)زایینی، داینـاوە، نووسیویەتی: کە مەلا ئەبوبەکری موصەنیف وانەبێژ بووە لەو زانستگایەدا کە ئەمیر حەمزەی بابان لە سەر چیای (بەرقەلا) لە نزیک شاری مەریوانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆی دروستکردووە.

وە هەر لەو جێگەیەدا، و پێش سەد و چوارده سالّ (مەلا کابل) لەوێ وانەبێژ بووە، کە بە (مەلا کابلە سورە) ناسراوە، و دواتر مەلا ئەبووبەکر باری کردووە و گواستویەتییەوە بۆ گوندی (ووشکێن) هەر لە هەمان ناوچە، و لەوێ" هەڵۆخان" و "وەڵەد خان" کە لە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی کوردستان بوون، سەردانیان کردووە، و نیوەی گوندی (چۆڕ)یان، بە دیاری پێداوە، کە گوندێکە هەر لە هەمان ناوچە، ئیتر لێرەوە (مەلا ئەبوبەکر) گواستویەتییەوە بۆ (چۆڕ)، لەوێ مزگەوت و زانستگەی تێدا دروستکردووە، جگە لەمیش ئەو دەسەڵاتدارانە نیوەی گوندی(نەنە)شیان، پێداوە، کە دراوسێی دێی (چۆڕ) بووە، کە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی ڕووباری (گردەلان)ەوە.

گوندی (چۆڕ) گوندێکی بچووکە، و دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی شاری مەریوان، و نزیکەی (دە) میل لێرەوە دوورە، و لە ڕووی ئیدارییەوە هەر سەر بە شاری مەریوانی ڕۆژهەلاتی کوردستانە.

دوای دابەشکردنی زەوی و زارەکان، مەلا ئەبوبەکری موصەنیف لەو زەویانەی بەرکەوتووە کە لکاون بە شاخەکەوە، و لەوێدا سەرچاوەیەکی ئاو هەبووە کە ئاوەکەی زۆر کەم بووە، و ئاوی کەمیش بە کوردی پێی دەڵێن: (چۆڕێ ئاو)، و ئیتر لەو جێگایەدا گوندێکی بنیات ناوە، و لێرەوە ناوی(چۆڕ)ی، بە سەردا بڕاوە، و هەر بە هۆی ئەوەیشەوەیە بە (مەلا ئەبوبەکری موصەنیفی چۆڕی)یش، ناوی دەرکردووە.


دەگێڕنەوە، کە (مەلا ئەبوبەکری موصەنیف) لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕ و دووبەرەکیدا، بە تایبەتی لە کاتی هێرشی (قزڵباشەکان) و (عوسمانییەکان) بۆ سەر ناوچەی مەریوان، لە ناوچەکەی خۆی گواستویەتییەوە، و ماوەیەک دانیشتووی ناوچەی (قەرەداغ) بووە لە باشوری کوردستان، و لەم کاتەدا بە هۆی هێرشی بێگانەوە بۆ ناوچەی مەریوان زیاندەمەند بووە، و هەر دوو هێزە شەڕکەرەکە، دەریاچەی (زرێبار)، هێڵی تەماسیان بووە، جا لێرەوە دەتوانین بڵێین، کە هۆکاری لەناوچوونی زۆرینەی بەرهەمەکانی "مەلا ئەبووبەکر"، ئەو شەڕ و مالوێرانییانە بووبن.


وە بە گوێرەی قسەی وەچەکانی، کە لە شەجەرەنامەکانیاندا دەرکەوتووە، ئەوە دەزانین کە "مەلا ئەبوبەکر" چوار کوڕی هەبوون، کە بریتی بوون، لە (مەلا عەبدولکەریم)، و (مەلا یوسف جان)، و (مەلا مەحمود جان)، و (مەلا موحەمەد)، و لێردا (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەرپس)، فەرمورەیەتی: گوێم لە زانای ئەبوبەکر دەکات: (پیاوێکی خاوەن پایەی کورده و زانایەکە لەچەندەها زانستدا)، و هەروەها (محەمەد تاهیر بروسەوی) دەڵێت: ئەم کتێبەیش یەکێکی تر لە دانراوەکانی مەلا ئەبوبەکری موصەنیفە، کەتایبەتە بە بیۆگرافیای شەرعزانەکانی مەزهەبی ئیمامی شافعی، و ناوی ئەو زانا و کەڵەپیاو چاکانەی تێدایە کە لەسەرجەم سەدەکاندا تاسەردەمی دانەر سەر بەمەزهەبی شافیعی بوون.

**5- کتێبی (سراج الطریق):** هەروەک بەناوەکەیدا دیارە کە ئەم کتێبە تایبەتە بە بواری میژوو و باسێکی تایبەتی کردووە بەمیژووی دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام، و بەزمانی فارسی نوسراوە، و بەژیانی پێغەمبەر (د.خ) دەست پێدەکات، ئینجا دێتە سەرباسی فەتحی وڵاتان لەسەردەستی سوپای ئیسلام، هەروەها باسی ڕزگارکردنی کوردستان دەکات، لەلایەن سوپای ئیسلامەوە و پاشان باسی دەوڵەت و میرنشینە کوردییەکان دەکات هەر لەسەدەی یەکەم تا سەدەی حەوتەمی کۆچی، ئەم کتێبە سودی مەزنی زۆری تێدایە و تا ئێستا چاپنەکراوە!

**6- کتێبی (تذکرة السلاطین):** ئەمیش یەکێکی تر لە کتێبەکانی مەلا ئەبوبەکری موصەنیف، باسی ژیان و دەسەڵاتدارێتی سوڵتانەکانی هەورامان دەکات، و لەبواری میژوودایە، و تا ئێستا دەستخەتە و چاپنەکراوە، میژوونوسی مەزن مەلا عەبدوڵلای مەردۆخی (شەیدا) پێی وایە ئەم کتێبە باشترین سەرچاوەیە بۆ میژوووی نوێی هەورامان، و هەروەها نووسەر (موزەفەر بەهەمەن سوڵتانی) لەپێشەکی کتێبەکەیدا بەناوی (میژووی هەورامان) نووسیوێتی: ئەم کتێبەی مەلا ئەبوبەکر لەلایەن کەسێکی ناپاکەوە فڕۆشراوە بەئینگلیزەکان، هەروەها ئەوەیشی درکاندووە کە ئەم کتێبە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە مەلا ئەبوبەکری موصەنیف زانا بووە بە میژووی هەورامان، هەر لەسەردەمی (بەهەمەنی کوڕی نیسفەندیار و جاران لە حوجرەکاندا فەقێی کورد زیاتر توحفەی ئیمن حەجەری لە فیقهدا دەخوێند، لە کاتێکدا کە زۆربەی زانایانی کورد ڕایان وابووە کە (الوضوح) بۆ وڵاتی کوردەواری گونجاوترە تا توحفە، چونکە باسە پەیوەندیدارەکان بە ژینگەی وڵاتی کوردەواری تیایدا باسکراوە، لە کاتێکدا کە توحفە وانییە! بەڵام بە داخەوە هەر بە هۆی چاپنەکرانییەوە نەکراوەتە مەنهەج و هەروا لە کونجە تاریکەکاندا ماوەتەوە، و خۆشبەختانە لەم دواییانەدا قوتابیانی خوێندنی باڵا لایان کردەوە لەم پەرتووکە مەزنە و زیاتر لە بیست خوێندکار نامەی ماستەر و دکتۆرایان تایبەت بووە بە لێکۆڵینەوەی بەشە جیاجیاکانی ئەم پەرتووکە، یەکێک لەوانە دکتۆر مەلا عەبدوڵلا چوارتایی یە، کە تیزی ماستەر و دکتۆراکەیشی هەر لە سەر ئەم کتێبەیە، و دوای کارەکەی خۆیشی زۆر لێبڕاوانە ئێستا سەرقاڵی کاملکردنی سەرجەمی کتێبەکەیە بە لێکۆڵینەوەیەکی ووردەوە و دواتر ئامادەکردنی بۆ چاپ، کە وەک خۆی فەرمووی: هەشت بەرگی گەورە دەردەچێت! ئومێدەوارین مامۆستا لەشساغ و تەمەندرێژ بێت بۆ بە پایانگەیاندنی ئەم پڕۆژە مەزنە، کە مایەی ئاسودەیی ڕۆحییە بۆ خودی دانەر و تەواوی زانایانی کورد بە تایبەتی وەچەی خەمخۆری دانەر (مامۆستا سەییید محەممەدی موصەنیفی چۆڕی) "گۆڕی پڕ نوور بێت" کە ئاواتی لەمێژینەی چاپبوونی ئەم کتێبە بوو، و هەروەها دڵخۆشییەکی گەورەیشە بۆ زانستخوازانی ئەمڕۆ.

**2- سراج الطریق:** دووەم کتێبی مەلا ئەبووبەکری موصەنیفە، لەو کتێبانەی کە ماوون، و لە لەناوچوون ڕزگاربوون، دەربارەی تەصەوف و پاککردنەوەی دڵودەروون نوسیویەتی.




**3- کتێبی (ریاض الخلود).**

**4- کتێبی (طبقات الشافعیە):** ئەم کتێبەیش یەکێکی تر لە دانراوەکانی مەلا ئەبووبەکری موصەنیف، کەتایبەتە بە بیۆگرافیای شەرعزانەکانی مەزهەبی ئیمامی شافعی، و ناوی ئەو زانا و کەڵەپیاو چاکانەی تێدایە کە لەسەرجەم سەدەکاندا تاسەردەمی دانەر سەر بەمەزهەبی شافیعی بوون.

**5- کتێبی (سراج التاریخ):** هەروەک بەناوەکەیدا دیارە کە ئەم کتێبە تایبەتە بە بواری میژوو و باسێکی تایبەتی کردووە بەمیژووی دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام، و بەزمانی فارسی نوسراوە، و بەژیانی پێغەمبەر (د.خ) دەست پێدەکات، ئینجا دێتە سەرباسی فەتحی وڵاتان لەسەردەستی سوپای ئیسلام، هەروەها باسی ڕزگارکردنی کوردستان دەکات، لەلایەن سوپای ئیسلامەوە و پاشان باسی دەوڵەت و میرنشینە کوردییەکان دەکات هەر لەسەدەی یەکەم تا سەدەی حەوتەمی کۆچی، ئەم کتێبە سودی مەزنی زۆری تێدایە و تا ئێستا چاپنەکراوە!

**6- کتێبی (تذکرة السلاطین):** ئەمیش یەکێکی تر لە کتێبەکانی مەلا ئەبوبەکری موصەنیف، باسی ژیان و دەسەڵاتدارێتی سوڵتانەکانی هەورامان دەکات، و لەبواری میژوودایە، و تا ئێستا دەستخەتە و چاپنەکراوە، میژوونوسی مەزن مەلا عەبدوڵلای مەردۆخی (شەیدا) پێی وایە ئەم کتێبە باشترین سەرچاوەیە بۆ میژوووی نوێی هەورامان، و هەروەها نووسەر (موزەفەر بەهەمەن سوڵتانی) لەپێشەکی کتێبەکەیدا بەناوی (میژووی هەورامان) نووسیوێتی: ئەم کتێبەی مەلا ئەبوبەکر لەلایەن کەسێکی ناپاکەوە فڕۆشراوە بەئینگلیزەکان، هەروەها ئەوەیشی درکاندووە کە ئەم کتێبە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە مەلا ئەبوبەکری موصەنیف زانا بووە بە میژووی هەورامان، هەر لەسەردەمی (بەهەمەنی کوڕی نیسفەندیار

**7- نامیلکەی (افتاب عالم):** ئەمیش نامیلکەیەکی شیعرییە بەزمانی فارسی لەپیاهەڵدان و صیفاتەکانی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، ئەم هۆنراوە نامەیە لەئێران لەسالی **1379**ی، هەتاوی، **1998**ی، زایینی چاپکراوە، مامۆستا مەلا محەمەد ئەمینی میرزایی پێشەکی بۆ نووسیوە کە لەزانایانی بەرجەستەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، و ئەم چاپەی لەلایەن بلاو کەرەوەی کوردستان لە شاری (سنە) کراوە، و لە **64** لاپەڕەی مامناوەندایە، شایەنی باسە ئەم کتێبە و هەروەها پەرتووکی (سراج الطریق) و (ریاض الخلود) بەهۆی کۆششی مامۆستا سەییید موحەمەدی موصەنیفی چاپکراون، کەنەوەی مەلا ئەبوبەکری موصەنیفی چۆڕییە.

**نەخشەی بەشێکی کوردستان و ناوچانی ناوچەیەکی بەرفراوانی وڵاتی کوردەواری لەناو کتێبە بەناوبانگەکەی (الوضوح)ی، مەلا ئەبوبەکری موصەنیفدا:**

مەلا ئەبوبەکری موصەنیف ڕایەکی جوانی لە (شەریعەتی ئیسلام - فیقهی ئیسلامیی)دا، هەیە سەبارەت بەزەویوزارەکانی کوردستان، کە ئەم باسە جێگای ڕای جیاوازی شەرعزانەکان بووە بەدرێژایی میژوو، بەڵام مەلا ئەبوبەکر سنوری زەویەکانی کوردستان لەچوارچێوەی خاکی عێراقدا، کە بە (سواد العراق) ناسراوە دیاری دەکات و دەفەرمووێت: زەویەکانی (سواد العراق) کە پێش (عومەری کوڕی خەتاب) خوا لێی ڕازی بێت، تایبەتی کردوون بۆ گەلی عیراق، سنورەکەی لە کوردستانی خۆماندا بریتییە لە (زەهاو - قەڵاکانی جوانڕۆ -دودان - سازان -تشلا - نەوسود و بەشی ڕۆژئاوای کێوی سورێن- ئالان - سیوەیل - گوندی بێژوێ ئەمە سنوری (سواد العراق)ـە، لەهەرێمە شاخاوییەکانی کوردستاندا، و دەبێت خەڵکە کوردەکەی خۆیان سودیان لێوەربگرن و حەڵاڵ و زەڵاڵیانە.

**ژیانئاوایی مەلا ئەبوبەکری موصەنیف:**

زانای پایەبەرز مەلا ئەبوبەکری موصەنیف لەسالی 1014کۆچی، بەرامبەر بە 1605ز لەدنیا دەرچووە و هەر لەوندی (جۆڕ)ی، ناوچەی مەریوان ئەسپەردە کراوە، و لەدوای خۆی مەلا عەبدلکەریمی کوڕی لەجێگاکەیدا دانیشتووە، و ژمارەیەکی بەرچاو لەزانایان و ئەدیبانی کورد و عەرەب سەبارەت بەزانایەتی و خوانەسی مەلا ئەبوبەکر و شیوەنی ژیانئاوایی کردنی شیعریان نووسیوە.

**ژێدەرەکان:**

1- الملا عبدالکریم المدرس، علماونا فی خدمه العلم والدین، چاپی یەکەم، دار الحریه للطباعه والنشر، بغداد، 1983
2- مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، یادی مەردان، بەرکی دووەم، چاپی بەغدا، 1983
3- مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، لێکدانەوەی عەقیدەی مرضیه، چاپی یەکەم، بەغدا، 1988
4- مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بنەماڵەی زانیاران، چاپی یەکەم، بەغدا، 1984
5- مەلا ئەبوبەکری موصەنیف، سراج الطریق و ڕاهنمای اهل تحقیق، چاپی یەکەم، سنە - ڕۆژهەڵاتی کوردستان، 1378 هەتاوی. 6- مەلا ئەبوبەکری موصەنیف، یفتاب عالم و نور خدا، ئامادەکردنی بۆ چاپ: مامۆستا مەلا سەییید محەمەدی موصەنیفی، چاپی یەکەم، سنە -ڕۆژهەڵاتی کوردستان، 1377هەتاوی.
7- الملا ابوبکر المصنف، حیاته و مولفاته و یراوه - مەلا ئەبوبەکری موصەنیف، (ژیان، و کتێب، و بیروڕاکانی)، نووسینی: عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد، ئەحمەدئاوایی، لێکۆڵینەوەی دەرچوون 2005 -زانکۆی سلێمانی - بەشی توێژینەوە ئیسلامییەکان، سەرپەرشتیاری لێکۆڵینەوە: د. سەباح بەرزنجی.
8- حیاه الشیخ معروف النودهی البرزنجی، نووسینی: شێخ محەمەدی خاڵ.
9- محەمەد عەلی قەرەداغی، بوژاندنەوەی میژووی زانایانی کورد لەڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، بەغدا - 1998
10- محەمەد سالح ئیبراهیمی - شەپۆل، ژینـاوەری زانایانی کورد لەجیهانی ئیسلامەتیی، یان گەنجینەی زانست و فەرهەنگ، چاپی یەکەم، سنە - ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
11-مەحمود موصەنیفی، بیۆگرافیای مەلا ئەبوبەکری موصەنیفی چۆڕی، چاپی یەکەم، مەریوان -ڕۆژهەڵاتی کوردستان، 1381 هەتاوی.

* ماستەر لە تەفسیری قورئان، لەزانکۆی سلێمانی

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/9/22 ژمارە (5832)
خەبات

# چەمکی دەوڵەت و چێشتخانەی سیاسیی کورد



سالار حیسامی

شرۆڤە، شیکاری، توێژینەوە، لێکۆڵینەوە و بەراوردکاری، گەلێ بواران دەگرێتەوە، نەک هەر بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی تایبەت بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بگرە ژیانی تایبەتیی ئاژەڵ و پەلەوەر و هەر بوونەوەرێک و تەنانەت سرووشتیش لە خۆ دەگرێ، هەر کام لەوانەش لە سەر ڕیشەیەک ڕواون و چەندین چڵ و پۆپیان لێ دەبێتەوە.. بەڵام ئەوەی نووسەری ئەم دێرانە مەبەستیەتی، نەزانی و کەمتەرخەمیی و خۆویستیی هەندێک لە بەرپرسانی سیاسیکار و سیاسەتوان و سیاسەتمەدارە(بە حکوومی و حزبی و بە بەرهەڵستکارانیشەوە)، کە لە لۆژیکی سیاسیی پێناسەی دەوڵەت و میللەت و سەروەریی نەتەوەیی دوورن، هۆکارەکەشی ئەوەیە: یان غافڵن، یان نایزانن، یان کەمتەرخەمن، یان گیرۆدەی خۆویستی و گەندەڵین، تێشیاندا هەن، خاکی کوردیددا، نەک خواردنی ماوەبەسەرچووش دروست دەکرێ، بگرە جاروبار ژاری ئیرهابی و دژەنتەوەش لە نێو چێشتە هزرییە دەکرێ!.

خۆزاکی هزری، دەبێ جگە لەوەی داهێنان و نوێگەری تێدا ڕەچاو کرابێ، پێویستە ئەو وزە و تینەش بە تاکی کۆمەڵگە ببەخشێ، کە هۆگری ئینتیمای نیشتمانی و سەروەریی نەتەوەیی خۆی بێ. ئەگەر ئەوە گشتگیر نەکرێ، پڕۆپڵیستەکان سواری شەپۆلی نارەزایەتییەکان دەبن و بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و حوکمڕانیی خۆیان زۆر بێ بەزەییانە ئەو ئەسپە سەرکێشە تاو دەدەن.

چەمکی دەوڵەت لە سەدەی شازدەیەمەوە لە سەر دەستی ماکیاڤێلی (1527-1469)واتای سیاسی وەرگرتووە، لێ تا هەنووکەش نەتەوەی کورد، وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە ڕیزبەندی یەکەمی نەتەوەکانی بێ دەوڵەتدایە! هۆکارەکانی نەبوونی کورد بە خاوەن دەوڵەت زۆرن و تەنیا ئەوە نییە کە زلهێزانی جیهان بە مەڤەستی پەیاننامەکانی "سایکس ژ پیکۆ ژ سازانۆف و لۆزان" خاکی کوردیان دابەش کردووە، یان ولاتانی بەرکەوتەی کورد، کوردیان ئاسمیلە و چەپۆکخۆر کردووە، یان هەوڵی پاکتاوکردنی کوردیان داوە، کورد خۆیشی بەشێکی گەورەی هاوکێشەی بێبەشبوونیەتی لە دەوڵەتداری! بێگومان جگە لە کوردکوژان، کەس ناتوانێ خەبات و قوربانییەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان نادیدە بگرێ، بەڵام وێرای ئازایەتی و بەرخۆدانی کورد و قوربانییەکانی، ژمارەی جاش و خۆفرۆش و خاکفرۆشانیشی کەم نەبووە و نییە! سەرەڕای ئەوە، ناومالّی کورد پەرتەوازەیە و نەک حزب و لایەنی سیاسی پێکەوە تەبا نین، بگرە لە ناو هەیکەلی یەک حزبیشدا بالّبالێنێ وایکردووە، لێکترازان و جیابوونەوە ڕووی داوە!

لە پاش دەوڵەتی جوانەمەرگی کۆماری کوردستان(لە ڕۆژهەلاتی ولاتی داگیرکراوی کەرتکراومان)، گەورەترین دەرفەت کە بۆ کورد ڕەخسابێ، گەلپرسیی باشووری کوردستان بوو بۆ سەربەخۆیی و بوون بە خاوەن دەوڵەت، کە هەموو پێکهاتەکانی )بە نەتەوە و ئایینی جیاوازەوە) لە ڕۆژی 25ی سێپتەمبەری ساڵی 2017ی زایینی بەشداریان تێدا کردو بە ڕێژەی زیاتر لە(92%)دەنگیان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی دا، ئەویش لە کاتێکدا کە هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان (بە کەرکووکیشەوە) لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پێشمەرگەدا بوون، بەوەش کورد چیدی پێویستی بە جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراقی بەناو فیدراڵ نەمابوو، بەڵام بەداخەوە دەردەکورد و جاشیزم جگە لەوەی ئەو بەردەبازە گەورەیەی لەق کرد ، بەشێکی زۆری خاکی ڕزگارکراوی باشووری کوردستانیشی هەرزانفرۆش کرد، کە بە خۆینی گەشی سەدان پێشمەرگەی دلێر و ڕۆڵەی نەبەردی گەل ڕزگار کرابوون...

لە دووەم ساڵەهاتی ڕۆژی پرسەروەریان (25ی سێپتەمبەر)دا هیوادارم سیاسییە خۆویستەکانمان ئاوڕێکی جددی لە قوربانییانی گەلەکەمان و شەهیدانی خۆنەویستی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد و پێشمەرگەی گیان لەسەردەست بدەنەوە، بریا سەرکردە خۆنەویستەکانیشمان بتوانن لە چێشتخانەی سیاسەتدا، خۆراکی باشتری هزری بۆ قبوولنەکردن و تەنانەت یەکدی سڕینەوە تەنگی بە میللەتەکەیان هەڵچنیوە!! بۆچی میللەت ؟ لەبەر ئەوەی پشتیان لە میللەت کردووە، بوونەتە عەبدی دەستکەوتی ماددی و عەوداڵی بەرژەوەندیی بەرتەسکی حزبی و شەخسیی خۆیانن و لە سەر حیسابی خەڵک و تەنانەت لە سەر حیسابی هاوسەنگەرانی خۆیان، سەرقاڵی خۆدەوڵەمندکردن و سامان پێکەوەنانن بۆ منداڵی خۆیان و هەر بە خەیاڵیش ببڕێک لە منداڵی شەهیدان و ئاریشەکانیان ناکەنەوە، بەرژەوەندیی گشتییان بەلاوە گرینگ نییە، بۆیە دەبینین هەندێکیان تەنانەت سەر بە ئاخۆڕی کوردکوژاندا دەکەن!! ئەمە بەو مانا نییە، کە لە ناو نەتەوەی کورددا حزبی نەتەوەیی، یان بەرپرسی خۆنەویست بوونی نییە، بەڵام گرفتی گەورە ئەوەیە، ئەو بەرەیە دروست نەبووە، کە هەموو ئەو خۆنەویستانە لە ژێر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوە.

لە چێشتخانەی سیاسەتدا کە خواردنی هزری دروست دەکرێ، پێویستە لە دروستکردنی خواردنی ماوەبەسەرچوو دووری بگرن، بۆ ئەوەی خەڵک ژاراوی نەکەن، بەڵام لە چێشتخانەی سیاسەتی نیشتمانەکەیان بۆ پڕکردنی بەرکی خۆیان دەفڕۆشن!!

جگە لە حوکمڕانانی دیکتاتۆر (بە چەپ و ڕاست، بە ئایینی و سیکۆلارەوە) کە "دەوڵەت" بۆ دەستەبەری خواستی خۆیان و سەرکوتی نەیار و جیا بیرەکانیان بەکار دەهێنن و پێناسەی دەوڵەت پشتگوێ دەخەن، ئەوانی دی کە پاشقول لە زانستی سیاسی نادەن، "دەوڵەت" بۆ گەڕەنتیکردنی ماف و ئازادیی تاک و سەروەریی نیشتمانی، یان نەتەوەیی بەکار دەهێنن.. لە کوردستاندا لایەنە سیاسییەکان (بە چەپ و ڕاستیەوە) نەک نکۆڵی لەو پێناسەیەی دەوڵەت ناکەن، بگرە لە بەرنامە و پەیڕەوی خۆیاندا "ماف و ئازادیی تاک و سەروەریی نیشتمانی"یان جێگیر کردووە، پێداگریشی لەسەر دەکەن. بەڵام چ وەک حزب و چ وەک بەرپرس، بە دەگمەن بەو پێناسەیە پابەندن، هەر ئەوەش وایکردووە، لە بری یەکڕیزی و یەکخستنی ناومالّی کورد، یەکتر نیشتمانەکەیان بۆ پڕکردنی بەرکی خۆیان دەفڕۆشن!!

2- قی ئای پی لە دیدی پەیامە ئاسمانییەکاندا

جەوهەری کاری قی ئایی پی چەندین پرسیار لە خۆ دەگرێ، لەبەر ئەوە دەکرێ لە ڕوانگەی پەیامە ئاسمانی و زانستە مرۆییەکاندا بەراوردێکیان بۆ بکرێت، بەهۆی ئەو جیاوازییە چینایەتییەی کە لە کاری قی ئای پی دا هەیە، چەندین پرسیاری ڕەهەند ئامێز لە خۆ دەگرێت، ئایا قی ئای پی پەیام و زادەی بیری پێغەمبەران و پەیامهێنەران بووە یاخود بەرهەمی دەستی خۆپەرستان و دونیا ویستان بووە؟.

ئەوەی لە میژووی پەیامهێنەراندا بەدی دەکرێت کەم و زۆر پەیوەندیان بە جیاکاری چینایەتییەوە نەبووە و هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکی تایبەت بە خۆیان نەبووە، هەموو هەوڵێکیان بۆ نەهێشتنی جیاکاری چینایەتی و هێنانەدی دادپەروەری تەرخانکردووە، لەو پێناوەدا گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی و ئازارێکی زۆریان لەسەر دەکرێت، لە بەرامبەر پێدانی پارەی زیاتر خزمەتگوزارییەکە بەردەست دەبێت، شوێنی ئەم خزمەتگوزارییە هاوکاتی ئەو خزمەتگوزارییە کە بە شێوەیەکی ئاسایی پێشکێش بە کەسانی ئاسایی دەکرێت، مرۆی ئاسایی بە جیق جیقەی چاوان ئیشەکانی ڕایی دەکرێت و کەسانی گرنگ و پایەداریش بە میق میقەی پارووان ئیشەکەی دەڕوێندرێ.

3- قی ئای پی لە دیدی پەیامهێنەرانداو بەدی دەکرێت کەم و زۆر پەیوەندیان بە جیاکاری چینایەتییەوە نەبووە و هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکی تایبەت بە خۆیان نەبووە، هەموو هەوڵێکیان بۆ نەهێشتنی جیاکاری چینایەتی و هێنانەدی دادپەروەری تەرخانکردووە، لەو پێناوەدا گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی و ئازارێکی زۆریان لەسەر بڵاوکردنەوەی پەیامەکەیان چەشتووە، خواردن و شێوەی ژیانی پەیامهێنەران هاوشێوەی هەژار و هاوڵانی خۆیان بووە، هەر بۆیە دوژمن و نەیارەکانیان لە بڵاوبوونەوەی پەیامەکەیان ترساون، مەترسی ئەوەیان هەبووە کە بە هۆی نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی نێوان مرۆڤەکان دەسەڵاتیان لە ناو بچێت و ئەوانیش وەک کەسێکی ئاسایی تەماشا بکرێن. ئەم سیمایە لە هەموو پەیامە ئاسمانییەکاندا بەدی دەکرێت، هەموو ئاینەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە چینایەتی لە نابوترین نەخۆشییەکانە کە تووشی مرۆڤەکان دەبێت. لەو بارەیەوە نموونەی گەلێک زۆر و زەوەند هەن خودای بالا دەست، پێغەمبەری لە جیاوازی چینایەتی ئاگادار کردۆتەوە. وەک ئەوەی لە سەرچاوەکاندا باسکراوە (بیلالی حەبەشی) پیاوێکی کۆیلە و ڕەش پێست بوو، بە هەموو شێوەیەک ئازار دەدرا، لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام ئازاد کرا و بوو بە یەکەم بانگبێژی پەیامهێنەر و ئیسلام، لەبەر ئەوە سەرانی قوڕەیش دەیانگوت: ئەی محمد ئایە ئەم کەسانە لە گەڵ تۆدا بێن و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئێمەدا دابنیشن، ئەوانە ژێر دەستە و کۆیلەی ئێمە بوونە، چۆن دەبێ لەگەڵ ئێمە دابنیشن. لە ئەنجامی ئەم قسەوباسانەی نێوان گەورە پیاوانی قوڕەیش و پێغەمبەر دا، پەروەردگاری بالا خانەدان، هەژار و بێ پەرواکان پشتگوێ نەخەین. خودا هێشتی و خودا پێداوی دوور لە جیاوازی چینایەتی و خۆ نمایشکردن، کارێکی ئاساییە و لە هەموو سەردەمەکاندا هەبووە، بەڵام ئەوەی ئێستا لە ژێر ناوی قی ئای پی دا دەکرێت، پێچەوانەی پەیامە ئاسمانییەکانە و بە ناوی خزمەتگوزاری تایبەتی تێکەڵ بە پەرستشە ئاینییەکان و بیروباوەڕی باوەڕدارانیش بووە، لەو بارەیەوە چەندەها نموونەی زیندوو بەرچاو هەن، بە ناوی خزمەتگوزاری تایبەتی جیاوازی چینایەتی لە نێوان خەڵکی باوەڕدار دروستبووە و بە شانازییەوە خۆیان پێ هەڵدەکێشن، وای نیشان دەدەن کە ناخۆشی و ئازاری جەستەیی و کاروبارەکانی ژیان وایان لێ دەکات پەنا بۆ ئەو جۆرە خزمەتگوزارییە ببەن، حیکمەتی دادی چینایەتی لە بیر دەکەن و پەرستشی ئاینی پێ ڕایی دەکەن.

بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی لە ڕاست و دروستی ناوەڕۆکی پەیامە ئاسمانییەکان گەیشتبێ بە هیچ شێوەیەک خۆی ناخاتە نێو جیاوازی چینایەتی، جیاوازی چینایەتی کە ئێستا لە ژێر ناوی قی ئای پی دا دەکرێت، لە ڕەفتار و کرداری پەیامهێنەراندا نەبووە، خودای مەزن لە چەندین شوێنی کتێبە پیرۆزەکانیدا و لە هەموو بارودۆخێکدا پەیامبەری ئاگادار کردۆتەوە، فەرمایشتی خۆی بۆ ناردووە، ئەوەی پێڕاگەیاندووە کە نابێ لەبەر قسەی کەسانی پایەدار و دەسەڵاتدار، چینە هەژار و کەمدەرامەتەکانی خۆی فەرامۆش بکات.

3- قی ئای پی لە دیدی بیروباوەڕی ئایدۆلۆژیە مرۆییەکاندا

ڕەنگە کەسانێک هەبن بڕوایان بە پەیامە ئاسمانییەکان بە گشتی و ئایینی ئیسلام بە تایبەتی نەبێت، وای لێکبدەنەوە کە ئایینی ئیسلام و پەیامهێنەکەی بە دواکەوتوو بزانن، بە دروست و مەفای ژیانی نەزانن، بە ڕادەیەکی وا تەماشای بکەن دژ بە بیروبۆچوونی تیۆری چینایەتی بزانن، لەبەر ئەم هۆکارە وا بە باش زانرا کە کورتەیەکی پوختی خزمەتگوزاری قی ئای پی لە ڕوانگەی زانست و ئایدۆلۆژیا مرۆییەکاندا باسبکرێت.

زانست و ئایدۆلۆژیا مرۆییەکان بابەتێکی سنوور فراوانە، ڕووانگە و تیۆرییەکی زۆر قوڵ و جیاوازی تایبەت بە خۆی هەیە، هەندێ لە تیۆرییەکان بە ڕادەیەک فراوانبوونە، گەیشتۆتە ئاستی ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕ، ئەمەش لە ڕوانگەی ڕێبازو تیۆریی ڕابەر و سەرکردەکان جێگەی خۆیان گرتووە ئەو کەسایەتی و بیرمەندانە لە ڕوانگەی تێگەیشتنی خۆیان بۆ ڕووداوەکان بیروبۆچوونەکانیان دەرخستووە، لەسەر بنەمای ئەو بیروبۆچوونانەی کە بۆ ژیان و ڕووداوەکان هەیانبووە، شوێنکەوتەی بیروباوەڕەکانی خۆیان دروستکردووە، هەر سەرکردە و بیرمەندێکی تیۆریی، باسی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و نەهێشتنی چینایەتی کردبێ ئەوە شوێنکەوتەکانی لە ڕووبەر و سنوورێکی فراوانی دونیادا بڵاوبۆتەوە، لە دیارترین و کاریگەرترین بیرمەندەکانی بیری چینایەتی (کارڵ مارکس) (1883 - 1818) بووە، ئەم کەسایەتییە وەک سەرکردە و بیرمەندێکی ڕەوتی چینی کرێکار و کەمدەرامەتەکان دوور لە بنەمای ئاینییەکان ڕۆڵێکی کارای هەبووە، بیروبۆچوونەکانی ئەو لە دروشمە کاریگەرەکانی تاکی کورد و هاونیشتمانییانی کوردستان دروست بکەن. خۆزاکێ، پڕ بێ لە متمانە بە یەکدی و دوورکەوتنەوە لە پەتای خۆویستی و گەندەڵی، ئەو خۆزاکەش کە گیانی کورد پاراو دەکا، دۆزینەوەی ڕێکارەکانی بە خاوەن دەوڵەت بوونو و یەکێ لەو ڕێکارانەش هەڵدانی چەترێکە کە هەمووان بۆ کار و خەباتی پێکەوەیی لە ژێر سێبەریدا کۆببنەوە و واز لە پالپالێن و بالبالێن و یەکدی چزاندن بهێنن.

سەردێڕی ئەم نووسینە باسی زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام خوێندنەوەی بە دەگمەن لە تاقەتی خوێنەری ئەم سەردەمەدایە! بەداخەوە ڕێژەی خوێنەران زۆر کەم بووە، بۆیە بریایەیەک کۆتایی بەم نووسینە هێنا.

# «VIP»

# لە نێوان پەیامە ئاسمانییەکان و ئایدۆلۆژییە مرۆییەکاندا

فاخر عالی خان ئاودەلی



خەباتی چینایەتی بووە. ئەوەی لە نووسین و چالاکییەکانی ئەو کەسایەتییە بە دی دەکرێت، ڤی ئای پی لە کردار و دروشمەکانی ئەودا بەدی ناکرێت، لەبەر ئەوە لە سەرەتای دەرکەوتنی بیروباوەڕەکەی شوێنکەوتوویکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە، بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ بیروبۆچوونەکانی مارکس بۆ ماوەیەکی کاتی کاریگەرییان هەبووە، بەهۆی ئەوەی شوێنکەوتووەکانی لە فەرهەنگ و ڕێبازی ئەو لایان داوە، خەباتی چینایەتی بەرەو بێ هێزی و پوکانەوە چووە، سەرکردە و شوێنکەوتووەکانی ڕێبازەکەی وەک شەیدای خزمەتگوزاری ڤی ئای پی دەرکەوتوون، بە داو و دۆزەوە کارەکانیان بە خزمەتی ڤی ئای پی ڕایی دەکەن.

**ئەنجام:**

- ڤی ئای پی زادەی دەستی خۆپەرست و هەڵپەرستانی دونیای سەرمایەداری و کاپیتالیستوخوازەکانە، بەبێ ڕەچاوکردنی دادی کۆمەڵایەتی و لەسەر هەژماری چینی هەژارەکان خزمەتگوزارییەکانی ڤی ئای پی بۆ خۆیان فەراهەم دەکەن و خزمەت بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان دەکەن.

- هەر کەسێک بڕوادارە پەیامە ئاسمانییەکان بێت یاخود ئایدۆلۆژییە مرۆییەکان، بە هەر ناوێک و لە ژێر هەر بڕوبیانوێک بێت، بیەوێت خزمەتگوزاری ڤی ئای پی بۆ ژیان و کارەکانی بەکار بهێنێت، ئەوە دژ بە پەیامە ئاسمانی و بیروباوەڕە مرۆییەکانە، لەسەر ئەو بنەمایەش سزا و پاداشتی خۆی وەردەگرێت، لەبەر ئەوە هەتا بۆمان بکرێت خۆمان لەم کارە نابووت و ناپەسندەی پەیامە ئاسمانی و مرۆییەکان بە دوور بگرین و پەیامی دادی کۆمەڵایەتی بکەین بە دروشمی مرۆڤایەتی.

# سۆران سۆرانی:
# فیلمی ژێرنووس باشترە لە دۆبلاژ، بێجگە لەوەی هەندێجار هەڵەی ڕێزمانی زۆر دەبیستین لە دۆبلاژ کراوەکان و هەڵەی ڕێزمانی نووسین دەبینین لەژێر نووسەکاندا

دیمانە: هەمزە سەرحان

دەرهێنەر لە سالّی 1970لە شاری سلێمانی لەدایکبووەو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان بەشی زمانی عەرەبی هەر لە سلێمانی تەواو کردووە و لە سالّی 1992وەوە ئەو شارەی بەجێهێشتووەو لە وڵاتی سوریاو تورکیاو یۆنان و هۆڵەندا ژیاوەو لە سالّی 2006هاتۆتە وڵاتی بەریتانیاو لە شارۆچکەی بۆڵتۆن بۆ ماوەی 6سالّ ژیاوەو هەر لەو سالّەوە لەگەڵ دەرهێنەر ئالان ئەمین کاری فیلمسازی دەستپێکردووەو یاریدەدەری ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری مانچستەر کوردیش فیلم فیستیڤالّ بووە کە هونەرمەند ئالان ئەمین دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری فیستیڤالّەکە بووە بۆ ماوەی 76سالّ، لە سالّی 2012سۆران سۆرانی شاری مانچستەرو شارۆچکەی بۆڵتۆن جێدەهێڵێت و ڕووەکاتە شاری لەندەن بۆ خوێندن لە بواری سینەما، 2سالّ لە پەیمانگای لەندەن بۆ هونەرە هەمە جۆرەکان بەرهەمهێنانی میدیای داهێنەر بەشی وێنەی جوڵاو دەخوێنێت و دەبێتە هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمای نیشتمانی بالا ، لە سالّی 2015دەچێتە زانکۆی لەندەن میترۆپۆلیتان لە هەمانکاتدا خاوەنی چەند بڕوانامەو کارێکی دیکەیە، لەم دیمانەیەدا (سۆران سۆرانی) دەرهێنەر باسی کارەکانی و بواری هونەر دەکات:



**بوونی دەقی باش و دەرهێنەر و ئەکتەری بەتوانا ئامێر و تەکنەلۆژیای پێویست بودجەی باش سەنگی مەحەکە بۆ بەرهەمهێنانی فیلم و درامای خۆمالّی**

**ئاستی دەرهێنەرانی کورد بەبەراوورد لەگەڵ دەرهێنەرانی بیانی چۆن دەبینی ؟**

ئاستی دەرهێنەرانی کورد لەگەڵ دەرهێنەرانی بیانی بەڕاستی بەراوورد ناکرێت، بە هۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە، بۆ نموونە لێرە لە دوای ئەوەی دەرهێنەر زانکۆ تەواو ئەکات ئەوە ئەبێت هەوڵبدات تا ماوەیەکی باش جێگەی خۆی بکاتەوە لە کۆمپانیاکانی فیلمسازی کە ئەوەش بۆ دەرهێنەری نوێ کاتێکی باشی ئەوێت تا توانا کانی خۆی بسەلمێنێت، یان لەگەڵ هەندێ دەرهێنەرو بەرهەمهێنەری بەتواناو ناسراوادا کار بکات هەر لە خۆبەخشییەوە تا کارکردن بە پارەیەکی کەم تەنها لە بەرئەوەی ئەزموون پەیدا بکات و ناو بە ناو کورتە فیلمێک بە داهاتێکی کەم دروستبکات و داهێنان بکات تا لە فیستیڤالّەکاندا خەلات بەرێت و وردە وردە بێبێتە یاریدەدەری دەرهێنەر و ئینجا بەرەو کاری دەرهێنان، بە پێی ئەو ئەزموونەی کە خودی خۆم هەمە تا بڵێیت کارێکی ئاسان نییە، هەندێک لە دەرهێنەران ئەگەر بەخت یاریان بێت ئەوە لە یەکێ لە تیڤییە لۆکالییەکان دادەمەزرێن و دەستبەکار دەبن، هەندێکی تریان خۆیان وەک فریلانس کار دەکەن و بەرهەمەکانیان دەفرۆشن بە تیڤییەکان ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر زۆر باش و سەرکەوتوو بێت بەرهەمەکانیان، وەک وتم دەرهێنەر یەکسەر لێرە دوای دەرچوونی لە زانکۆ یان ئەوەتا ماستەر دەهێنێت و لە یەک لە کۆلیجەکان وانە ئەڵێتەوە و لە سالّێکدا یان دوو سالّدا کورتە فیلمێک بە داهاتێکی کەم بەرهەم ئەهێنێت و ئەینێرێتە فیستیڤالّەکان، تاکە تاکەش لێرەو لەوێ هەندێ لە دەرهێنەران کۆمپانیایەکی فیلم دائەمەزرێنن لە سەربنچینەی خێرخوازی و ئەو داهاتەی کە دەستیان ئەکەوێت بۆ دروستکردنی بەرهەمەکانیان لە رێککخراوە خێرخوازیەکان پەیدای ئەکەن. من نازانم دەرهێنەری کورد لە کوردستان چۆن کار دەکەن؟ چونکە تا ئێستا لەوێ کارم نەکردووە، بەڵام دڵنیام کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان هەردوولادا. بۆ ئاستیشیان دیارە کە هەندێجار دەرهێنەری کورد ئاستی باشترە لە دەرهێنەرێکی بیانی و وە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، پێوانەیەکی دروست لە بەردەستدا نیە تا بتوانین ئاستەکان بەوێژدانەوە دیاری بکەین.



دیمانەی کارکردنی لە یەکێک لە کارە هونەرییەکانی دەرهێنەر

**زۆر جاران بەس لە لاوازی کارە خۆمالّییەکان دەکرێت، هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەنگی باش یان ئامێرو تەکنەلۆژیای پێویست ؟**

بێگومان بوونی دەقی باش و دەرهێنەرو ئەکتەری بەتوانا ئامێرو تەکنەلۆژیای پێویست بودجەی باش سەنگی مەحەکە بۆ بەرهەمهێنانی فیلم و درامای خۆمالّی . بەداخەوە کە تا ئێستا لە هیچ یەکێ لەو بەشانەی کە باسمان کردن هیچی بە شێوەیەکی پرۆفیشینالانە فەراهەمنەکراون، بۆ نموونە تا ئێستا ئێمە لە کوردستان بەشێوەیەکی گشتی و لە باشوور بە تایبەتی ئێمە کەسانی پسپۆڕمان نیە کە کاریان تەنها نووسینی سیناریۆ بێت و بە شێوەیەکی پیشەیی سیناریۆ بنووسن و هەروەها لە سەر داهاتەکەی بژین، ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە تا ئێستا دەرچووی زانکۆمان نیە کە ئەو بەشەی تەواو کردبێت، وە ئەگەر هەمان بێت زۆر کەمن و ئەوەش ئەو داواکارییەی کە فیلمساز داوای ئەکات دەستی ناکەوێت و ئەمە جگە لەوەی کە ئێمە بازاڕی فیلم و درامامان نیە ، هەروەها نەبوونی ئەکتەر ی سینەمایی و تەلەفزیۆنیمان دیسان نیە کە هەر وەک سینارستەکە ژیانی لەسەر ئاکتین بێت و بە شێوەیەکی پیشەیی تەنها خەریکی داهێنان بێت لە بوارەکەی خۆیدا هاوکات ئەو ئاکتینانەی هەمانن یان بە خۆرسک بوون بە ئەکتەرو یان باکگراوندێکی شانۆییان هەیە کە ئەمە بە بۆچوونی من زۆر دوورە لە ئاکتین بەرامبەر کامێرا، لەم سالانەی دواییدا وەک ئامێری پێشکەوتوو هەندێک ئەبینین کە بۆ کاری کۆمەر شال بەکار دێن کە ئەمە جێگای دڵخۆشیە، بەڵام هێشتا نگەیشتوتە ئەو ئاستەی کە بتوانرێت سوودیان لێوەربگیرێت بۆ بەرهەمهێنانی فیلم و درامای باش، دیسان کادری پرۆفیشینالّ زۆر زۆر پێویستە.

**دەرهێنەرانی کورد تا چ ئاستێ توانیویانە بەبەرهەمەکانیان چاوی بینەری کورد تێر بکەن و بەلای بەرهەمی خۆمالّیداندا ڕابکێشنەوە ؟**

ئەدات کە هەتا یەکێکیان بۆ میللەتەکەمان باش بێت ئەوە با دەیەهایان بە هەمور جۆرێک کاردانەوە ی خراپی هەبە لەسەر بینەری کورد کە بە هیچ شێوەیەک ئەم درامایانە خزمەتی دۆزی کورد و تەنانەت لە ستایلّیان ناکات، هەنێکیشیان ئەوە بە ئاشکرا کورد و دۆزەکەی زۆر بەکەم سەیر ئەکات و بووە بە بازارێک بۆ فرۆشتنی کالاکانیان یان ئایدۆلۆژیاو تێڕوانییان بۆ دەرهێنەری کورد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەریکە کە کارێکی وا بکات بگاتە ئەو ئاستەی بتوانێت کە هیچ نەبێت بینەری کورد لەگەڵ سینەما و درامادا ئاشت بکاتەوە، بەڵام ئەو لەمپەرانەی کە ڕێگەی لێ ئەگرێت هەموو ئەو هۆکارانەی لە خالەکانی پێشودا باسمانکرد لە بەردەمیدایەو ئەمە بێجگە لە ئەو هەموو درامایانەی کە تیڤیەکانی بە تایبەت باشوور پیشانی بینەری کوردی بە پێی ڕاپۆرتێکی زانستی مالپەری ئێکسپرێس ئەنجامی توێژینەوەیەکی نوێی زانستی کە لە سەر ژمارەیەک خەڵکی چین پیشانی داوە کە لە نێوان خواردنی ڕێژەیەکی زۆر بیبەری تیژ و مەترسی تووشبوون بە نەخۆشی بیرچوونەوە یا خەڵەفان پەیوەندی هەیە. ئەمە لەکاتێکدایە کە زۆربەی خەڵکی جیهان بۆ وەرگرتنی تام و چێژ بە مادەی خۆراکییەکان بیبەری تیژ بەکار دێنن بەڵام خواردنی بیبەری تیژی بۆ سەڵامەتی بە سوودە و خەڵکی ئاگاداری ئەو مەترسییە نین .لە ئێستادا ئەو توێژینەوانەی کە لە چین ئەنجامدراون پیشانی داوە کە خواردنی





## کاریگەری خۆراکی تیژ لە سەر بیرچوونەوە

بەردەوامی چین ، کاریگەری لە سەر پرۆسەی بیرچوونەوە و مەترسی تووشبوون بە خەڵەفان دادەنێت .ئەو توێژینەوانە لە سەر 4583 کەسی سەرووی تەمەن 55سالّ و بە سەرپەرشتی " زومین شی " ، لە زانکۆ قەتەر ئەنجامدرا.توێژینەوەکانی رابردوو ،پیشانی دا بوو کە خواردنی بیبەری توند بۆ دابەزاندنی کێشی لەش و دابەزاندنی فشارخوێنی بەرز بەسوودە ، بەڵام خواردنی ڕۆژانەی زیاتر لە 50گرام بیبەری تیژ ئەوا مەترسی تووشبوون بە نەخۆشی بیرچوونەوە یا خەڵەفان زیاتر دەبێ.

## مۆبایلی بەهێز بۆ یارییە ئەلیکترۆنییەکان

کۆمپانیای Xiaomiی چینی، مۆبایلی Black Shark 2 Proئاشکرکرد، کە بەهێزترین مۆبایلە بۆ یارییە ئەلیکترۆنییەکان.مۆبایلەکە دیزاینێکی جوانی هەیەو دروشمی Black Sharkلەسەر نووسراوەو چەند گلّۆپێکیش لەسەر ڕووی دەرەوەی مۆبایلەکە هەیە.مۆبایلی Black Shark 2 Proپرۆسێسەری جۆری Snapdragon 855 Plusئەوەشی لەسەرەو رامەکەی 12گیگابایتەو تەکنەلۆژیای Liquid Cool 3.0 + تێدایەو لەگەلّ بوونی 6.39AMOLEDDCDimming 2.0. دیقە (2340/1080) پێکسلّو دوری "19:9"، باتریەکەشی 4000میلی ئەمپێرە.کامێرای سەرەکی مۆبایلەکە سێ عەدەسەی هەیەو تواناکەی (12+48) میگاپێکسلّەو کامێرای پێشەوەش تواناکەی 20میگاپێکسلّە.





# ئەروا

## ناهێڵم شەزا حەسون بەشداری لە بەرنامەکەم بکات

گۆرانبێژو هونەرمەندی ناوداری یەمەنی ( ئەروا ) کە ئێستا یەکێکە لە پێشکەشکارە بەناوبانگەکان، دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی ئاشکرای کردووە کە لە منداڵی زۆر نائومێد بووەو بە زیرەکی خۆشی ئەندازیاری بیناسازی تەواو کردووە، جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە هەرگیز ئامادە نیە گۆرانبێژی عێراقی ( شەزا حەسون ) لەبەرنامەکەی بانگهێشت بکات، چونکە وەک ئەروا دەڵێ: ( شەزا حەسون ) کاتێک لە بەرنامەی (لەو) کە لە کەناڵی ( ئێم بی سی) پێشکەش دەکرا بانگهێشت کرابوو، لەدوای بەرنامەکە زۆر سوکایەتی پێکردووە گوایە بە ئەنقەست پرسیاری بریندارکەری لێکردووە، کە دواتر کێشەی نێوانیان لەلایەن دادگاوە یەکلایی کرایەوە.

## ناوبژیوانی پاڵەوانێتییەکە لێدوانی بۆ «خەبات» داوە

# پاڵەوانێتی لاوانی شەترەنجی جیهانی لە ئیسپانیا بەڕێوەچوو

ڕاپۆرت: هاوار مورتکەیی

هەفتەی رابردوو پاڵەوانێتی لاوانی شەترەنجی جیهانی لە هۆڵی سالۆبرینا لە شاری گرانادای ئیسپانی بەڕێوەچوو، لەمبارەیەوە سۆنیا کوبلیزی خانمە ناوبژیوانی ئەو پاڵەوانێتییە لە لێدوانێکی تایبەتیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات سەبارەت بەم پاڵەوانێتییە گوتی: پاڵەوانێتییەکە تایبەت بوو بۆ تەمەنەکانی خوار 18 -16 -14و بەشێوەی بلیتز و ڕاپید بەڕێوەچوو، کە 120شەترەنجزان بەشداریان کردبوو، هەروەها ئەم پاڵەوانێتییە ماوەی 6 ڕۆژی خایاند و گەورە ناوبژیوانی جیهانی تاکیس نیکۆلۆپاولۆس سەرپەرشتی دەکرد، بۆ منیش مایەی خۆشحاڵی بوو کە یەکێک بووم لە ناوبژیوانانی ئەم پاڵەوانیتییە جیهانییە و زۆر شتی گرنگ فێربووم و توانیم لەم ئەزموونەشمدا سەرکەوتوو بم.

جیی باسە سۆنیا کوبلیزی خانمە ناوبژیوانی ئیسپانی لەگەل لیدوانەکەیدا تەواوی زانیاری و ئەنجامی کۆتایی پاڵەوانێتیەکەی بۆ ناردین.

ئەمەی خوارەوەش ئەنجامی کۆتایی پاڵەوانێتییەکەیە:

*** خوار 18ساڵان کوڕان:**

ڤان فۆرێست لۆکاس گراند ماستەری هۆڵەندی پلەی یەکەم

نگۆیان ئانها خۆی لە ڤێتنام پلەی دووەم

فرانسیسکۆ سۆنیس لە ئیتاڵیا پلەی سێیەم

*** خوار 16ساڵ کوڕان:**

هۆرڤارت دۆمەنیک لە نەمسا پلەی یەکەم

پیرێر کۆنستانتین لە نەمسا پلەی دووەم

جان سۆبیج لە سلۆڤینیا پلەی سییەم

*** خوار 14ساڵ کوڕان:**

گاریدۆ ئەلیکس لە ئیسپانیا پلەی یەکەم

بازێرستریتۆڤا لە ڕووسیا پلەی دووەم

تادیۆسیان لە ئیسپانیا پلەی سییەم

*** خوار 18ساڵان کچان:**

ئانا ئەفۆناسیڤا لە ڕووسیا پلەی یەکەم

مێریا پێرێز لە ئیسپانیا پلەی دووەم

هۆنۆراتا کوچارسکا لە پۆڵەندا پلەی سێیەم

***خوار 16ساڵان کچان:**

ڕیبیکا جیمینیز لە ئیسپانیا پلەی یەکەم

ڤیڤیانا گالڤان لە ئیسپانیا پلەی دووەم

نوسا هیرکۆگ لە سلۆڤینیا پلەی سییەم

*** خوار 14ساڵان کچان:**

ماچتیلد ڤان فۆرێست لە هۆڵەندا پلەی یەکەم

لولو ژوا لە ئیسپانیا پلەی دووەم

هێلینا کلارا لە ئیسپانیا پلەی سێیەم





# یارییەکانی ئەمشەوی خولەکانی ئەورووپا



*** خولی ئینگلیزی:**

وێستهام یونایتد- مان یونایتد 4:00

کریستال پالاس- وۆلڤیر هامپتۆن 4:00

ئەرسنال- ئەستۆن ڤیلا 6:30

چێلسی- لیڤەرپوول 6:30

***خولی ئیسپانی:**

خیتافی- ریال مایۆرکا 2:00

ئیسپانیۆل- ریال سۆسیداد 3:00

ڤالانسیا- لیگانیس 5:00

ئەتلەتیک بیلباو- ئالاڤیس 7:30

سیڤییە- ریال مەدرید 10:00

***خولی ئیتاڵی:**

بۆلۆنیا- ڕۆما 4:00

لیتچی- ناپۆلی 4:00

سامپدۆریا- تۆرینۆ 4:00

ئەتلانتا- ڤیۆرنتینا 7:00

لازیۆ- پارما 9:45

***خوای ئەڵمانیا:**

بروسیا مونشنگلادباخ- فۆرتۆنا دوسلدۆرف 4:30

ئینتراخت فرانکفۆرت- بروسیا دۆرتمۆند 7:00

***خوای فرەنسا:**

رین- لیل 4:00

لیۆن- پاریس سان جێرمان 10:00

# ئەرکی مامۆستایانی وەرزش لە ساڵی نوێی خوێندندا

ژیلا تەیفور

دەرگای قوتابخانەکان کرانەوە، قوتابییەکان و مامۆستاکان دوای بەسەر بردنی پشووی هاوینە، ئەمڕۆ دەست بە قوناغی نوێی خوێندن دەکەن، لەسەرەتای ساڵی نوێی خوێندن، هەر مامۆستایەک بەپێی وانە قۆناغ ئاستی تێگەیشتنی قوتابی پلانی ساڵانەی دادەڕێژێت.

وەرزش بنیاتی پەروەردەی دروستی تاکە، قوتابیان مێشک و جەستە لەم وانەیە بەکار دەهێنن، جیاواز لەهەموو وانەکانی قۆناغی خوێندن، پێویستە مامۆستای بابەت زیاتر گرنگی بە ئەرکەکەی بدات، ساڵانە هەر لەسەرەتاوە پلان و شێوازی نوێ و گونجاو کە لەگەڵ ئاست و بارودۆخی قوتابییەکان گونجاوبێت، سوود و چێژی لێوەر بگرن.

وانەی وەرزش لە قۆناغە بنەڕەتییەکان بکرێت بەوانەیەکی سەرەکی و ڕۆژانە لە ڕێگەی وەرزشەوە وزەی منالان خاڵی بکرێتەوە و پەروەردەیەکی تەندروست و دروستیان فێربکرێت، هاوکات چێژ بەخشین بێت بە قوتابیان، ئەرکی مامۆستای وەرزشە ساڵانە خۆی نوێ بکاتەوە و نوێکاری و داهێنان لە شێوازی پەروەردەکردن و وەرزشکردن بە قوتابیان فێر بکات.

پێویستە وەزارەتی پەروەردە لە پشووی هاوین ساڵانە خولی جۆراوجۆر بۆ مامۆستایانی وەرزش بکاتەوە بە مەستی ئاگادار بوون لە شێوازی نوێ ی ڕاهێنان و شیکردنەوەی سووە تەندروستی و دەروونییەکان و فێکردنی ئەو یارییانەی کە کات و شوێنی کەمیان پێویستە لە هەمان کاتدا منالان چێژی زۆری لێوەردەگرن و سودێکی زۆری بۆ لایەنی تەندروستی هەیە.

کەموکوڕی پێداویستی وەرزشی قوتابخانەکان زۆرن، بەڵام مامۆستای لێهاتوو دەتوانێت بە بەهرەکانی تەواوی بۆشاییەکان پڕبکاتەوە، هەر لەسەرەتاوە قوتابییەکانی بە باشترین شێوە بۆ فیستیڤاڵ و بۆنە ورزشییەکان ئامادە بکات وەکو یانەیەکی بچوک مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، ڕۆژانە هەنگاو بە هەنگاو مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکات.

کەمتەرخەمی مامۆستایان نەبوونی پلانی نوێ و داهێنان لە وانەی وەرزش گرنگی نەدانی وەزارەتی پەروەردە بەوانەی وەرزش وایکردووە ساڵ دوای ساڵ بڵێین خۆزگەمان بە پار.

## لەدەستپێکی خولی نایابی عێراقدا:

# هەولێر لەیەکەم یارییدا لەناو یاریگا و بەردەم جەماوەرەکەی دوو خاڵی لەدەستدا

## زاخۆش لەیەکەم هەنگاویدا بەرامبەر مینا سەرکەوتوو نەبوو

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

بەروارى 19/9کاروانی خولی نایابی تۆپی پێی عێراق لەسەرتاسەری شارەکان بەڕێوەچوو، لەیەکەمین یارییدا و لە یاریگای نێو دەوڵەتی فرەنسۆ هەریری، یانەی وەرزشی هەولێر میوانداری لەیانەی وەرزشی نەفتی باشوور کرد، هەولێر لەنێو یاریگا وهاندەرانی خۆیدا لەیەکەمین یاری خۆیدا بەرانبەر یانەی نەفتی باشوور بەبێ گۆڵ یەکسانبوون.

هەولێر بەسەرپەرشتی ئەکرەم سەڵمانی ڕاهێنەر لەیەکەمین یاری و لەیەکەمین گەڕی خولەکەدا متمانەی لەسەر پێکهاتەیەک کرد کە خۆی بروای پێ هەبوو، بەتایبەتی لەهێڵی هێرشبردن هەر یەک لەیاریزانان حسین عەبدولواحد،ئاسۆ ڕۆستەم،کریستوفر،بارزان شێرزاد لەئاستی خۆیاندا نەبوون کە بتوانن تۆری تیپی بەرانبەر بهەژێنن، ئەگەرچی تیپی میوان واتە نەفتی باشوور تیپێکی ئاسان نییە ، بەڵام هەولێر لەنێو یاریگاو هاندەرانی خۆیدا نەیتوانی لەیەکەمین تاقیکردنەوەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و دڵی هاندەران جۆش و خرۆش بکات، بەمشێوەیە هەردوو گێمی یارییەکە بەبێ گۆڵ تۆمار کردن کۆتایی هات و هەردوو یانە بەخاڵێکی یارییەکە بەناچاری رازی بوون، هەولێریش بەم ئەنجامە تەنها یەک خاڵی وەرگرت و وبۆ یاری داهاتوو واتە ئەم پێنجەشەمەیە هەولێر دەبێتە میوانی کاربا لەشاری بەغدا.

لەیاری دووەمدا یانەی زاخۆ لەشاری بەسرە ڕووبەرووی یانەی مینا بووەوە، یانەی مینای خاوەن یاریگا و هاندەر توانیان ئەنجامی یارییەکە لەبەرژەوەندی خۆیان کۆتایی بهێنن و بەئەنجامی تاکە گۆڵێکی بێ وەڵام لەزاخۆ ببەنەوە، بەم ئەنجامە یانەی مینا لەیەکەمین یاریدا 3 خاڵی گرینگی دەستەبەر کرد.

ئەنجامی یارییەکانی دیکە بەمشێوەیەبوو:

کەرخ *3تەڵەبە 2

نەجەف *2کەربەلا 2

ئەلقاسم *1نەفت 0

نەفتی ناوەراست *3دیوانیە 1

شورتە *2حدود 1



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 22. Sep. 2019 No: (5832)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر


## ئامانجی ئەم فێستیڤاڵە لەپێناو ئاشتی و پێکەوەژیانی گەلانە

# رانیە.. شەشەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی کولتووری جیاوازەکان بەڕێوەچوو





بە چاودێریی وەزیری ڕۆشنبیریی و لاوانی هەرێمی کوردستان، بەڕێوبەرایەتی گشتیی لاوان، سەنتەری رایەڵ بۆ ئاڵوگۆڕی کولتووریی، شەشەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی کولتووری جیاوازەکان لە شاری رانیە (130) کم باکووری سلێمانی) دەستپێکرد.لەشەوی یەکەمی فێستیڤاڵەکەدا کە لە پارکی دەروازەی رانیە بەڕێوەدەچێت،جگە لە گوتاری کردنەوەی فێستیڤاڵ و پێشوازییکردن لە میوانەکان، ژمارەیەک لە گرووپە بەشدارەکانی فێستیڤاڵ نمایشی کولتوور و هونەری خۆیان بۆ ئامادەبووان کرد و شەوی دووەم و سێیەمیش بەشێکی دیکەی گرووپە بەشدارەکان بە هەمان شێوە نمایشی کولتوور و هونەری خۆیان دەکەن.تیپە بەشداربووەکانی شەشەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی کولتووری جیاوازەکان، بریتین لە تیپی نیشتمان بۆ ڕۆشنبیری و هونەر و فۆلکلۆر لە میسر، بەڕێوەبەرایەتی کەلەپوور و هونەرە میللییەکانی هەولێر، تیپی نیشتیمانیی هونەرە میللیەکانی عێراق، نمایشی گرووپی هونەری شروستی هیندستان، گرووپی هرای قوچان لە خوراسان، تیپی مۆسیقای ئەمازیغەکانی مەغریب (نجوم سوس و فاتمە تمنارت)، گرووپی لەیزین سەما بالی سلێمانی، تیپی عمون بۆ هونەری میللی لە وڵاتی ئوردن، تیپی شاریای هونەری میللی ( ئیزیدی)، دەستەی هەڵپەڕکێی نیشتمانیی کوردستان، گرووپی میوزیکی نیگار بۆ هونەری مەکسیک و ئەمریکای لاتین، گرووپی مۆزیکی چلکەزی لە شاری دهۆک، تیپی شاریای هونەری کەرکوک، گرووپی دریا دلان جنوب لە ئێران، تیپی میوزیکی رانیە، تیپی میوزیکی کچانی رانیە.سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵەکە، دانا ڕەزگەیی، لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: " فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی کولتووری جیاوازەکان ڕووداوێکی هونەری و کولتووریی گەورەیە و لەسەر ئاستی جیهان، تیپە میللییە کولتوورییەکان بەشدارن، و نمایشی کولتووری تایبەت بەخۆیان دەکەن، ئامانجی ئەم فێستیڤاڵەش لەپێناو ئاشتی و پێکەوە ژیاندایە لەنێوان گەلاندا".دانا ڕەزگەیی گوتیشی: "لە ماوەی 10 ساڵدا ئەوە شەشەم فێستیڤاڵە کە لە شاری رانیە بەڕێوەدەچێت، بەهۆی شەڕی داعشیشەوە لەماوەی ئەم چەند ساڵەی رابردوو فێستیڤاڵەکە ئەنجامنەدرا. فێستیڤاڵەکە لە لۆکاڵیی و ناوخۆییەوە ئێستا بووەتە فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتیی کە هەشت وڵات تێیدا بەشدارن جگە لە تیپی ناوخۆیی، ئەم تیپانەش هەریەکەیان نمایشی کولتووریی ڕەسەنایەتی وڵاتەکەی خۆی دەکات".لە دەستپێکی فێستیڤاڵەکەدا ژمارەیەکی زۆر میوان و دانیشتووانی ناوچەکە ئامادەی بینینی چالاکییەکان بوون، ڕەزگەیی لەوبارەیەوە گوتی: "ئەمساڵ کوالیتی فێستیڤاڵەکە ئاستێکی نێودەوڵەتیی هەیە، بۆیە پێشبینی ئامادە بوونی ژمارەیەکی زۆری جەماوەری فێستیڤاڵەکەمان دەکرد".ئاماژەی بەوەشکرد، ئامانجیان لە سازکردنی فێستیڤاڵەکە لێکنزیکردنەوە و تێکەڵکردنی کولتووری جیاوازەکانە لە نێوان وڵاتانی بەشداری فێستیڤاڵدا.سەنتەری رایەڵ بۆ ئاڵوگۆڕی کولتووری، ساڵی 2010 دامەزراوە، کار لە بواری ئاڵوگۆڕی کولتووری لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکات. تا ئێستاش چەندین پەیوەندیی و پڕۆگرامی کولتووریی لەگەڵ ئەمریکا، لوبنان، ئوسترالیا، تورکیا و چەند وڵاتێکی دیکە ئەنجامداوە، سالانەش فێستیڤاڵی کولتووریی بۆ کولتووری جیاوازەکان ڕێکدەخات.



## یادی هونەرمەندی پێشمەرگە
## (مەرزیە فەریقی)

دەنگێک پڕاوپڕ لە سۆزی ژن و لە میهرەبانی ئافرەت و لە ئاوازی شیرینی کوردی ، خاتوو ( مەرزیە شەهاب عەبدوڵا ) ساڵی 1958لە شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە ژیان هەڵهێناوە ، بۆ خوێندنی مامۆستایی ڕووەدکاتە شاری سنەو لەوێ خوێندن تەواو دەکات و بڕوانامەی دبلۆم بە دەست دێنێت دەبێتە مامۆستا ، لەسەرەتای دەستپێکی کاری هونەریەوە کاریگەری دەنگی هەردوو هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستایان ( کەریم کابان ) و قادر کابانی ) لەسەر بووە ،مەرزییە مامۆستا بووە لە گوندێکی نزیک شاری مەریوان ، ساڵی 1978لەگەڵ هونەرمەند مامۆستا ( ناسری ڕەزازی ) ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن ، خاتوو مەرزیە لەبەر هۆکاری کاری سیاسی و چالاکی مەدەنی زیندانی کراوەو پاشان کاری مامۆستایی لێ سەندراوەتەوە ، لە ساڵی 1980لەگەڵ مامۆستا ناسری هاوسەریدا دەبنە پێشمەرگە و یەکەم سروودی ناوداری ( سلاو بۆ پێشمەرگە ) تۆمار کرد ، ساڵی 1985 وەک پەنابەر ڕوو دەکەنە وڵاتی سوید ، خاوەنی چەندین گۆرانی دیارو ڕێچکەی تایبەتی خۆی بووە ، ڕێکەوتی _ 18 2005 _ 9لە وڵاتی سوید کۆچی دوایی کرد ..

**ڕێوار هەورامی**

## دوکان.. شانۆی پەیکەری ئاڵتونی نمایشکرا

**بەرهەم شێخ عزەدین**

تا لەژیاندان پەڕاوێز دەخرێن، بەڵام دوای مردنیان پەیکەریان بۆ دروستدەکرێت"شانۆی پەیکەری ئاڵتونی ، لە قەزای دوکان نمایش کرا . کە لە نووسنی ئومێد کەمال و دەرهێنانی ئاکار بەکر و نواندنی گیڤارا جەبار بوو ، شانۆیی (پەیکەری ئاڵتونی ) باس لە نەهامەتیەکانی نووسەر و شانۆکارێک دەکات، کە دوای نووسینی چەندان کتێب و کاری هونەری لەکۆتای تەمەنی دا .. لە لایەن کۆمەڵگاوە پەراوێز دەخرێت و دەکەوێتە بەر تانە وتەشەر و گاڵتە پێکردن .. بەڵام دوای مردنی پەیکەرێکی ئاڵتونی بە پارەیەکی خەیاڵی بۆ دروست دەکرێ،ئەم کارە سێیەمین جارە لە سەر شانۆ نمایش دەکرێت و گرووپی شانۆی دوکان ئەم جارە جیاوازتر کاری تیا کردوە ..



## نافورەی تریف

**تەحسین کەرکوکی**

**نافورەی تریف، بەناودارترین نافورەی جیهان دادەنرێت لە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیایە.**

ئەم نافورەیە ناسراوە بە نافورەی بەدیهاتنی ئاواتەکان.دروستکراوە لەلایەن ئەندازیاری بیناسازی (نیکۆلا سێڵفی)لە ساڵی .1735لەمیانەی سەفەرێکی هاوینەمان بۆ وڵاتی ئیتالیا بۆ چەند شوێنێکی میژوویی ئەم وڵاتە . لەوانە لەم شوێنە خەڵکێکی زۆرمان بینی پشتیان لە ئاوەکە دەکردو هەندێ پارەی ووردە(سەنت) یان تێ فڕێ دەدا وەک بۆ ئەوەی مرازێک یان خۆزگە و ئاواتێکیان هەبێت بەو ئامانجەی بەدی بێت.ڕۆژانە بە هەزاران گەشتیار ڕوو لەو شوێنە دەکەن و زۆربەیان پارەی تێدەکەن.ژمارەکان وای دەرئەخەن کۆکردنەوەی ڕۆژانەی 2000یۆرۆ کەمتر نییە.هەروەها ساڵانە بە نزیکەی یەک ملیۆن یۆرۆ دەخەملێنرێت و ئەو بڕە پارەیە دەگەڕێتەوە بۆ شارەوانی ڕۆما. (تێبینی لەبنەڕەتدا ئەو شوێنە کانیاوێک بووە) کانی ئاو.



## بێ خەوی ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی مێشک و دڵ زۆر دەکات



لە ڕۆژنامەی زی گاردیەن ئاماژەبەوەدراوە کە ، ئەنجامی دوایین توێژینەوەکانی دامەزراوەی کارۆلینسکا لە وڵاتی سوید پیشانی داوە کە ، کەم خەوی مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ، و جەڵتەی مێشک زیاتر دەکات. کێشەی کەم خەویی یا بێ خەویی کە بە " ئینسۆمانیا" ناسراوە وا دەکات کە ئەو کەسە بە شێوەی بەردەوام تووشی کەم خەویی یا بێ خەویی ببێتەوە و ئاستی توانایی جەستەیی کەم دەبێتەوە .توێژینەوە پزیشیکەکان کە لە سەر یەک میلیۆن و 300 هەزار کەس ئەنجامدراون ، پیشانی داوە کە کێشەی بەرز خەویی ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی دڵ و مێشک بە ڕێژەی بەرچاو کەم دەکاتەوە. نەخۆشییەکانی دڵ بە گرنگترین هۆکاری مردن لە سەر سەرانسەری جیهان هەژمار دەکرێن و جەڵتەی مێشکیش وا دەکات کە بۆ ماوەیەکی کەم گەیشتنی خوێن بۆ مێشک دروست ببێت .لەو حاڵەتەدا ڕێرەویی ئۆکسیژن و مادە خۆراییەکانی تر بۆ مێشک کەم دەبێتەوە .بەشێک لە خانەکانی مێشک تووشی زیان دەبنەوە .کەم خەویی زیانێکی زۆر بەر مێشک دەگەێنێت ، توێژەران جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە پێوستە هەموو ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی کەم خەویی و بێ خەویی بە خێرایی چارەسەر بکرێن ، چونکە بێ خەوی گشت بەشەکانی لەش دەکاتە ئامانج و کاریگەرییان لە سەر دادەنێت و دەبێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشییە متابۆلیکی و بەتایبەت نەخۆشی شەکرە .